# خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5806) چوارشەممە 7ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


# وەزیرێکی هۆڵەندا بەڵێنی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی داوە بۆ دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش


**ساسان دەروێش- هۆڵەندا**

چەکدارانی داعش لە 3ی ئابی 2014دا هێرشیان کردە سەر شنگال و گوندەوارەکانی و بە هەزاران هاووڵاتی سڤیلی ئێزیدی دەستگیر و کۆمەڵکوژکران و ناوچەکەشیان بەهۆی شەڕیان تالانکردن کاولکرا، لە چەند رۆژی رابردووشدا پەرلەمانی کوردستان 3ی ئابی وەک رۆژی یادکردنەوەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکانی دیاریکرد.

هەروەها لە یادی 5 ساڵەی ئەو کارەساتەشدا سەرۆک بارزانی لە بەشێکی پەیامەکەیدا دەڵێت: کارەساتی شنگال بەپێی هەموو پێوەرەکان جینۆسایدە و پێویستە لەناوخۆ و دەرەوە هەوڵەکان چڕبکرێتەوە بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەو کارەساتە و دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی ڕفێندراوان.

هەروەها سەرۆک بارزانی جەختیش دەکاتەوە ئەم تاوانە بە نێودەوڵەتی بکرێت بە بڕیاری بەجینۆسایدکردنی. وەزارەتی شەهیدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا پەیوەندیدارەکانی کاروباری کوردانی ئێزیدی و زۆر لە چالاکوانی کوردستانیان و کوردانی ئێزیدیش خۆیان و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانیان لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و گوتەی شاهیدحاڵەکان و ڕزگاربووانی دەستی تیرۆریستان بۆ ئەوەی پێشکەشی کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی وڵاتانی زلهێزەکانی دنیایان بکەن.

**زیاتر لە ل4 بخوێنەوە**






**لە هەڵمەتی داڕێک بچێنە و ژینگەیەکی تەندروست بەدەست بێنە**

**نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان: پیسبوونی ژینگە مەترسییەکی گەورەیە لە جیهانداو دەبێ چارەسەر بکرێت، جیهان پێویستی بە هەماهەنگیی زیاتر و تێگەیشتنێکی باشترە لەو مەترسییە**

پارکی سامی عەبدولڕەحمان- هەولێر 2019/8/6

## دانیشتووانی هەولێر گلەیی لە جیاوازی نرخی ئەمپێری کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان دەکەن 7

## حکوومەت پڕۆژەیاسای بودجەی گشتی بۆ ساڵی داهاتوو ئامادە دەکات

## بڕیاردەری لیژنەی دارایی: کاری لەپێشینەی حکوومەت دابینکردن و مسۆگەرکردنی مووچەی ساڵی داهاتوو دەبێت



بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بڕیارە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەیاسای بودجەی گشتی بۆ ساڵی داهاتوو ئامادە بکات، بەڵام چاوەڕێ دەکات تا پشکی هەرێم لە پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراقدا یەکلا دەکرێتەوە. محەمەد سەعەدین، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بڕیارە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەیاسای بودجەی گشتی بۆ ساڵی داهاتوو ئامادە بکات و دواتر ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت و ببێتە یاسا.


بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان گوتیشی: لە ئێستادا حکوومەتی هەرێم چاوەڕێی ئەوە دەکات پشکی هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراقدا یەکلابکاتەوە و دواتر پشکی هەرێم لە بەغدا و لەگەڵ داهاتی ناوخۆ کۆدەکاتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی هەرێم ئامادە دەکرێت. سەعەدین باسی لەوەش کرد، کاری لەپێشینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دابینکردن و مسۆگەرکردنی مووچەی ساڵی داهاتوو دەبێت، بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەمساڵ لە کاتی خۆی و مانگانە مووچە دابەش بکات.

### غەفوور مەخموری:
### مەسرور بارزانی خاوەن ڕوانینێکی سەردەمییانەیە بۆ شێوازی حوکمداری و بەڕێوەبردنی وڵات 3

### کچانی هەڵەبجە بوونە پاڵەوانی خولی لاوانی باسکەی کوردستان



15



### دۆخی شنگال خراپە و ئەمن و ئاسایشی لێ نییە

3

## وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق: ئەو ئاوەی لە میانی ئەمساڵدا عەمبارکراوە، بەشی دوو ساڵ دەکات

وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق ڕایگەیاند، ئەو ئاوەی کە لە میانی ئەمساڵدا عەمبارکراوە، بەشی دوو ساڵ دەکات و ئامانجی بەوەشدا کە عێراق لە کانوونی دووەمی ڕابردووەوە داوای لە تورکیا کردووە دەست بکات بە پرکردنەوەی بەنداوی ئەلیسۆ. لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا، وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق ڕایگەیاند کە ڕێژەی عەمبارکردنی ئاو لەمساڵدا گەیشتووەتە 438 لەسەدا.

وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوکردووە، ئەو ئاوەی لە میانی ئەمساڵدا، عەمبارکراوە بەشی دوو ساڵ دەکات بە تایبەتیش بۆ کشتوکاڵ، خواردنەوە، پیشەسازی، شارەوانییەکان و ژینگە.

**(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

### پاسەپۆرتی هەولێر لەسەر ئاستی هەرێم بەپلەی یەکەم دێت و لەماوەی شەش مانگی ئەمساڵدا 89 هەزار و 339 پاسەپۆرتی بە هاوڵاتیان داوە 6

## پیلانێکی ئاشکرا

**سەلام عەبدوڵلا**

تا (16)ی ئۆکتۆبەری 2017 هەرگیز نە حکوومەتی عێراق و نە عەرەب نە تورکمان لە کەرکووک، نەک داوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگایان نەدەکرد، بەڵکو بە ئاشکرا دژایەتیشیان دەکرد، کەچی دوای (16)ی ئۆکتۆبەر کە زۆربەی خەڵکی ڕەسەنی کەرکووک دەڕەپڕێندرا، بە خێرایی پڕۆسەی تەعریب و نیشتەجێبوونی نایاسایی جارێکی تر دەستپێکردەوە کە لە ماوەیەکی کورتدا خەریکە تەواوی دیموگرافیای کەرکووک لە بەرژەوەندی خۆیان دەگۆڕن، بۆیە وا بە پەلە پڕۆژێ داوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەتایبەتی لە کەرکووکدا دەکەن، ئەمەش دوای ئەوەی کە بە هەزاران عەرەبی هاوردەیان هێنایەوە کە قەرەبووش، لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە، کرابوون و بە خواست و ڕەزامەندی خۆیان کەرکووکیان بەجێهێشت و بۆ شارو گوندەکانی خۆیان گەڕابوونەوە، بەڵام هەر دوای ئەو کارەساتەی بەسەر کەرکووکدا هێنرا، ئەوا بە بڕیاری ڕاکان جبوری و خودی حکوومەتی عێراقی، هەموو ئەوانە مۆڵەت بە گەڕانەوەیان دراو داوا لە خەڵکە ڕەسەنەکە دوای چەندین ساڵ نەهامەتی گەڕابوونەوە سەر زێدی باو باپیرانیان مولک و مالی خۆیان چۆڵ بکەن.

جا نەک تەنیا ئەمە، بەڵکو کۆمەڵێ هەوڵی دوژمنکارانە درا بۆ ناچارکردنی جوتیاران و دانیشتوانی گوندە کوردەکانی نزیک کەرکووک، ئەویش بە سووتاندنی دەغڵ و دانیان کە بڕێوی ساڵانەی خۆیانیان پێ پەیدا دەکرد، ئەوانیش ناچار کران کە گوندەکانیان بەجێ بهێڵن.

پڕۆسەی تەعریب زۆر بە خێرایی بەردەوامەو ڕۆژانە عەرەبی هاوردە و خەڵکانی تر دەهێنرێتە کەرکووک و هەر بە وتەی کۆمپانیای خۆراکی کەرکووک لە ماوەی ئەم (7) مانگەدا چل هەزار کەسی تازە ناوی لە کەرکووک تۆمار کراوەو کە مافی دەنگدانی پێدەدرێت.

بۆیە حزبە کوردییەکان و دانیشتوانی ڕەسەنی کەرکووک بەهیچ جۆرێک نابێ قبوڵی ئەو هەڵبژاردنە بکەن تا بارودۆخی کەرکووک بە تەواوی ئاسایی دەکرێتەوەو هەموو ئەو بڕیارە چەوتانەی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو لەپێناو بە عەرەب کردنی کەرکووک و دەروبەریدا دابووی پووچەڵ دەکرێتەوەو سەرژمێری 1957 دەکرێتە سەرچاوەی دۆزینەوەی دانیشتوانی ڕەسەنی کەرکووک.

دەنا بەم شێوەیەی ئێستا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کورد کەمدەکرێتەوەو عەرەب زیاد دەکرێت ئەوا هەر لە ئێستاوە ئەنجامەکان ئاشکرایە کە لە بەرژەوەندیی عەرەب و حکوومەتی عێراق دەبێ، هەرچەند حکوومەتی عێراق دەڵێ با جارێ هەڵبژاردن بکرێ و پاشان بە تۆماری دەنگدەراندا بچنەوە کە بڕیارێکی چەوت و بێ مانایە، لێرەدا دەڵێین گەر تورکمانەکان وا دەزانن بەم هەڵبژاردنە نائاساییە سوودمەند دەبن زۆر هەڵەن، چونکە لە کۆتاییشدا ئەوانیش زەرەرمەند دەبن، چونکە حکوومەتی عێراقی هیچ حیسابێکیان بۆ ناکات و کەرکووک بە شارێکی عەرەبی لە قەڵەم دەدات هەموو بیرمانە هەڵوێستی تاریق عەزیز لە تورکیا لە کۆتایی ساڵی هەشتادا کە چۆن لە ئەنقەرە لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسانی تورکدا وتی: ((لە عێراقدا تورکمان نییە)).. و لە زەمانی بەعسیشدا دەبوو تورکمان نەتەوەکەیان بە عەرەب بگۆڕن گەر دەیانەوێت لە کەرکووک بمێنن.



## خانەقین... لە تەقینەوەیەکدا چەکدارێکی حەشدی شەعبی کوژرا

لە گوندێکی نزیک شاری خانەقین، بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبیلێکی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیدا تەقییەوە و بەو هۆیەوە چەکدارێک گیانی لەدەست داوە و چەکدارێکی دیکەش بریندار بووە. ئەبوومونتەزر، فەرماندەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە سنوری شاری خانەقین رایگەیاند: دەرنگانی ئێوارەی دوینێ لە گوندی شێرکی سنووری خانەقین بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبیلی هێرەکانی حەشدی شەعبیدا تەقییەوە. گوتیشی: بەهۆی ئەو تەقینەوەوە چەکدارێکی حەشدی شەعبی کوژراوەو و یەکێکی دیکەش بریندار بووە. فەرماندەکەی حەشدی شەعبی راشیگەیاند: ئەوان ناوچەکەیان گەمارۆ داوە و هیچ چەکدارێکی داعشیان لە ناوچەکە نەبینیوە.

### خۆپێشاندانی حەشدی شەعبی گەیشتە باشووری مووسڵ

# ژمارەیەک فەرماندە بۆ کۆتاییهێنان بە ئاژاوەکان گەیشتنە مووسڵ



چەکدارانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی خۆپێشاندانەکانیان فراوان دەکەن و لە شارەدێی نەمرووديش دەستی پێ کرد. بەپێی زانیارییەکان، سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە چەکدارانی حەشدی شەعبی بە جلی مەدەنی و سەربازی لە شارەدێی نەمرودی لە باشووری شاری مووسڵ دەستیان بە خۆپێشاندان کرد. ئەمەش بەهۆی ئەوەی بڕیاری دەرکردنیان لەناو شاری مووسڵ دراوە، رۆژی دووشەممە 2019/8/5ش

هێنان بە گردبوونەوەکە، چوونەتە ناوچەکە، بەڵام حەشدی شەعبی، کە ژمارەیەکیان بە جلی مەدەنی وەک هاوواڵاتی بۆ پشتگیریی حەشد لەوێ بوون، بە سووتاندنی تایە و دانیشتن لەسەر شەقام، رێگرییان لەو هێزەی سوپای عێراق کردووە. هەر بەهۆی ئەم گرژیانەوە بارودۆخی ئەمنی شاری موسڵ شڵەژاوە و مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی حەشد و سوپا هەیەو هەردوولا هێزیان لە ناو شاری موسڵ کۆکردۆتەوە. دوای نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممەش، عوسمان غانمی، سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، جومعە عیناد حەلجبووریی فەرماندەی هێزی وشکانیی عێراق و فالح فەیاز، سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، گەیشتنە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا. ئەو فەرماندە عێراقییانە هەوڵی چارەسەرکردنی بارودۆخەکە و رازیکردنی میلیشیاکانی حەشی شەعبی بە بڕیارەکانی عادل عەبدولمەهدی، دەدەن.

جێی باسە دوای هەرەسهێنانی سوپای عێراق، زیاتر لە60 میلیشیا تائیفی لەژێر ناوی حەشدی شەعبی و بە فەتوای ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق دروست کران. لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند رۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد. مانگی ڕابردووش سەرۆکوەزیرانی عێراق داوایکرد، لەماوەی مانگێکدا چەکدارانی حەشد تێکەڵ بە سوپا و پۆلیسی عێراقی بکرێنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو هێزانە ئامادەنین بڕیارەکە جێبەجێبکەن.




## تەمپ بانگەوازی ئیدانەکردنی ڕەگەزپەرستی سپی دەکات

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەمپ باسی لەو هێرشانە کرد کە کۆتایی هەفتە لە ویلایەتەکانی تێکساس و ئۆهایۆ ئەنجامدران و بەپێویستی زانی "ڕەگەزپەرستی سپی "لە لایەن هەمووانەوە ئیدانە بکرێت. سەبارەت بەو هێرشانەی لە شارەکانی ئیل پاسۆ و دایتۆن رووياندا و بە هۆیانەوە 29 کەس گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکی زۆریش بریندارببوون، تەمپ لە کۆشکی سپی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدا.

تەمپ باسی لە یاسا "نەرم "ەکانی چەک کرد لە ولاتەکەیدا و ئاماژەی بەوە کرد کە فرۆشتنی چەک پێویستی بە یاسایەکە پێشنیازی لێکۆڵینەوە توندتر بکات لە رابردووی کەسەکە. تەمپ هیچ وردەکارییەکی نەخستەڕوو لەبارەی ئەو یاسایەوە و گوتی: بەڵێنی چارەسەری بەپەلە دەدەین. سەرۆکی ئەمەریکا ئەوەشی خستەڕوو کە فەرمانیداوە بە کۆنگرێس پرۆژە یاسا ئامادە بکات بۆ لەسێدارەدانی خێرای ئەو هێرشکەرانەی هێرشی هاوشێوە ئەنجام دەدەن.

لە لایەکی دیکەوە، تەمپ ئاماژەی بەو گوتە ڕەگەزپەرستانە کرد کە ئەنجامدەری هێرشەکی ئیل پاسۆ پێش ئەنجامدانی هێرشەکە لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاویکردبووەوە و گوتی: 'دەبێت گەلەکەمان بە یەک دەنگ رق و دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی سپی ئیدانە بکات. پێویستە شکست بەو ئایدۆلۆجییە شەیتانییە بهێنرێت.

جێی باسە کۆتایی هەفتە لە شاری ئیل پاسۆی سەربە ویلایەتی تێکساس، هێرشێکی چەکداری کرایە سەر ناوەندێکی بازرگانی و بە هۆیەوە 20 کەس کوژران و 26ی دیکەش بریندارببوون. دوای چەند کاتژمێرێکیش لە شاری دایتۆن سەربە ویلایەتی ئۆهایۆ هێرشێکی چەکداری لە نزیک بارێک ئەنجامدرا و تیایدا نۆ کەس کوژران. دوای لێکۆڵینەوە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئەمەریکا، ئاماژە بەوە کرا کە هەردوو هێرشەکە هەڵگری "ڕەگەزپەرستی سپی "بوون.



## عێراق.. لێکۆڵینەوە لە رووداوی هەڵاتنی بەندییەکانی بەندیخانەیەکی لە بەغدا دەکرێت

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق فەرمانی گرتنی بۆ13 کارمەند دەرکرد کە پێنجیان ئەفسەرن بەهۆی هەڵاتنی14 بەندی لە بەندیخانەیەک لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، لانی کەم 14 بەندکراو لە بنکەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان هەڵاتبوون. ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوو: دادگا ڕێککاری یاسایی گرتووەتەبەر و فەرمانی گرتنی بۆ پێنج ئەفسەر و هەشت کارمەندی دیکە دەرکردووە، دوای ئەوەی 14 تۆمەتباری مادده‌ی هۆشبەر لە بەندیخانەیەکی ڕۆژهەڵاتی بەغدا هەڵاتن.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە ژمارەی هەڵاتووەکان14 تۆمەتبار بووە کە لەنێویاندا هەبووە بە 10 سال بەندکردن سزادراوە. ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق جەختی لەوە کردووەتەوە کە شەش لە هەڵاتووەکان دەستگیرکراونەتەوە و هەشتەکەی دیکە هێشتا دەستگیرنەکراونەتەوە. هەر لە بەیاننامەکەدا ئەوەش ئاشکراوە کە دادگا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ هەڵاتووەکان دەرکردووە و گشتاندنیشی پێکردووە.

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی ئاماژەی بەوەشکردووە کە زۆربەی هەڵاتووەکان بە بازرگانی کردن بە مادده‌ی هۆشبەر تۆمەتبارن و بەپێی مادده‌ی 28 لە یاسای ژمارە 50ی سالی 2017 مادده هۆشبەرەکان و کاریگەرییە هۆشمەندییەکان بەندکرابوون.

## وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق: ئەو ئاوەی لە میانی ئەمسااڵدا عەمبارکراوە، بەشی دوو ساڵ دەکات



وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق ڕایگەیاند، ئەو ئاوەی کە لە میانی ئەمسااڵدا عەمبارکراوە، بەشی دوو ساڵ دەکات و ئاماژەی بەوەشدا کە عێراق لە کانوونی دووەمی ڕابردووەوە داوای لە تورکیا کردووە دەست بکات بە پرکردنەوەی بەندەکانی ئەلیسۆ. لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا، وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق ڕایگەیاند کە ڕێژەی عەمبارکردنی ئاو لەمسااڵدا گەیشتووەتە 438 لەسەدا.

وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیادا ئاماژەی بەوکردووە، ئەو ئاوەی لە میانی ئەمسااڵدا، عەمبارکراوە بەشی دوو ساڵ دەکات بە تایبەتیش بۆ کشتوکاڵ، خواردنەوە، پیشەسازی، شارەوانییەکان و ژینگە. پێشتریش وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق ئاشکرایکردبوو لە ئەنجامی ئەو بارانە بەخورێی کە ولاتەکەی گرتەوە، زۆربەی بەندەکانی سەر ڕووباری دیجلە پڕبوون. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ڕابردووەوە داوای لە تورکیا کردووە، دەست بکات بە پرکردنەوەی بەندەکانی ئەلیسۆ لەسەر ڕووباری دیجلە.

فۆتۆ هەواڵ



## بەغدا... لە ئاکامی تەقینەوەیەک ئەفسەرێک و چوار سەرباز کوژران و بریندارببوون

# غەفوور مەخموورى: مەسرور بارزانى خاوەن روانینێکى سەردەمییانەیە بۆ شێوازى حوکمدارى و بەڕێوەبردنى وڵات

## گەلى کوردستان ئومێدێکى زۆرى بە کابینەى نۆیەمى حکوومەتى کوردستان هەیە



غەفوور مەخموورى سکرتێرى گشتیى YNDK لە چاوپێکەوتنێکیدا لە بەرنامەى "هنا عمان"ى رادیۆى ئوردەن باسى لە رەوشى کوردستان و پێکهێنانى کابینەى نۆیەمى حکوومەتى کوردستان و پەیوەندى نێوان هەولێر و بەغدا کرد و، گوتى گەلى کوردستان ئومێدێکى زۆرى بە کابینەى نۆیەمى حکوومەتى کوردستان هەیە.

ئێوارەى دوێنێ سێشەمە، غەفوور مەخموورى سکرتێرى گشتیى YNDKلە لایەن راگەیاندنکارى ناسراوى ئوردەن و بەڕێوەبەرى پرۆگرامەکانى رادیۆى ئوردەن (فەڵ معارک) بۆ بەرنامەى (هنا عمان)ى رادیۆى ئوردەن میوانداریى کرا و، لە گفتوگۆیەکى فراوان سەبارەت بە رەوشى کوردستان و پێکهێنانى کابینە نۆیەمى حکوومەتى کوردستان و بەرەوپێشەوەچوونى پەیوەندییەکانى نێوان هەولێر و بەغدا و هەوڵەکانى کابینەى نۆیەم لە بوارى چاکسازى و چارەسەرکردنى قەیرانەکانى کوردستان گفتوگۆیان کرد، سەبارەت بە رەوشى سیاسیى کوردستان گوتى: لەدواى پێکهێنانى کابینەى نۆیەمى حکوومەتى کوردستان گەلى کوردستان بە ئومێدێکى زۆرەوە دەڕوانێتە دواڕۆژى خۆى، بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتى بەڕێز مەسرور بارزانى سەرۆکى حکوومەتى کوردستان، کەوا کەسایەتییەکى جدیدیە لە کارکردن و خاوەن روانینێکى سەردەمییانەیە بۆ شێوازى حوکمدارى و بەڕێوەبردنى وڵات، هەر لە سەرەتاوەش بەرنامەیەکى گشتگیر و هەمە لایەنى بۆ حکوومەتەکەى راگەیاند ئەمانە هەموو وایانکردووە کەوا خەڵکى کوردستان ئومێدێکى زۆرى بە کابینەى نۆیەمى حکوومەتى کوردستان هەبێت. هەروەها سەبارەت بە پەیوەندى نێوان هەولێر و بەغدا گوتى : یەکەم کارى بەڕێز مەسرور بارزانى سەرۆکى حکوومەتى کوردستان ئەوەبوو سەردانى بەغداى کرد و، بە حکوومەتى عێراقى گوت ئێمە هاتووین بۆ چارەسەرى تەواوى پرسە هەڵواسراوەکانى نێوان هەولێر و بەغدا، دەتوانین بڵێین ئەو سەردانەى مەسرور بارزانى زۆر دەرگا و گرێکوێرەى کردەوە، دواى سەردانەکەى مەسرور بارزانى شاندى حکوومەتى عێراقیش سەردانى هەولێریان کرد، ئێستاش چەند لێژنەیەکى هاوبەش پێکهێنراون بۆ چارەسەرى پرسى ناوچە دابڕێنراوەکانى کوردستان و پرسى نەوت و بودجە و بوارەکانى دیکە.

لە دریژەى چاوپێکەوتنەکەدا مەخموورى راشیگەیاند: بەڕێز مەسرور بارزانى سەرۆکى حکوومەتى کوردستان بەرنامەیەکى فراوانى هەیە بۆ ئەنجامدانى چاکسازى لە تەواوى بوارەکانى بەڕێوەبردن و کارگێڕى و نەهێشتنى گەندەڵى، پێشکەشکردنى خزمەتگوزارییەکى زیاتر بە هاووڵاتیان.

## دۆخى شنگال خراپە و ئەمن و ئاسایشى لێ نییە

# قاسم دەڕبۆ: دەبێت بەغدا ئەرکى سەرشانى جێبەجێ بکات و هاوکارىى شنگالییەکان بکات



لە چیاکان و بەشێکیان لە کەمپەکانن، بەغدا لە بەرانبەر ئاوەدانى بۆ شنگال و ئێزدییەکان کەمتەرخەمە و ناکرێت حەشد و پەکەکە لە شنگال بن و داواش بکرێت ئێزدییەکان بگەڕێنەوە. قاسم دەڕبۆ راشیگەیاندووە: حکوومەتى هەرێمى و کوردستان بەدەم شنگالییەکانەوەیە لە کاتێکدا دەبێت بەغدا ئەرکى سەرشانى جێبەجێ بکات و هاوکارىى شنگالییەکان بکات، بەڵام نایکات، یان نایەوێت، یان دەیەوێت دۆخى ئەو شارە وەک ئێستا بمێنێتەوە، ئەمە جگە لەوەى هەبوونى ئەو هێزانە ناستەنگیان لەبەردەم نیدارەى شەرعیى شنگال داناوە و ڕێگا بە گەڕانەوەى ئاوارەکان نادەن. دەڕبۆ گوتیشى: شنگال بووەتە ئامانج و لە هەر ئەگەرێکدا ڕەنگە دۆخەکە لەوە زیاتر تێک بچێت.

بەرەوپێشەوەچوونى پەیوەندییەکانى نێوان هەولێر و بەغدا و هەوڵەکانى کابینەى نۆیەم لە بوارى چاکسازى و چارەسەرکردنى قەیرانەکانى کوردستان گفتوگۆیان کرد، سەبارەت بە رەوشى سیاسیى کوردستان گوتى: لەدواى پێکهێنانى کابینەى نۆیەمى حکوومەتى کوردستان گەلى کوردستان بە ئومێدێکى زۆرەوە دەڕوانێتە دواڕۆژى خۆى، بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتى بەڕێز مەسرور بارزانى سەرۆکى حکوومەتى کوردستان، کەوا کەسایەتییەکى جدیدیە لە کارکردن و خاوەن روانینێکى سەردەمییانەیە بۆ شێوازى حوکمدارى و بەڕێوەبردنى وڵات، هەر لە سەرەتاوەش بەرنامەیەکى گشتگیر و هەمە لایەنى بۆ حکوومەتەکەى راگەیاند ئەمانە هەموو وایانکردووە کەوا خەڵکى کوردستان ئومێدێکى زۆرى بە کابینەى نۆیەمى حکوومەتى کوردستان هەبێت. هەروەها سەبارەت بە پەیوەندى نێوان هەولێر و بەغدا گوتى : یەکەم کارى بەڕێز مەسرور بارزانى سەرۆکى حکوومەتى کوردستان ئەوەبوو سەردانى بەغداى کرد و، بە حکوومەتى عێراقى گوت ئێمە هاتووین بۆ چارەسەرى تەواوى پرسە هەڵواسراوەکانى نێوان هەولێر و بەغدا، دەتوانین بڵێین ئەو سەردانەى مەسرور بارزانى زۆر دەرگا و گرێکوێرەى کردەوە، دواى سەردانەکەى مەسرور بارزانى شاندى حکوومەتى عێراقیش سەردانى هەولێریان کرد، ئێستاش چەند لێژنەیەکى هاوبەش پێکهێنراون بۆ چارەسەرى پرسى ناوچە دابڕێنراوەکانى کوردستان و پرسى نەوت و بودجە و بوارەکانى دیکە.

لە دریژەى چاوپێکەوتنەکەدا مەخموورى راشیگەیاند: بەڕێز مەسرور بارزانى سەرۆکى حکوومەتى کوردستان بەرنامەیەکى فراوانى هەیە بۆ ئەنجامدانى چاکسازى لە تەواوى بوارەکانى بەڕێوەبردن و کارگێڕى و نەهێشتنى گەندەڵى، پێشکەشکردنى خزمەتگوزارییەکى زیاتر بە هاووڵاتیان.



## حەسەن روحانى: ئەگەر شەڕى ئەمەریکا و ئێران ڕووبدات ئەوە دایکى شەڕەکان دەبێت

## تێپەڕبوونى نەوت لە گەرووى هورمزەوە بەرامبەر بە تێپەڕبوونى نەوتە بە گەرووى جەبەل تاریق



**عەبات- مەریوان نەقشەندى**

بۆ یەکەمجار حەسەن روحانى باسى رازیبوون بە گفتوگۆى دووقۆڵى لەگەڵ ئەمەریکا کرد و مەرجى هەڵگرتنى سزاکانى لەسەر وڵاتەکەى دانا پێش هەر گفتوگۆیەک. دوێنێ سێشەمە لەکۆنگرەیەکى ڕۆژنامەنووسیدا حەسەن روحانى سەرۆکى ئێران ڕایگەیاند: ئەگەر ئەمەریکا دەیەوێت گفتوگۆمان لەگەڵ بکات ئەوا دەبێ پێش ئەوە سزاکانى سەر ئێران هەڵبگرێت. گوتیشى، ئەگەر شەڕى ئەمەریکا و ئێران ڕووبدات ئەوە دایکى شەڕەکان دەبێت، ئەگەر ئاشتیش لەنێوان ئەمەریکا و ئێران بکرێت ئەوە دایکى ئاشتى دەبێت و ناوچەکە و جیهان بەیەکجارى سەقامگیر دەبێت. سەرۆکى ئێران ئاماژەى بەوەش کرد کە سزاکانى سەر ڕێبەرى ئێران، ئایەتوڵڵا عەلى خامنەیى و وەزیرى دەرەوە زەریف نیشانیدا ئەمەریکا ڕاستگۆ نییە لەبارەى دانوستان و گوتى: دەڵێن خوازیارى دانوستانین بەبێ پێش مەرج، بەڵام ڕۆژى دواتر سزا دەخەنە سەر ڕێبەرى باڵاى شۆڕش. ئەو کاتە چۆن دانوستان بکەین؟ ئەگەر دانوستانیش پەسەند بکەین کێ بڕیارى کۆتایى دەدات لە بارەى ئەوەوە؟ ئێوە دەستوورى ئێمە دەزانن. بەبێ ڕەزامەندى ڕێبەر دانوستان چۆن دەکرێت؟ پاشان دووبارە دەڵێنەوە خوازیارى دانوستانن. دواتر سزا دەخەنە سەر وەزیرى دەرەوە. دانوستان لەگەڵ کێ دەکەن؟ بەڕپرسى دانوستانەکە وەزیرى دەرەوەیە. ئەگەر ڕۆژێک بڕیارى دانوستان بدەین هەر ئەو گفتوگۆتان لەگەڵ دەکات.

ڕوحانى لە دریژەى کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەیدا کە محەمەد جەواد زەریف وەزیرى دەرەوەى ئەو وڵاتەش ئامادەبوو گوتى: چیتر کەشتییەکانى بەریتانیا ڕێگەیان پێنادرێت بەگەرووى هورمز تێپەڕێت هەتا ئەوکاتەى ڕێگە بەکەشتیە ئێرانییەکان دەدرێت کە بەگەرووى جەبەل تاریق تێپەڕن. ڕوحانى گوتیشى: ئاشتى لەبەرامبەر ئاشتییە و شەڕیش لەبەرامبەر شەڕە و گەرووى هورمز لەبەرامبەر گەرووى جەبەل تاریقە و تێپەڕبوونى نەوت لە گەرووى هورمزەوە بەرامبەر بە تێپەڕبوونى نەوتە بە گەرووى جەبەل تاریق.

# هێزەکانى عێراق نایانەوێت لە ناوچەکانى کوردستان بەرەنگارى داعش ببنەوە



تیرۆریستانى داعش لە ناوچە سوننەنشینەکانى عێراق و ناوچە کوردستانییەکانى دەرەوەى ئیدارەى هەرێمى کوردستان دەستیان بە کارى تیرۆریستى کردووەتەوە و خۆیان ڕێک خستووەتەوە، شارەزایەکى گرووپە تۆندڕەوەکان دەڵێ، سەرهەڵدانەوەى داعش پێوەندیى بە شیعە و سوننە و وڵاتانەوە هەیە.

سۆران سێوکانى، شارەزاى گرووپە تۆندڕۆکان، بە ماڵپەڕى فەرمیى پارتیى ڕاگەیاندووە: دووبارە سەرهەڵدانەوەى و خۆڕێکخستنەوەى داعش لە پارێزگا سوننەکانى عێراق بۆ ئایدیۆلۆژیاى داعش دەگەڕێتەوە لەو ناوچانە و ڕەتکردنەوەى هێز و حکوومەتى شیعە لە لایەن هاووڵاتیانى سوننەى عێراقەوە، شیعە بە ئەقڵى تۆڵە و مەزهەبى لەگەڵ سوننە مامەڵە دەکەن، ئەو هێزانەى عێراق لە حەشدى شەعبى و هێزەکانى تر لەسەر بنەماى مەزهەبى و تۆڵە پەروەردە کراون.

وڵاتانى ئیقلیمى و نێودەوڵەتییش نایانەوێت بە تەواوەتى داعش کۆتاییى پێ بێت و بەردەوام وەک کارتى فشار بەکارى دەهێنن. سۆران سێوکانى دەشڵێت: مانەوە و سەرهەڵدانەوەى داعش لە ناوچە کوردستانییەکانى دەرەوەى ئیدارەى هەرێمى کوردستان پێوەندیى بەوەوە هەیە کە ئەو هێزە عێراقییانەى لە ناوچەکەدا هەن، نایانەوێت بەرەنگارى داعش ببنەوە، تا ڕادەیەکیش دەیانەوێت بە بوونى داعش لە ناوچە کوردستانییەکان وا لە هاووڵاتیانى کورد بکەن زێدى باب و باپیرانى خۆیان جێبهێڵن، بۆیە تەنیا بڵێیت ئیدارە لە شنگال نییە، چونکە حەشد و پەکەکە ڕێگا نادەن خەڵک بگەڕێنەوە زێدى خۆیان، کەواتە دەبێ بەغدا دەرک بەوە بکات کە مانەوەى لە شنگال و هاوکارىى پەکەکە ڕێگەخۆشکەرە بۆ نەگەڕانەوەى شارەکە و دۆخى شنگال خراپە، ئیدارەى شارەکە لەوێ نییە، ئەمن و ئاسایش نییە و ئێزدییەکان پەرتوبڵاو بوون، بەشێکیان چوونە ئەوروپا و بەشێکیان پێشمەرگە دەتوانێت لە ناوچە کوردستانییەکان زامنى سەرهەڵدانەوە و کۆتاییهێنان بە داعش بکات. سێوکانى بڕواى وایە: وڵاتان دەستیان لەو شێوەیەى ئێستایدا هەیە و ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وڵاتان دەیانەوێت داعش وەک کارتى فشار دژ بە یەک و دژ بە نەتەوە و حکوومەتى عێراق بەکاربێنن.

### چالاکوانێکی ئێزیدی داوا دەکات هەنگاوی کردەیی بندرێت بۆ دادگاییکردنی چەکدارانی داعش لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا

# وەزیرێکی هۆڵەندا بەڵێنی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتیی داوە بۆ دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش

## حەسۆ هورمی: عێراق دادگایەکی خاوێنی نییە تا بتوانێت دۆسیەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان یەکلایی بکاتەوە

**ساسان دەرویش- هۆڵەندا**

چەکدارانی داعش لە 3ی ئابی 2014دا هێرشیان کردە سەر شنگال و گوندەوارەکانی و بە هەزاران هاووڵاتی سڤیلی ئێزیدی دەستگیر و کۆمەڵکوژکران و ناوچەکەشیان بەهۆی شەڕ یان تاڵانکردن کاولکرا، لە چەند رۆژی رابردووشدا پەرلەمانی کوردستان 3ی ئابی وەک رۆژی یادکردنەوەی جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکانی دیاریکرد.




هەروەها لە یادی 5 ساڵەی ئەو کارەساتەشدا سەرۆک بارزانی لە بەشێکی پەیامەکەیدا دەڵێت: کارەساتی شنگال بەپێی هەموو پێوەرەکان جینۆسایدە و پێویستە لەناوخۆ و دەرەوە هەوڵەکان چڕبکرێتەوە بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەو کارەساتە و دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی ڕفێندراوان. هەروەها سەرۆک بارزانی جەختیش دەکاتەوە ئەم تاوانە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و گوتەی شاهیدحاڵەکان و رزگاربووانی دەستی تیرۆریستان بۆ ئەوەی پێشکەشی کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانی وڵاتانی زلهێزەکانی دنیایان بکەن.

حەسۆ هورمی، یەکێک لەو چالاکوانانەی بەردەوام کار لەسەر ئەو پرسە دەکات، وەک ڕۆژنامەنووسێکیش خاوەنی چەند پەرتووک و لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو رووداوە، لەمبارەیەوە بۆ خەبات دەڵێت: لە 3ی ئابی ساڵی 2014دا ئەو تاوانە کۆمەڵکوژییەی شنگال بەسەر کوردانی ئێزیدیدا هات، وەک جینۆسایدکردن و بۆ لەناوبردنمان بوو لەلایەن تیرۆریستانی داعش یاخود دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. هاوکات هورمی وێرای ئەوەی دەڵێت سەری ڕێز بۆ هەموو قوربانییەکان دادەنوێنم، ئاواتەخوازیشە تەواوی رفێنراوان رزگار بکرێن و چارەنوسی هەموو ئەو کەسانەش ئاشکرا بکرێن و بگەڕێنەوە بۆ زێدی باوباپیرانیان لە شنگال و شوێنەکانیان لە کوردستاندا.

ئەو چالاکوانەی ئێزیدییەکان، دڵخۆشییە بەوەی کە 3ی ئاب وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزیدی لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە بە زۆرینەی دەنگی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەنگی لەسەر درا، حەسۆ هورمی ئەو بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان بە پالپشتێکی باش و هەنگاوێکی دەزانێت بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدکردنی کوردانی ئێزیدی و بەڕەو پێشچوونی پرسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە وڵاتانی ئەمریکا و کەنەدا و ئوسترالیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و سکۆتلەندا و گۆنگرێسی ئەمەریکا و چەند بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵی مافی مرۆڤ و پەرلەمانی ئەوروپا و 8 بڕیارەکەی و بڕیاری هەرە گەورەش کۆمەڵگەی ئاسایشی






نێونەتەوەییە کە لێژنەی پێکهێناوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکات. هەروەها وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا لە مانگی مایسی ئەم ساڵدا لە کۆمەڵگەی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای کرد دادگاییکردنی داعشەکان بکرێتە نێودەوڵەتی و بگوازرێنەوە بۆ دادگای لاهایی لە هۆڵەندا، هورمی دەڵێت: ئێمە پالپشتی ئەم وتانەی وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا دەکەین و لە مانگی 6دا وەک چالاکوان و ڕۆژنامەنووسانی ئێزیدی لە هۆڵەندا نامەیەکمان ئاڕاستەی وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا کرد و چەند ڕۆژێکە وەڵامی داوینەتەوە و بەڵێنی پێداوین کە هەموو هەوڵی خۆیان بخەنەکار بۆ ئەوەی بتوانن ئەو دادگا نێودەوڵەتییە دامەزرێنن بۆ دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش.

ئەو چالاکوانە گومان دەکات کە عێراق بتوانێت هاوکار بێت لە پرسی بەجینۆسایدکردنی کوردانی ئێزیدی، لەمبارەیەوە دەڵێت: من باوەڕم بە هەبوونی دادگایەکی عێراقی خاوێن نییە کە بتوانێت ئەم پرسە لەنێو خاکی عێراقدا بەڕێوەبەرێت بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەی بەجینۆسایدکردنی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان، چونکە عێراق ئەندام نییە لە هیچ دادگایەکی نێودەوڵەتی و پابەند نابێت بەم بڕیارە و لە یاسای ئەم وڵاتەشدا ئەم پرۆژەیە بوونی نییە، داواش دەکات کە پێویستە عێراق بەشێک بێت بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی دادگایکردنی سەرانی داعش لە دادگایەکی نێودەوڵەتی، لە نموونەی لاهای لە هۆڵەندا، ئەو دەشڵێت: هەتا دادپەروەری و ئاشتی و سەقامگیری نەبێت، هاووڵاتییانی ئێزیدی ناتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، داواش لە حکوومەتی هەرێم دەکات هەنگاوی کردەیی و زیاتر بنێت بۆ دادگاییکردنی سەرانی داعش لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا.

# داعش هەوڵی گەڕانەوە بۆ عێراق دەدات و حکوومەتیش دەیەوێت ڕێگری بکات

## سەرەڕای بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی، حەشدی شەعبی بەشدار دەبێت لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە داعش

## بە گوتەی بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا بەبێ ئاگاداریی ئەوان هێزێک لە بەعقوبەوە هێندراوەتە ناوچەکەیان



حکوومەتی عێراق هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر چەکدارانی داعش لە بەشێک لە پارێزگاکانی عێراق لە ژێر ناوی ئیرادەی نەسر دەستپێکردووە و ئەوەش لەکاتێکدایە داعش جموجۆڵی لەو ناوچانە زۆرە و سەرقاڵی خۆ ڕێکخستنەوەیە.

بە گوێرەی مالپەڕی دەنگی ئەمەریکا، هەڵمەتە سەربازییەکەی حکوومەتی عێراق ماوەی چەند ڕۆژێکە بە چڕی پارێزگای دیالەی گرتووەتەوە، بەوپێیەی داعش لە ناوچە سونەنشینەکانی ئەو پارێزگایە چالاکە. نازم کەهیە ڕێکخەری پەیوەندیەکانی نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی، بەپێی هەمان سەرچاوە رایگەیاندووە: داعش لە پارێزگای دیالە جموجۆڵی هێندە زۆرە، مەترسی لای حکوومەتی عێراق دروستکردووە. بە گوتەی نازم کەهیە، داعش پلانی هەیە بەشێوەیەکی فەرمی زیندووبوونەوە و گەڕانەوەی بۆ عێراق لە گوندەکانەوە رابگەیەنێت و دەڵێت: هەڵمەتەکەی عێراق بۆ ڕێگرتنە لەو کارەی داعش.

لە گەرمەی هەڵمەتە سەربازییەکەی حکوومەتی عێراقدا لە پارێزگای دیالە، رۆژی دووشەممە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق، سەردانی پارێزگای دیالەی کرد بۆ لە نزیکەوە چاودێریکردنی پرۆسە سەربازییەکە. هەڵمەتە سەربازییەکەی عێراق کە سوپا و حەشدی شەعبی تێیدا بەشدارن، ئەمە سەردەڕای ئەوەی بڕیارە حەشد هەڵوەشێنێتەوە، هەڵمەتەکەی حکوومەت ناوچەکانی دەوروبەری قەزای خانەقین و ناحیەی جەلەولای گرتووەتەوە لەکاتێکدا بەرپرسە ئیدارییەکانی ئەو ناوچانە بێ ئاگان لە وردەکاری پڕۆسەکە.

یەعقوب یوسف لەیبی بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا، ڕایگەیاندووە: ئەو هێزەی هاتوونەتە ناوچەکە بۆ ئۆپەراسیۆن لە بەعقوبەوە هێندراون و ئێمەیان لێ ئاگادار نەکردووەتەوە. بەڵام مەحمود ئەحمەد کە ناوی خوازراوی گوندنیشینێکی دەوروبەری ناحیەی جەلەولایە، گوتوویەتی: بە دڕێژایی شەو تا نیوەڕۆکەی ڕۆژی سێشەممە، هێزێکی زۆر بڵاوەیان پێکرا و ناوچەکەیانپشکنیوە و فڕۆکەش بە بەردەوامی بە ئاسماندا دەسوڕانەوە. گوتیشی: داعش ناو چەم و دۆڵەکانی بۆمبرێژکردووە و هەندێک بۆمب بە هێزە عێراقییەکاندا تەقینەوە و دوو سەربازیش گیانیانلەدەستدا.

هاوکات لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای عێراقدا، ڕۆژی دووشەممە پێشمەرگە و ئاسایشی گەرمیان لە ناحیەی کۆڵەجۆی نزیک شارۆچکەی جەلەولا خرانە حاڵەتی ئامادەباشییەوە

## سەرۆکی گەورەترین باندی مافیایی لە عێراق دەستگیرکرا



سەرۆکی باندێکی گەورەی تاوانکاری کە بە گەورەترین باندی تاوانکاری لە عێراق هەژمار دەکرێت دەستگیرکرا. لە ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی حەشدی شەعبیدا هاتووە، سەرۆکی گەورەترین باندی تاوانکاری لە عێراق و 25 ئەندامی باندەکەی، کە سەربە حەشدی شەعبی بوون دەستگیرکراون. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، سەرۆک باندەکە بەناوی حاجی حەمزە شەمەری و 25 ئەندامی دیکەی باندەکەی کە سەر بە هێزەکانی حەشدی شەعبی بوونە دەستگیر کراون. شەمەری سەرۆکی گەورەترین گروپی مافیایی بوو، کە کاریان کوشتن، هەڵکوتانەسەر ماڵ و دووکانی هاووڵاتیان، بازرگانی مادەدە هۆشبەرەکان، کڕین و فرۆشتن بە ئافرەتان و خاوەنی چەندین قومارخانە و شوێنی لەشفرۆشی بووە. شەمەری چەندین جار پالپشتیی حەشدی شەعبی کردووە و لەلایەن ئەو هێزانەوە سوپاسنامەی ئاراستە کراوە.



## مووسڵ.. دەستگیرکردنی پێنج تیرۆریستی داعش

وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند، پێنج تیرۆریستی داعش لە شاری مووسڵ ناوەندی پارێزگای نەینەوا دەستگیرکراون. گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، لیوا سەعد مەعن لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرایکردووە، پشتبەستن بە زانیاریەکان و هاوکاری هاووڵاتییان، هێزێکی پۆلیسی نەینەوا، پێنج تیرۆریستی داعشیان لە ناوچەی گەڕاج شیمالی بەشی چەپی شاری مووسڵ دەستگیرکردووە. سەعد مەعن ئاماژەی بەوەشداوە کە دەستگیرکراوەکان لە ساڵی 2014دا، چواریان لە بەناو دیوانی جوند سەربە ڕێکخراوی داعش کاریان کردووە و ئەوەی دیکەیشیان لە بەناو دیوانی حوسبە کاری کردووە.

# ئەمەریکا چاکسازیی نوێ لەبارەی ڤیزای وڵاتەکەی دەکات

## هاووڵاتیيانی 38 وڵات دەتوانن بۆ ماوەی 90 ڕۆژ بەبێ ڤیزا بچنە ئەمەریکاوە




لە چوارچێوەی چاکسازی نوێ لە بەرنامەی هەڵگرتنی ڤیزا ئەمەریکا هاووڵاتیيانی 38 وڵات سوودمەند دەبن، ئەو هاووڵاتییانەی لە یەکی ئاداری 2011 و ڕۆژانی دواتر سەردانی هەرێمی کۆرێای باکوور، ئێران، عێراق، سووریا، لیبیا، سۆمالێ و یەمەنیان کردووە یاخود لەوێ بوون، ئیدی لە چوارچێوەی بەرنامەکەدا ناتوانن سەردانی ئەمەریکا بکەن یان قبووڵ ناکرێن. لە چوارچێوەی VWP هاووڵاتیيانی 38 وڵات دەتوانن بۆ ماوەی 90 ڕۆژ بەبێ ڤیزا بچنە ئەمەریکاوە.

هاتنیان بۆ ئەمەریکا ڤیزا وەربگرن.

لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە کە هاووڵاتییانی وڵاتانیVWP کە هاووڵاتییانیان بەخشراون لە وەرگرتنی ڤیزا لە یەکی ئاداری 2011 و ڕۆژانی دواتر سەردانی هەرێمی کۆرێای باکوور، ئێران، عێراق، سووریا، لیبیا، سۆمالێ و یەمەنیان کردووە یاخود لەوێ بوون دەبێت لە ڤیزای ئەمەریکا کە هاووڵاتیيانی 38 وڵات سوودمەند دەبن، ئەو هاووڵاتییانەی لە یەکی ئاداری 2011 و ڕۆژانی دواتر سەردانی هەرێمی کۆرێای باکوور، ئێران، عێراق، سووریا، لیبیا، سۆمالێ و یەمەنیان کردووە یاخود لەوێ بوون دەبێت لە چوونیان بۆ ئەمەریکا ڤیزا وەربگرن.

لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە لە ماڵپەڕی یەکەی پاراستنی سنوور و گومرکی ئەمەریکا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە لە چوارچێوەی چاکسازی نوێ لە بەرنامەی هەڵگرتنی ڤیزا وەربگرن.



# بەریتانیا هاوپەیمانێتی لە دژی ئێران پێکدەهێنێت

**K24:** دۆمینیک راب، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاند، دوای تەواوبوونی پرۆسەی بڕیکست، لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا پەیوەندییەکانیان بەهێز دەکەن و هاوپەیمانێتییەکیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران و ڕووسیا پێکدەهێنن.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، گەشتێکی دیپلۆماسی بۆ وڵاتانی باشووری ئەمەریکا دەستپێکردووە، کە سەردانی کەنەدا و مەکسیک دەکات، چاوپێشی لەوەیە دوای بڕیکست، پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا، پتەوتر بکات.

بەر لە گەشتەکەی، دۆمینیک راب لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئاماژەی بەوەکرد، هەموو هەوڵێک دەدەن، پەیوەندییە ئابووورییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دەرەوەی ئەورووپا بەهێزتر بکەن، جیا لە پەیوەندییە ئابووورییەکان، دەیانەوێت هاوپەیمانێتییەکی بەهێز بۆ پاریزگاریکردن لە یاسا و سیستەمی نێودەوڵەتی و چارەسەری کێشەکان پێکبهێنن، کە بوونەتە "هەرِشە لەسەر ئاسایشی" بەریتانیا.

ئاماژەی بەوەشکرد، هاوپەیمانێتییەکە دەبێتە وەڵامێک بۆ هەڵسوکەوتە هەرِەشەئامێزەکانی ئێران و کارەکانی ڕووسیا، کە بووەتە هۆی تێکدانی سەقامگیری ئەورووپا، یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی هاوپەیمانێتییەکە، بەرەنگاربوونەوەی "تیرۆر و گۆڕانکاری کەشوهەوایە".

ڕۆژی دووشەمە، 5ی ئاب، بەریتانیا ڕایگەیاند، لەگەڵ ئەو تیمە نێودەوڵەتییە دەبێت کە بۆ دڵنیابوون لە جووڵەی بازرگانی لە ئاوەکانی کەنداو بە سەرکردایەتی ئەمەریکا پێکهێنراوە.

### تا دێت جەنگی بازرگانیی لە نێوان ئەمەریکا و چیندا گەورەتر دەبێت

# ئەمەریکا وڵاتی چینی وەک "قۆرخکاری دراو" ڕاگەیاند



چینی وەک "قۆرخکار" ناساندووە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا حکوومەتی پەکین بەوە تۆمەتبارکراوە کە بە دەستوەردان لە بازاڕ، هەوڵی بە نزمی هێشتنەوەی نرخی یوان دەدات. بەو پێیەش ستیڤن منوچن پەیوەندیی بە سندوقی نێودەوڵەتیی دراوەوە کردووە و ئاماژەی بەوەکردووە هەنگاو لە پێناو "نەهێشتنی دۆخی نادادپەروەرانەی ڕکابەریی کە لە ئەنجامی دواییین کردەوەکانی چین خوڵقاوە" دەهاوێژن.

ئەمە جگە لەوەی لە ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی گەنجینەدا جەخت لەوەکراوەتەوە، چین بە پێچەوانەی بەڵێنە ئابووورییەکانی لە میانی G-20دا، هەنگاوی ناوە و ئەم هەنگاوانەش ڕێککەوتننامە لەوەکراوە کە "ئۆپەراسیۆنەکان دریژەیان دەبێت".

لە هەواڵەکەدا باس لەوەش کراوە ڕژێم نەکشانەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سەربازیی بە چەکە قورسەکانیانەوە بە دوورەکی 20 کیلۆمەتر لە سنوورەکانی ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب بەپێی ڕێککەوتننامەی ئیدلب، بەهۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئاگربەستەکە داناوە. لەدوای ئەوەش کە سالی 1988 بۆ بازرگانیی و ڕکابەریی کردووە و تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی وەزیری بازرگانیی ئەمەریکا، ستیڤن منوچن پشتبەستن بەو دەسەلاتەی لە سەرۆکی وڵات، دۆناڵد ترەمپ وەریگرتووە، بەشار ئەسەد ئەو ئاگربەستەی مەرجدارەی هەڵوەشاندەوە کە سەرەتای ئەم مانگە لە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب ڕایگەیاندبوو، ئاشکراشیکرد دڕێژە بە هێرشەکانی دەدات. لە هەواڵێکی ئاژانسی سانای سەربە ڕژێمدا هاتووە، ڕژێمی بەشار ئەسەد ئەو ئاگربەستەی لە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب هەڵوەشاندووەتەوە کە لەکاتی بەڕێوەچوونی 13ـەمین گەڕی کۆبوونەوەی گەرەنتیکاران، لە نوورسوڵتانی پایتەختی کازاخستان، ڕایگەیاندبوو، هەر لە هەواڵەکەدا باس لەوەکراوە کە "ئۆپەراسیۆنەکان دڕێژەیان دەبێت".

پەیوەندیدارەکان پێشێڵ دەکات. جێی باسە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئاشکرای کردبوو کە لە یەکی ئەیلوولەوە باجی زیادە بە بڕی لەسەدا 10 دەخەنە سەر بەرهەمی چین کە بەهاکەی 300 ملیار دۆلارە. لە بەرامبەریشدا حکوومەتی چین بڵاویکردەوە، وڵامی هاوشێوەی هەنگاوەکەی ئەمەریکا دەدەنەوە. چین و ئەمەریکا ماوەی ساڵێک زیاترە لە دانوستان بەردەوامن و گ ەڕی 11ی دانوستانەکانیان لە سەرەتای مانگی ئایاردا لە ئەمەریکا ئەنجامدا. سەرۆکی دانوستانکارانی چین، جێگری سەرۆکوەزیران، لیو هی نەیتوانیبوو هیچ شتێک لە دانوستانەکان دەستبخات.

# بەشار ئەسەد ئاگربەستی مەرجداری لە ئیدلب کشاندەوە



بەشار ئەسەد ئەو ئاگربەستە مەرجدارەی هەڵوەشاندەوە کە سەرەتای ئەم مانگە لە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب ڕایگەیاندبوو، ئاشکراشیکرد دڕێژە بە هێرشەکانی دەدات. لە هەواڵێکی ئاژانسی سانای سەربە ڕژێمدا هاتووە، ڕژێمی بەشار ئەسەد ئەو ئاگربەستەی لە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب هەڵوەشاندووەتەوە کە لەکاتی بەڕێوەچوونی 13ـەمین گەڕی کۆبوونەوەی گەرەنتیکاران، لە نوورسوڵتانی پایتەختی کازاخستان، ڕایگەیاندبوو، هەر لە هەواڵەکەدا باس لەوەکراوە کە "ئۆپەراسیۆنەکان دڕێژەیان دەبێت".

لە هەواڵێکی ئاژانسی سانای سەربە ڕژێمدا هاتووە، ڕژێمی بەشار ئەسەد ئەو ئاگربەستەی لە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب هەڵوەشاندووەتەوە کە لەکاتی بەڕێوەچوونی 13ـەمین گەڕی کۆبوونەوەی گەرەنتیکاران، لە نوورسوڵتانی پایتەختی کازاخستان، ڕایگەیاندبوو، هەر لە هەواڵەکەدا باس لەوەکراوە کە "ئۆپەراسیۆنەکان دڕێژەیان دەبێت".

لە هەواڵێکی ئاژانسی سانای سەربە ڕژێمدا هاتووە، ڕژێمی بەشار ئەسەد ئەو ئاگربەستەی لە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب هەڵوەشاندووەتەوە کە لەکاتی بەڕێوەچوونی 13ـەمین گەڕی کۆبوونەوەی گەرەنتیکاران، لە نوورسوڵتانی پایتەختی کازاخستان، ڕایگەیاندبوو، هەر لە هەواڵەکەدا باس



# نەتەوە یەکگرتووەکان

## داوای هێورکردنەوەی گرژییەکانی یەمەن دەکات

کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرنج خستنەسەر چڕکردنەوەی ڕووداوە تیرۆریستی و توندوتیژییەکان لەم دواییانەدا لە یەمەن داوای لە سەرجەم لایەنەکانی ناوچەکە کرد گرژییەکانی ناوچەکە هێور بکەنەوە.

گوتەبێژی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕافینا شامداسانی ڕایگەیاند لەم 10 ڕۆژەی دواییدا پێشهاتی نەخوازراو لە ژمارەیەک ناوچەی یەمەن ڕوویداون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا شامداسانی تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی لە 27ی تەموزەوە تاکو ئێستا، 19 سڤیل لە تائیز، ساعادا و عەدەن کوژراون و 42 کەسی دیکەیش بریندار بوون. هەروەها ئەوەش هاتووە: داعش هێرشی کردۆتە سەر بنکەیەکی پۆلیس، لە یەکی مانگیشدا حوسییەکان بە مووشەک هێرشیان کردۆتە سەر تێپەڕینی ڕێورەسمێکی سەربازی لە عەدەن و لە 2ی مانگیش ئەلقاعیدە هێرشی کردۆتە سەر کەمپێکی سەربازی لە تەلاری پاریزگای ئابیان. ناوبراو نیگەرانی خۆشی لە ڕووداوە تیرۆریستیەکانی ئەم دواییە دەربڕیوە و باسی لەوە کردووە کە ڕێکخراوە چەکدارییەکانی سەربە ئەلقاعیدە و داعش لەم ماوەیەی دواییدا کردە تیرۆریستییەکانیان لەو وڵاتە چڕکردۆتەوە.



## کۆریای باکوور لە دوو هەفتەدا چوار جار مووشەکی کورت مەودای تاقیکردۆتەوە

سوپای کۆریای باشوور ڕایگەیاند کە کۆریای باکوور مووشەکی کورت مەودای تاقیکردۆتەوە و لەم دوو هەفتەیەدا، چوارەم جارە ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ئەنجام دەدات. ئاژانسی هەواڵی Yonhap ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای کۆریای باشووری بڵاوکردەوە کە ئاماژەی بەوە داوە کۆریای باکوور لە ناوچەی هوانگهای باشووردەوە مووشەکی کورت مەودای بەردو دەریای ڕۆژهەڵات "دەریای ژاپۆن" ئاراستە کردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی مووشەکەکان نزیکەی 37 کیلۆمەتر بەرزبوونەتەوە و نزیکەی 450 کیلۆمەتریش مەودایان بڕیوە.ئەوەی بووتە جێی سەرنج هاوکاتی ئەنجامدانی ئەو تاقیکردنەوە مووشەکە کورتمەودایانە لەلایەن کۆریای باکوور لەگەڵ دەستپێکردنی مانۆڕی سەربازی هاوبەشی کۆریای باشوور و ئەمەریکا کە ئەم هەفتەیە دەستی پێکردووە. سوپای کۆریای باشوور تیشکیشی خستۆتە سەر ئەوەی لە نزیکەوە چاودێری تاقیکردنەوەی مووشەکە کورتمەوداکانی کۆریای باکوور دەکەن.

# بوێری و ئازایەتی و قوربانی دانێ مللەتان رازی و سەرفەراز دکەت



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا بەرپرسێ نقسینگەها شەهیدان ب هەلکەفتا 16 تەباخێ ل سنورێ لیژنا ناوچا ئاشتی دگەل هژمارەکا بەرچاڤا مالباتێن شەهیدان کومبون، دڤێ کومبونێ دا بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا وێ ئێکێ شێرە ژنا کورد هند جەنگاوەر پەروەردە کرینە کو روحا خوە گوریکرنێ ژ بۆ ئاخا خوە تشتێن هەری پیرۆزێ وان بیت و ب خوینا عەزیزێن هەوە ئەقرو ئەم دژین، ئەڤ هاریکارێن ئەم پێشکێشی هەوە دکەین ب ئەرکەکێ لسەر ملێن خوە دزانین و دی هەمی شیا ئێخینەکار ژ بۆ خوەشکرنا ژیارا مالباتێن شەهیدان، مالباتێن شەهیدان ژی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرن ژ بۆ ڤان هاریکاریێن بەردەوام د ڤان سێ سالان دا.

## وەزیری ناوخۆ پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی ئوردن لە هەرێمی کوردستان دەکات



دوێنێ سێشەمە 2019/8/6 ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی لە د. هەیسەم ئەبو فول کونسوڵی گشتیی ئوردن لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری کرد. سەرەتای دانیشتنەکە، کونسوڵی گشتیی ئوردن لە هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە وەزیری ناوخۆ کرد بە بۆنەی وەرگرتنی ئەرکی تازەی و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کارەکانیدا، سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشی کرد بۆ ئەو هەماهەنگی و هاوکارییەی لە ماوەی پێشوودا لەگەڵ دامودەزگا ڕەسمییەکانی هەرێمی کوردستان هەیانبووە و هیوای خواست زیاتریش بەرەو پێش بچن. لە بەرامبەریشدا وەزیری ناوخۆ سوپاسی کرد و ڕای گەیاند کە پەیوەندیی نێوان شانشینی ئوردن و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی مێژوویی و بۆ سەردەمی شای کۆچکردوو شا حوسێن و بارزانیی نەمر دەگەڕێتەوە، ئومێدی بەردەوپێشچوونی زیاتری ئەم پەیوەندییانەشی خواست و ئامادەیی وەزارەتی ناوخۆ و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشی بۆ پێشکەشکردنی هەموو ئاسانکارییەک لەم ڕووەوە نیشان دا.

### بەئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف

## سیمیناری بەرەنگاری هەراسانکاری لەڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان




دوێنێ بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارەیەک مامۆستایانی ئایینی بەڕێز وەزارەتی ئەوقاف بە هەماهەنگی ڕێکخراوی لێکۆڵەر و ڕێکخراوی ئاسوودە سیمیناری هەراسان کردن لەڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان لەهەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. وەزیری ئەوقاف بەگەرمی بەخێرهاتنی مامۆستایانی ئایینی بەڕێزی کرد. دواتر ئاماژەی بەگرنگی و هەستیاری بەکارهێنانی هەموو ئامێرە ئەلیکترۆنیەکاندا و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی بەرز نرخاند لە هۆشیار کردنەوەی بەکارهێنانی سەرجەم ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و ڕایگەیاند، مامۆستایان دەتوانن بە پشت بەستن بە بڕگەو یاساکانی هەرێمی کوردستان هۆشیاری بدەنە هاوڵاتیان لەوەی کە بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئەلیکترۆنی و پەیوندی کردن بەمەبەستی تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی جگە لەوەی کارێکی نابەجێیە سزای یاسایی خۆیشی هەیە چونکە بەپێی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە 6 ساڵی 2008 ڕوونکراوەتەوە کە سزای سەر پێچیکار چییەو ڕێکارەکان چۆنن.

گیانی برایەتی و یەکریزی و هەماهەنگییەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی و لە ئایندەدا هاوپەیمانی ئامادەیی هەیە بەشداری لە هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردنیشدا بکات، هەرلەم دیدارەدا بەڕێز پەیوەندییەکانی پارتی جەختی کردەوە هەڵوێست و ئاراستەی ئەمرۆی هاوپەیمانی نیشتمانی جێگەی بایەخی ئێمەیە و پێکەوە هەنگاو دەنێن لەو خاڵانەی تێدا هاوبەش و بیروبۆچوونمان تێدا یەکە، کە ئەویش بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیە.

## عەلی حسێن: پارتی ڕێز لەهەموو لایەنێکی سیاسی دەگرێت کە نوخبەکانی نێو ئەو حزبە لە ڕابردوو هەوڵ و خەبات و تێکۆشانیان هەبووە



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری شاندێک سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی هاوپەیمانی نیشتمانی لە شاری هەولێر کردو لەلایەن مامۆستا ئارام قادر سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی پێشوازی کران.

لە دیدارێکی نێوانیان، دوای ئاماژەدان بە پەیوندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانی نیشتمانی، لەم بارەیەوە عەلی حسێن تەئکیدی کردەوە، پارتی ڕێز لە هەموو لایەنێکی سیاسی دەگرێت کە نوخبەکانی نێو ئەو حزبە لە ڕابردوو هەول و خەبات و تێکۆشانیان هەبوە لەپێناو ئازادی و سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان، هاوکات ڕەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق و باردۆخی شاری کەرکوک و هەنگاوەکانی ئاسایی بوونەوە و لە ڕوانگەی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی کوردستان لەپێناو خزمەت کردن و بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردستان باسی لێوە کرا، هەر لەدیدارەکەدا سەرۆکی هاوپەیمانی تەئکیدی کردەوە وەک هاوپەیمانی پاڵپشت و هاوکاری حکومەتی کوردستان دەبێ بۆ هەنگاوی خزمەت کردن و پێشکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی و چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، تەکیدیشیکردەوە ئەمرۆ هاوپەیمانی نیشتمانی ئاراستەیەکی خۆی هەیەو لەگەڵ پارتی دیموکرات و لایەنەکانی تر کاردەکات بۆ نزیک بونەوەو پتەوکردنی پەیوندییەکان و گرنگی بە پرۆسەی هاوبەشی و هاوکاری لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق دا.

### پرسەو سەرەخۆشی

**بەناوی خودای گەورە و میهرەبان**
**بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید محەمەد سەید تەها پیرخدر**

بەدڵگرانیەکی زۆردەوە هەواڵی کۆچی دوایی (مامۆستا سەید محەمەد سەید تەها پیرخدر) کارگێڕی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتیمان پێگەیشت.

هاوخەمی بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و کەسوکاری خوالێخۆشبوو و هەڤاڵانی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

**إنا لله و إنا اليه راجعون**
**بارەگای بارزانی**

## پاسەپۆرتی هەولێر لەسەر ئاستی هەرێم بەپلەی یەکەم دێت و لەماوەی شەش مانگی ئەمسااڵدا 89 هەزار و 339 پاسەپۆرتی بە هاووڵاتیان داوە



**خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی**

لەلێدوانێکدا عەمیدی مافپەروەر دیدار عومەر قادر بەرێوەبەری پاسەپۆرتی هەولێر ڕوونیکردەوە: لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمسااڵدا بەهەوڵ و کۆششی ئەفسەران و کارمەندە ماندوو نەناسەکان لە ڕیزبەندی کارو چالاکیەکاندا بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرتی هەولێر بەپلەی یەکەم هات لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمسااڵ توانیویانە 89 هەزارو 339پاسەپۆرت بەهاووڵاتیان بدەنەوە دیارە ئەو ڕێژەیەش زۆرترین ڕێژەی پێدانەوەی پاسەپۆرتە لەسەر ئاستی هەرێم و سەبارەت بە کردنەوەی نووسینگەی سۆران و زاخۆش شانبەشانی پاسەپۆرتی هەولێرو دهۆک سەردانی شاری بەغدامان کردو لەوێش لەگەڵ بەڕێوبەری گشتی ڕەگەزنامەی عێراق و بەڕێوبەری گشتی پاسەپۆرتی بەغدا کۆبوونەوە و بڕیارە بەم نزیکانە و دوای جەژنی قوربان هەردوو نووسینگە بکرێتەوە.

## بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای دهۆک و گەیاندنی خزمەتگوزاریی کارەبا بۆ هاووڵاتییان وەزیری کارەبا گرێبەستێکی واژووکرد



ئەندازیار کەمال محەمەد وەزیری کارەبا گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای هێرۆ بۆ جێبەجێکردن و تەواوکردنی سەرجەم کارەکانی پرۆژەی (بونیاتنانی هێڵی132 کەی ڤی نێوان وێستگەی هەڵمی خەبات- هێڵی زەنگەنان 132 کەی ڤی لە پارێزگای دهۆک) بە گۆڕەی 7 ملیۆن 425 هەزار دۆلار لەماوەی120 ڕۆژدا واژوو کرد، لەمیانەی واژووکردنی گرێبەستەکەدا کە بەڕێوبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیاکە و ژمارەیەک لە ڕاوێژکاران و بەڕێوبەرانی گشتی وەزارەت ئامادەی بوون وەزیری کارەبا وێڕای پیرۆزبایی لەهاوڵاتیانی دهۆک کە دوای تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە دەتوانرێت کێشەی کارەبای دهۆک چارەسەر بکات و خزمەتگوزاریی کارەبا بەشێوەیەکی باشتر بگەیەنێتە هاوڵاتیان، ئەوەشی ڕاگەیاند کە ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەمجۆرە لەو ماوە کەمە و بەو تێچوونە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ وەزارەتی کارەبا، لەتەوەرێکی دیکەی مەراسیمەکەدا وەزیری کارەبا داوای لە کۆمپانیای ناوبراو کرد لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا پرۆژەکە تەواو بکات و پابەندی ڕاسپاردەو ڕێنماییەکانی وەزارەت بن.

لەلایەن خۆیەوە نوێنەری کۆمپانیای هێرۆ سوپاسی وەزیری کارەبای کرد بۆ ئەو متمانەو کارەی کە پێی داون بەڵێنیان دا لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا پرۆژەکە بەکوالێتێکی بەرز جێبەجێ بکەن.

## قایمقامی هەولێر: داوا لە هاووڵاتیان دەکەین هاوکاریمان بکەن




بە هۆی نزیکبوونەوەی جەژنی قوربانەوە، قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر لیژنەی چاودێریکردنی بازاڕی ڕاسپاردووە بۆ کۆنترۆڵی کەلوپەل و کاڵای ماوەبەسەرچوو و کۆنترۆڵکردنی نرخ، چونکە لە جەژنی ڕەمەزانی ئەمسااڵدا بە دەیان شوێن داخران و دەیان شوێنیش بە پێبژاردن لە 1 ملیۆن تا 5 ملیۆن دینار سزا دراون. نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "لیژنەکامان دەستبەکار بوونە، کە وردتر لە ڕۆژانی ئاسایی بەناو بازاڕ و کۆگاکان دەگەڕێن بۆ ڕێگریکردن لە فرۆشتنی خۆراکی ماوەبەسەرچوو و کۆنترۆڵی نرخ". قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر، دەشڵێت: "لە ڕۆژانی جەژنیشدا لیژنەکامان لە چێشتخانە و هۆتێل و مۆتێل و ڕێستۆرانتەکان لە چاودێریکردن بەردەوام دەبن، چونکە گەشتیارێکی زۆر لە دەرەوە دێتە هەرێمەوە بۆ ئەوەی ئاسایش و ئاسوودەیی هەبێت".

# بەپێی پلانێکی پێش جەژنی قوربان، پزیشک بەسەر قەسابخانەکاندا دابەش دەکرێ

**خەبات ـ سەریە یوسف:**

بەڕێوبەری ڤێتەرنەری گەرمیان دوێنێ پلانی بەڕێوبەرایەتیەکەیانی بۆ پێشوازی لەجەژنی قوربان ڕاگەیاند، کەبەرگرتنە لەسەر بڕینی ئاژەڵ لەمااڵن و بەسەرکردنەوەی قەسابخانە لەلایەن پزیشکانی ڤێتەرنەریەوە. دکتۆر مستەفا عوسمان، بەڕێوبەری ڤێتەری گەرمیان، بە خەباتی ڕاگەیاند" لە ئێستادا و لە پێشوازی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆزدا سەرقاڵی دانانی پلانی کاری قەسابخانەکانیان لە ڕۆژانی پێش جەژنی قوربان و لەڕۆژی کوشتاو ڕۆژانی جەژندا، بەپێی پلانەکەشمان لانی کەم ڕۆژانە کۆمەڵێک پزیشک قەسابخانەکان بەسەر بکەنەوە.

وتیشی" بەدەر لەو پلانەش ، ئێمە وەک ڤێتەرنەری گەرمیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا کۆدەبینەوە و هەوڵ دەدەین ڕێگە بگیرێت لەسەر بڕینی ئاژەڵ لەدەرەوەی قەسابخانەکان. بەڕێوبەری ڤێتەرنەری گەرمیان ، ئەوەشی خستەروو" ئەگەر ئاژەڵ نەخۆش بێت و لەمااڵن سەر ببردرێت ئەوا مەترسی زیاتری بۆ سەر هاوڵاتیان دەبێ لەڕووی تەندروستیەوە بۆیە لەو ڕووەشەوە هاوکاری هاوڵاتیانمان پێویستە.



## سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلییەکانی پارێزگاکە هۆکارەکەی ئاشکرا دەکات

# دانیشتووانی هەولێر گلەیی لە جیاوازی نرخی ئەمپێری کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان دەکەن

### قارەمان مەولود: نرخی ئەمپێری مۆلیدەی هەر گەڕەکێک پەیوەستە بە پێدانی ژمارەی کاتژمێرەکانی کارەبای نیشتمانی ئەو گەڕەکە

**بەدواداچوون : بڕیار کۆیی**

لە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی وەزارەتی کارەبا لە توانایدا نییە 24 کاتژمێر کارەبا بە هاوواڵتیان بدات لە هەر گەڕەکێک لە سەرجەم شار و شارۆچکە و شارەدێیەکان مۆلیدەی تایبەت دابنراوە بۆ پڕکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارەبای هاوواڵتیان و ئەو مۆلیدانە لە بەرامبەر بڕێک پارە کە مانگانە گۆڕانی بەسەردادێت کاتژمێر و ئەمپێری کارەبا دەدەن بە هاوواڵتیان، ماوەیەکە بەشێک لە هاوواڵتیان گلەیی ئەوە دەکەن کە لە بڕی پارەی ئەمپێری کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان لە گەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی دیکە جیاوازیی هەیە.

بەپێی بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی (خەبات) لە زۆرینەی گەڕەکانی شاری هەولێر نرخی ئەمپێری کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکانی جیاوازییان هەیە تەنانەت لە ناوچەی گەڕەکێک بۆ ناوچەیەکی دیکەی هەمان گەڕەکیش جیاوازیی لە ڕووی نرخەوە بەدی دەکرێت بۆ نموونە، لە گەڕەکی هەڤاڵان نرخی ئەمپێری کارەبا بۆ مانگێک 10 هەزار دینار و لە گەڕەکی هەولێری نوێ 8250 دیناڕە و لە کەسنەزان 8 هەزار و لە گەڕەکی حەسارۆک 7750 و لە گەلاوێژ 7 هەزار و لە گەڕەکی ڕۆشنبیریش 8 هەزار دیناڕە.

بەمەبەستی زانینی هۆکاری ئەو جیاوازیی نرخەی نێوان گەڕەکەکانی شاری هەولێر سەبارەت بە ئەمپێری کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان و دەستکەوتنی زانیاریی زیاتر پەیوەندیان بە قارەمان مەولود، سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلییەکانی پارێزگای هەولێر ناوبراو لە وەڵامی پرسیاری (خەبات)دا ڕاگەیاند:"ڕاستە ئێمەش دەزانین بەشێک لە هاوواڵتیان گلەیی لە جیاوازیی نرخی ئەمپێری کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان دەکەن لە گەڕەکێکی شاری هەولێر، بەاڵم بابەتەکە زۆر ڕوونە و هیچ سەرپێچییەکی تێدا نییە، چونکە نرخی ئەمپێری مۆلیدەی هەر گەڕەکێک پەیوەستە بە ژمارەی کاتژمێرەکانی کارەبای نیشتمانی لەو گەڕەکە چەندە کارەبای نیشتمانی زیاتر بدرێت کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان کەمتر دەدرێت، بەمەش نرخی ئەمپێری مۆلیدە کەمتر دەبێتەوە".

ناوبراو جەختیشیکردەوە کە ژمارەی کاتژمێرەکانی کارەبای نیشتمانی لە گەڕەکێک بۆ گەڕێکی دیکە جیاوازیی هەیەو ئەمەش بەهۆی بارقورسی سەر فیدەرەکانەو ناتواندرێت بەپێی پێویست کارەبای نیشتمانییان بدرێتێ، بەمەش دەبێت ئەو کاتژمێرانەی کارەبایان بە کارەبای مۆلیدەی ئەهلی بۆ قەرەبووبکرێتەوە.

گوتیشی:"ئێمە پێوەری تایبەتمان لە زۆرینەی مۆلیدە ئەهلییەکان داناوە بۆ ئەوەی بزانین مانگانە چەند کاتژمێر کارەبای داوەتە هاوواڵتیان لەسەر ئەو بنەمایە نرخەکان دادەنێین، جگە لەوەش ئێمە پێوەری نهێنیمان لە زۆرینەی گەڕەکەکانی شار داناوە بۆ ئەوەی جەخت لە ڕاستی و دڕووستی پێوەرە سەرەکییەکە بکەینەوە، جگە لە ئەوەی کە ئێمە خشتەی کارەبای نیشتمانییش وەردەگرین بۆ ئەوەی بزانین لە هەر گەڕەکێک کارەبای نیشتمانی چەند کاتژمێر هەبووە".

سەبارەت بە ئەوەی ئەگەر هاتوو هاووڵاتییەک گلەیی لە مۆلیدەی گەڕەکەکەی خۆی هەبوو چ ڕێگایەک بگرێتەبەر، سەرۆکی لیژنەی مۆلیدە ئەهلییەکانی هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوەی کرد کە لەسەر هەر پسوولەیەکی کارەبای مۆلیدەی ئەهلی کە مانگانە لە بری پارە دەدرێت بە هاووڵاتیان ژمارەی تەلەفۆنی کارمەندانی لیژنەکەی لەسەر نووسراوە و هەر هاووڵاتییەک ئەگەر گلەیی هەبێت لە نرخ و کاتژمێری کارەبای مۆلیدەی گەڕەکەکەی دەتوانێت پەیوەندی بەو ژمارانەوە بکات، دوای ئەوەی لیژنەکە بەدواداچوون بۆ گلەیی و گازاندەکە دەکەن ئەگەر هاتوو تایبەت ئاراستەی قایمقامییەتی هەولێر دەکەین و قایمقامییەت لە دەسەاڵتیدا هەیە ڕێوشوێنی پێویستی لەبەرامبەر بگرێتەبەر و تاوەکو ئێستا چەندین خاوەنی مۆلیدەی گەڕەکەکان بەهۆی سەرپێچییەوە سزادراون.

سەبارەت بە ئەوەی ئاخۆ لەسەر چ بنەمایەک مۆڵەت دەدرێت بە کەسێک کە مۆلیدەی ئەهلی لە گەڕەکێکی تازە یان ناوچەیەک کە مۆلیدەی لێ نەبێت دەدرێت ناوبراو ئاماژەی بە ئەوە کرد، کە دوای ئەوەی دڵنیا دەبنەوە لە ئەوەی کە ئەو گەڕەکە یان



## جیاوازی لە دابەشکردنی کارەبای نیشتمانیدا هەیە

دەرکەوت کە خاوەنی مۆلیدەکە کەمتەرخەمە ئەوا ڕێککاری تایبەتی لەبەرامبەر دەگیرێتەبەر.

سەبارەت بە چۆنیەتی سزادانی ئەو خاوەن مۆلیدانەی کە سەرپێچی دەکەن قارەمان مەولود گوتی، دوای ئەوەی ئێمە دڵنیادەبینەوە لە سەرپێچییەکە نووسراوی ئەو شوێنە پێویستی بە دانانی مۆلیدەی ئەهلییە، ئەگەر هاتوو چەند کەسێک داوای مۆڵەتی پێشکەشکردنی کردبوو، لیژنەی مۆلیدە ئەهلییەکانی لەسەر بنەمای ڕێککەوتی پێشکەشکردنی داواکان بڕیار دەدات مۆڵەت بدات بە کێ کامیان زووتر داوای پێشکەش کردبێت و ڕێژەکەش زیاتربکەن، چونکە ئەوەی ماوەی ئەم دوو ساڵە ڕووبەڕووی ژینگەی کوردستان و دەڤەری سۆران بۆتەوە لە بڕینی داروودرەخت بە سەدان ساڵیتر ناتوانرێت قەربوو بکرێتەوە، هەر لە ئێستا هاوواڵتی ئامادەکاری بۆ بڕینی داروودرەخت دەکات، ئەمەش وێرانکارییەکی سەخت دەبێت بۆ ژینگەی کوردستان.





### بە بەشداری زیاتر لە (100) گەنجی ناوچەکە

# خولی (گەنج و پرۆژە) لە قەزای مێرگەسۆر بەڕێوەدەچێت

**ڕەنجبەر بەرزنجی-ن.سۆران:**

ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە ڕێکخراوێکی ژینگەپارێزی ناحکومییە، کە لەپێناو پاراستن و هۆشیارکردنەوەی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان لە چۆنیەتی پاکژاگرتن و پاراستنی ژینگە ماوەی زیاتر لە (6) ساڵە لە قەزای سۆران دامەزراوە و تا ئێستا (6) لقی لە "قەزاکانی ئاکرێ و مێرگەسۆر و ڕواندز و چۆمان و شارۆچکەکانی سیدەکان و خەلیفان هەیە، ئەمە جگە لە بوونی نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە لە پارێزگای هەولێر، لە دیدارێکی تایبەت لەگەڵ خەبات دا (هەژار ئیدلبی) سەرۆکی ڕێکخراوەکە باس لە پرۆژە و کاروچاالکییەکانی ڕێکخراوەکە دەکات.

**خولی گەنج و پرۆژە لە ژینگەدۆستی و ولاتپارێزییەوە بەرەو پرۆژە و ئایپیندەی گەش**

لە ئێستادا ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە خەریکی بەڕێوەبەردنی خولی (گەنج و پرۆژەیە) لەم ڕاستاییەدا سەرۆکی ڕێکخراوەکە بەمشێوەیە باسی لەم خولە کرد، ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی وەرزش و لاوانی مێرگەسۆر هەڵساوە بە کردنەوەی یەکەمین خولی بەرفراوانی گەنجان بۆ پەرەپێدان لەژێرناوی خولی "گەنج و پرۆژە" بۆ زیاتر لە (100) گەنجی سنووری قەزای مێرگەسۆر و ناحیەکانی دەوروبەری لە ناو سروشتە دڵڕفینەکەی دەڤەری بارزان کە بریارواید (45) ڕۆژ بخایەنێت، ئەمەش بە سەرپەرشتی ئەکادیمیست و مامۆستا و ڕاهێنەرە بەتواناکانی هەرێمی کوردستان، ئامانج لە کردنەوەی ئەم خولە بۆ خۆڕۆشنبیرکردن و هاندانی گەنج و الوی دەڤەرەکەیە، کە زیاتر هەنگاو بهاوێژن بۆ پاراستنی ژینگەو کاری خۆبەخشی بە تایبەت لە دەڤەری بارزان، هەروەها لە یادکردنی دەستوورو دابونەریتەکانی پێش ئیستای دەڤەرەکە، کە باب وباپیران پێی ناسرابوون وەک ڕێزگرتن، دادپەروەری، ڕەوشتی جوان، هەروەها ڕێگە خۆشکردن بۆ ئامادەکردنی پرۆژە و ڕەخساندنی هەلی کار و زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتە هەنوکەییەکان. لە پرۆژەی "گەنج وپرۆژە" گەنجان ڕادەهێنرێن پشت بەتواناکانی خۆیان ببەستن.

**بارودۆخی ژینگەی کوردستان بەگشتی و سنووری دەڤەری سۆران**

هەر لە میانەی ئەم دیدارەدا سەرۆکی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە کە ڕێکخراوەکەیان لە ماوەی (6) ساڵ کاری خۆبەخشی و ژینگە پارێزیی زیاتر لە (800) چاالکی جۆراوجۆر و هۆشیاری ژینگەپارێزی هەبووە سەبارەت بە بارودۆخی ژینگەی هەرێمی کوردستان و دەڤەری سۆران بەتایبەتی وتی: ئەگەر باسی ژینگەی کوردستان بە گشتی بکەین ئێستا گۆرانکاری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان ڕوویداوە وەک چەندان جۆری پیسبوونی ژینگە، بەتایبەت پیسبوونی بە ماددەی پالستیکی کە شیبوونەوەی هەزاران ساڵی پێویستە، بۆیە ژینگەی کوردستان لە ژێر مەترسی دایە، هەروەها کەمی ڕێژەی سەوزایی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، کە ناگات بە ڕێژەی (15%) ئەمە لە کاتێک بە پێی ڕێژەی ستانداردی جیهانی دەبێت زیاتر بێت لە (17%) و ئەمە و چەندان کێشەی دیکەی ژینگەیی، شاری سۆران و دەوروبەریش بێبەش نین لەو کێشانە، بەتایبەت کە شارێکی وەکو سۆران ڕێژەی سەوزاییەکەی (7%) بێت پێویستمان بە پشتێنەی سەوزایی زیاتر هەیە، بەتایبەت کە لە وەرزی هاوین بەهۆی بەرزی پلەی گەرما یاخود بۆردومانی والتانی دروانێ وەک ئێران و تورکیا کە ڕێژەیەکی زۆری داروودرەخت و سەوزایی لەناودەچێت و بە هۆی سەختی و نالەباری ئەمنی شوێنەکە، کۆژانەوەی ئاگرەکان زۆر دەخایەنێت، جگە لە پیسکردنی ئاو وهەوا و خاک، وەک "ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە" بەپێویستی دەزانین داوا لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی نەوتی و کانزاکانی پارێزگای هەولێر بکەین کە ئەمساڵ زووتر دەست بە دابەشکردنی نەوت بکرێت و ڕێژەکەش زیاتربکەن، چونکە ئەوەی ماوەی ئەم دوو ساڵە ڕووبەڕووی ژینگەی کوردستان و دەڤەری سۆران بۆتەوە لە بڕینی داروەرخت بە سەدان ساڵیتر ناتوانرێت قەربوو بکرێتەوە، هەر لە ئێستا هاوواڵتی ئامادەکاری بۆ بڕینی داروەرخت دەکات، ئەمەش وێرانکارییەکی سەخت دەبێت بۆ ژینگەی کوردستان.

# بەختەوەری کۆمەڵگە لە گرەوی بەختەوەری خێزاندایە

**ئا: ژیلا کەریمی**

کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر ورد دەبێتەوە لە خێزانە بەختەوەرەکان تا دەگاتە تاکە بەختەوەرەکان و هەر ئەو یاسایە پێچەوانەش مانا دەکرێتەوە واتا بەختەوەری خێزانەکان لە کۆمەڵگەیەکی بەختەوەردا دێتەدی. ئەرک و بەرپرسایەتی بەرامبەر ئەو پرسە بەرفرەوان و قورسەو لە پەروەردەوە تا دامودەزگاکانی حکومەت و رێکخراوەکان لەخۆدەگرێت. هەموو ئەمانەش کاتێک بەر دەگرێت کە بتوانین بەچاوی رۆشنبیرییەوە بڕوانین. لە هەنگاوێکی موژدەبەخشدا یەکێتی ئافرەتان لە چوارچێوەی بەشێکی رێکخراوەکەدا ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ و بۆ ئەو مەبەستە نەسرین حەسەن بەرپرسی بەشی "رێنمایی هاوسەرگیری " دەهێنینە گۆ.


نەسرین حەسەن

*** بە کورت و پڕختی ئەو بەشە چییە و ئەرک و کاری چییە؟**

– نەسرین حەسەن لە بەرچاوڕوونی ئەو بەشە دەڵێت: بەشی "رێنمایی هاوسەرگیری "بەشێکی گرنگی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە لە چوارچێوەی پەیمانگای هێلین بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی 2011 دامەزراوە و چەندین چالاکی گرنگی ئەنجامدا و دواتر بە هۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی ئەو بەشە ئیشەکانی وەستان، بەڵام جارێکیتر لە رێکەوتی 7/15/ 2018 دەستی بە ئیش کردەوە و من وەک بەرپرسی بەشی "رێنمایی هاوسەرگیری" هەڵبژێردرام و بە یەکەم پرۆژەی "رێنمایی پێش هاوسەرگیری" کارەکانم دەستپێکرد. پرۆژەی "هوشیاری پێش هاوسەرگیری " پرۆژەیەکی هوشیاری، تەندروستی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و دەروونییە، تایبەتە بەو گەنجانەی کە تاوەکو ئێستا ژیانی هاوسەریەتیان پێکنەهێناوە و هەروەها ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنن، هەڵبەت هەر پرۆژەیەک کە دەستی پێدەکرێت دەبێ پلان و ستراتژیەتی تایبەتی بۆ دابنرێت و تیشک بخرێتە سەر هەموو ئامانج و دەرەنجامەکانی پرۆژەکە و تەنانەت دۆزینەوەی میکانیزمی ئیشکردن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆژەکە. هەڵبەتە ئەمەش پێویستی بە چەندین کۆبوونەوە و راوێژکردن هەیە لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەو بوارەدا، بۆیە جێبەجێکردنی پرۆژەی " رێنمایی پێش هاوسەرگیری " تا بواری جێبەجێکردنی چەندین قۆناغی تێپەراند:

**دروشم:**

"خێزانێکی بەختەوەر بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەوتوویە"

**ئامانج:**

– بڵاوکردنەوەی هۆشیاری قۆناغی پێش هاوسەرگیری بۆ گەنجان لە بوارەکانی "یاسایی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، دەروونی.

– کەمکردنەوەی دیاردەی تەڵاق لە سەر بنەمای پێکهێنانی هاوسەرگیرییەکی تەندروست.

– دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ گەنج بە ئامانجی کردنەوەی دەرگایەک بۆ گفتوگۆ لە سەر ئەو پرۆسەیە.

– دروستکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی خێزانی لە لای گەنجان .

– تێگەیشتن لە ئاریشەکانی گەنجان سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری و دواتر کارکردن لە سەری بە پێی کاری رێکخراوەیی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

**بەرنامەی کارکردن:**

ئەنجامدانی راپرسییەک سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی هاوسەرە تازەکان ( 3 مانگ – 1 ساڵ) کە 400 کەس گەنجان لە بوارەکانی "یاسایی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، دەروونی.

– کەمکردنەوەی دیاردەی تەڵاق لە سەر بنەمای پێکهێنانی هاوسەرگیرییەکی تەندروست.

– دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ گەنج بە ئامانجی کردنەوەی دەرگایەک بۆ گفتوگۆ لە سەر ئەو پرۆسەیە.

– دروستکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی خێزانی لە لای گەنجان .

– تێگەیشتن لە ئاریشەکانی گەنجان سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری و دواتر کارکردن لە سەری بە پێی کاری رێکخراوەیی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

**بەرنامەی کارکردن:**

ئەنجامدانی راپرسییەک سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی هاوسەرە تازەکان ( 3 مانگ – 1 ساڵ) کە 400 کەس گەنجان لە بوارەکانی "یاسایی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، دەروونی.

– کەمکردنەوەی دیاردەی تەڵاق لە سەر بنەمای پێکهێنانی هاوسەرگیرییەکی تەندروست.

– دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ گەنج بە ئامانجی کردنەوەی دەرگایەک بۆ گفتوگۆ لە سەر ئەو پرۆسەیە.

– دروستکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی خێزانی لە لای گەنجان .

– تێگەیشتن لە ئاریشەکانی گەنجان سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری و دواتر کارکردن لە سەری بە پێی کاری رێکخراوەیی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

**بەرنامەی کارکردن:**

ئەنجامدانی راپرسییەک سەبارەت بە بارودۆخی ژیانی هاوسەرە تازەکان ( 3 مانگ – 1 ساڵ) کە 400 کەس هەولێر و دهۆروبەری کرا بە هاوکاری ئەنجوومەنەکانی ناوەند و دهۆروبەری هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەنجامدرا.

دەستنیشانکردنی مامۆستایەکان بە پێی پسپۆڕی خۆیان لە هەر چوار تەوەری یاسایی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، کە بە شێوەیەکی زۆر ئەکادیمیانە خولەکان بەڕێوە دەبەن.

لە رووی تەکنیکییەوە، دابینکردنی شوێن و کاتی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی خولەکان بۆ ئەوەی کاریگەری باشی لە سەر سوودگەیاندنی پرۆژەکە بۆ گەنجان هەبێت و خولەکان ماوەی دوو رۆژ بەڕێوەدەچن و هەر رۆژێک دوو تەوەر بۆ ئەوەی گەنج دەرفەتی گفتوگۆ و پرسیاری زیاتری هەبێت.

*** یەکەم هەنگاوتان کەی و چۆن نا؟**

یەکەم قۆناغی ئیشکردنمان لە قوتابیانی زانکۆ دەستپێکرد بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆ بەشداری کرد.

– دووەم خول لە رێکەوتی 2018/2/20-21 بەڕێوەچوو کە 27 قوتابی زانکۆ بەشداری کرد.

(لە کۆتایی هەر خولێک بڕوانامەی بەشداریکردن لەو خولە بە قوتابیان بەخشرا)

بەڵام دواتر بە هۆی پشوی نەورۆز و تاقیکردنەوەکان ئەو زانکۆ بەشداری کرد.

– دووەم خول لە رێکەوتی 2018/2/20-21 بەڕێوەچوو کە 27 قوتابی زانکۆ بەشداری کرد.

(لە کۆتایی هەر خولێک بڕوانامەی بەشداریکردن لەو خولە بە قوتابیان بەخشرا)

بەڵام دواتر بە هۆی پشوی نەورۆز و تاقیکردنەوەکان ئەو خولانە لە زانکۆ راگیرا و بەنیازین لە ساڵی نوێدا جارێکی تر ئەو خولانە دەستپێبکەینەوە.

*** ئایا خولەکانتان تەنیا بۆ قوتابیانی زانکۆیە؟**

– هەڵبەتە ئەو خولانە تەنیا تایبەت بە قوتابی زانکۆ نییە هەموو گەنجێک بە هەر دوو رەگەزەوە دەتوانێ بەشداری لەو خولانە بکات. هەڵبەتە ئێستا لە وەرزی هاویندا، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی ناوەند و دهۆروبەری هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەو خولانە لە زانکۆ راگیرا و بەنیازین لە ساڵی نوێدا جارێکی تر ئەو خولانە دەستپێبکەینەوە.

*** ئایا خولەکانتان تەنیا بۆ قوتابیانی زانکۆیە؟**

– هەڵبەتە ئەو خولانە تەنیا تایبەت بە قوتابی زانکۆ نییە هەموو گەنجێک بە هەر دوو رەگەزەوە دەتوانێ بەشداری لەو خولانە بکات. هەڵبەتە ئێستا لە وەرزی هاویندا، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی ناوەند و دهۆروبەری هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەو خولانە دەستپێبکەینەوە.

*** ئایا خولەکانتان تەنیا بۆ قوتابیانی زانکۆیە؟**

– هەڵبەتە ئەو خولانە تەنیا تایبەت بە قوتابی زانکۆ نییە هەموو گەنجێک بە هەر دوو رەگەزەوە دەتوانێ بەشداری لەو خولانە بکات. هەڵبەتە ئێستا لە وەرزی هاویندا، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی ناوەند و دهۆروبەری هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەو خولانە دەستپێبکەینەوە.

*** ئایا خولەکانتان تەنیا بۆ قوتابیانی زانکۆیە؟**

– هەڵبەتە ئەو خولانە تەنیا تایبەت بە قوتابی زانکۆ نییە هەموو گەنجێک بە هەر دوو رەگەزەوە دەتوانێ بەشداری لەو خولانە بکات. هەڵبەتە ئێستا لە وەرزی هاویندا، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی ناوەند و دهۆروبەری هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەو خولانە دەستپێبکەینەوە.



*** پرۆژەکانتان تا چەند سەرکەوتوو بوون؟**

هەر پرۆژەیەک کە بتەوێت ئەنجامی بدەی و سوودی بۆ کۆمەڵگە هەبێت بە دڵنیاییەوە پێویستی بە هەستی بەرپرسیاریەتی، دڵسۆزی، لە خۆبوردەیی و کاری گروپی هەیە کە بتوانێک ئامانجەکانی خۆی بە باشترین شێوە بپێکێت. هەڵبەت هەر تاکێکی کۆمەڵگە لە هەر پێگە و قۆناغێکدا بێت پێویستی بە راوێژ و رێنمایی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن ئیش دەکەی؟ زۆرجار خۆشەویستی و دڵسۆزیت بۆ کارەکەت و هەستی بەرپرسیاریەتیت بەرامبەر بە کۆمەڵگە وات لێدەکات کە هیچ شتێک نەتوەستێنیت و لەو رێگە پیرۆزەی کە ئامانجی خزمەتکردنە بە کۆمەڵگە بەردەوام بیت، بۆیە بە پێویستی دەزانم لێرەوە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەو مامۆستا بەرێزانە بکەم کە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوو خۆبەخشانە و بەو پەڕی دڵسۆزی و هەستی بەرپرسیارانە هاوکارمان بوون بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پلان و بەرنامەی پرۆژەکان کە خزمەتکردنی تۆێژەکانی کۆمەڵگەیە بە تایبەتی گەنجان، هیوادارم لە داهاتووشدا بتوانین ئەو بەشە پەرەپێبدەین و سوودی زیاتر بگەیەنین و سوپاسی د.ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش دەکەم کە لە هەنگاوی یەکەمەوە هاوکار و پاڵپشتم بووە.

*** خولەکان لە کوێ بەڕێوەدەچن و ئایا هیچ پارەیەک لە بەشداربوو وەردەگیرێت؟**

– خولەکان لە هۆڵی چالاکییەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەڕێوەدەچێت و بێ بەرامبەرە.

"رێنمایی پێش هاوسەرگیری " ئەمە پرۆژەیەکە کە بەردەوام دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پرۆژەیەکی تریشمان دەست پێکردووە " پرۆژەی رێنمایی هاوسەرگیری، لە چوارچێوەی راوێژی خێزانیدا" ، کە هەموو تەمەن و قۆناغێک دەگرێتەوە. تەنانەت ئەو کەسانەش کە ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە و ئێستا ئامادەکاری دەکەین بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژەیە لە رێگەی سمینار و هەروەها بەرنامەی رادیۆیی، تەنانەت لە بواری پەروەردەی منداڵیش پلانمان هەیە، چونکە پێمان وایە منداڵیش پێگەیەکی تایبەتی لە نێو خێزاندا هەیە و پێویستە لە چوارچێوەی خێزاندا گرنگی پێبدرێت.

*** ئەو ستافەی کە لەو بەشە ئیش دەکەین کێن؟**

– مامۆستا ئەڤین ئەحمەد قادر کە وانەی کۆمەڵایەتی دەڵێتەوە، (بڕوانامە: ماستەر/ پسپۆڕی: کۆمەڵناسی/ پسپۆڕی ورد: کۆمەڵناسی خێزان/ مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەدین.

پارێزەر کارزان بەختیار رەشید کە وانەی یاسایی دەڵێتەوە، (بڕوانامە: دەرچووی کۆلێژی دیجلەی بەغداد، دەرچووی کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی، قوتابی ماستەر لە زانکۆی" اتلانتا"

مامۆستا خەتاب عەزیز سلێمان کە وانەی دەروونی و جێندەر دەڵێتەوە، (بڕوانامە: ماستەر لە کۆمەڵناسی جێندەر، مامۆستا لە بەشی فەلسەفەی- کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین)

مامۆستا جەودەت مامەند حاج بکر کە وانەی تەندروستی دەڵێتەوە، (بڕوانامە: ماستەر لە تەندروستی و کۆمەڵ، مامۆستا لە کۆلێژی پەرەستاری زانکۆی هەولێری پزیشکی)



*** پرۆژەکانتان تا چەند سەرکەوتوو بوون؟**

هەر پرۆژەیەک کە بتەوێت ئەنجامی بدەی و سوودی بۆ کۆمەڵگە هەبێت بە دڵنیاییەوە پێویستی بە هەستی بەرپرسیاریەتی، دڵسۆزی، لە خۆبوردەیی و کاری گروپی هەیە کە بتوانێک ئامانجەکانی خۆی بە باشترین شێوە بپێکێت. هەڵبەت هەر تاکێکی کۆمەڵگە لە هەر پێگە و قۆناغێکدا بێت پێویستی بە راوێژ و رێنمایی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن ئیش دەکەی؟ زۆرجار خۆشەویستی و دڵسۆزیت بۆ کارەکەت و هەستی بەرپرسیاریەتیت بەرامبەر بە کۆمەڵگە وات لێدەکات کە هیچ شتێک نەتوەستێنیت و لەو رێگە پیرۆزەی کە ئامانجی خزمەتکردنە بە کۆمەڵگە بەردەوام بیت، بۆیە بە پێویستی دەزانم لێرەوە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەو مامۆستا بەرێزانە بکەم کە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوو خۆبەخشانە و بەو پەڕی دڵسۆزی و هەستی بەرپرسیارانە هاوکارمان بوون بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پلان و بەرنامەی پرۆژەکان کە خزمەتکردنی تۆێژەکانی کۆمەڵگەیە بە تایبەتی گەنجان، هیوادارم لە داهاتووشدا بتوانین ئەو بەشە پەرەپێبدەین و سوودی زیاتر بگەیەنین و سوپاسی د.ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش دەکەم کە لە هەنگاوی یەکەمەوە هاوکار و پاڵپشتم بووە.

*** خولەکان لە کوێ بەڕێوەدەچن و ئایا هیچ پارەیەک لە بەشداربوو وەردەگیرێت؟**


– خولەکان لە هۆڵی چالاکییەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەڕێوەدەچێت و بێ بەرامبەرە.



# توشبوونی ئافرەتان بە خەمۆکی بەهۆی زۆری ماوەی کارکردن

**ئا/ لاپەڕەی ئافرەت:** لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو ئافرەتانەی کە لە هەفتەدا زیاتر لە 55 کاتژمێر کار دەکەن بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە مەودای کارکردنیان لە نێوان 35 بۆ 40 کاتژمێرە زیاتر تووشی خەمۆکی دەبن. بە پێی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی کە لە ووڵاتی بەریتانیا ئەنجامدراوە، ئەو ئافرەتانەی کاری زۆر دەکەن و کاتژمێرەکانی کارکردنیان لە رۆژدا زۆرە ئەگەری تووشبوون بە خەمۆکیان هەیە. لەسەر بنەمای هەمان لێکۆڵینەوە کە لەسەر زیاتر لە 20 هەزار ئافرەتی تەمەن سەروو لە ووڵاتی بەریتانیا ئەنجامدراوە، ئەو ئافرەتانەی کە لانیکەم 55 کاتژمێر لە هەوتوودا کار دەکەن بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە 35 تا 40 کاتژمێر سەرقاڵی کار کردن لە دەرەوەی ماڵەوەن، 7.3 لەسەد زیاتر تووشی خەمۆکی بوون. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی هەمان لێکۆڵینەوە، ئەو پیاوانەی بە هەمان ڕادە و کاتژمێر کار دەکەن هیچ نیشانەیەکی خەمۆکی تیاندا نەبینراوە و یەکێک لە هۆکارەکانی توشبوونی ئافرەتان ئەوەیە کە ئافرەت دوو هێندەی پیاوان کاری هەیە و درێژە پێدانی کار لە ماڵەوە هیلاکتریان دەکات. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە، ئەو پیاو و ئافرەتانەی بە ناچاری کۆتایی هەفتەکانیش کار دەکەن زیاتر نیشانەکانی خەمۆکیان تیا بەدیکراوە. ئامارەکان بریتین لەوەیکە 19 لەسەدی ئافرەتانی بەریتانی بە هۆی تووشبوون بە یەکێک لە نەخۆشییە دەرونییەکان وەک خەمۆکی ئازار دەبینن و ئەو ژمارەیە بۆ پیاوان 12 لەسەد بەراورد کراوە. جگە لەوە نیشانەکانی خەمۆکی لە نێو ئەو کەسانەی کاردەکەن و داهاتی کەمتریان هەیە، کێشەی جەستەییان هەیە و لە کارەکەیان رازی نین زیاتر بینراوە. ئەگەر بە وردی بەراوردێکی کوردستان بکەین، بەو پێیەی ئافرەتی کورد خاوەن منداڵی زیاترن و کەمتر هاوکاری دەکرێت، پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان و میوانداری زیاترە کەواتە ئەبێت بەڕاستی خۆێندنەوەیەکی ورد لەسەر ئەو بابەتە لە کوردستانیش بکرێت، چونکە تەندروستی ئافرەت لە ماڵەوە کاردانەوەی ئەرێنی لەسەر گشت ئەندامانی بنەماڵە هەیە.

# میکیاژی هاوینە



فێربوون سەرەکیترین خاڵەکان لە میکیاژی هاوینەدا: هەندێ لە مۆدیل و ریگەکانی ئارایشی تایبەت بە بارودۆخ و شوێنێکی دیاریکراون. لە وەرزی هاویندا کە گەرمایە پێویستە بزانن کە چ رێگەیەک بۆ میکیاژ لە هاویندا پێویستە تا بە جوانی بدەرەوشێنەوە.

بەکارهێنانی سووراوی بە بریسکە: ئەگەر حەز لەم جۆرە سووراوانە دەکەن دەبێت زۆر بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ بکەن. راستەوخۆ سووراوەکە لە لێو بدەن و بە هێلێک لە هەمان ڕەنگ یان پلەیەک کاڵتر دەوری لێوەکان دیار بکەن.


رازاندنەوەی پێست بە شێوەی بریسکەدار: سەرەتا بە لەماع پیلۆی چاو و سەر رومەتتان بریقەدار بکەن هەڵبەت زۆر بە کەمی چونکە مەبەست لەو کارە تەنیا بریسکەدارکردنی پێستە نەک چەور بوون، لە کۆتایی بە پۆدرەیەکی فیکس کردن و بۆ پاراستنی میکیاژ و ڕێگریکردن لە تێکەڵبوونی ئارایشت میکیاژەکە جێگیر بکەن. ئارایشی مۆنۆکرۆم (تاک ڕەنگی تایبەت): باشترین و گونجاوترین میکیاژ لە هاوین و شەوانەدا مۆدیلی تاک ڕەنگی مێتالیکی برۆنزییە. دەبێت ئەو خاڵە لەبەرچاو بگرن کە ئەو شێوازە میکیاژە تەنیا تایبەت بە شەوانی گەرمی هاوینە و بۆ شەوانی سارد گەنجاو نییە. میکیاژە چاوی برۆنزی (سمۆک مۆنۆکرۆم): لەو مۆدیلەدا پێویستە سێ تۆێژ سێبەری برۆنزی بەکار بێنن، کە تۆختترین سێبەر لە سەرەوەی بڕژانگەکان و ڕوونترین سێبەر لە بەشی ئێسقانی ژێر برۆ بێت. لە کۆتاییدا بۆ جوانتر بوونی چاوەکان ڕەشیلی ڕەش یان قاوەیی تۆخ بەکاربێنن. میکیاژی لێو و کوڵم: پاش بەکۆتا هاتنی میکیاژی چاوەکان بۆ کوڵم و دەموچاوتان پۆدرەی برۆنزی بەکار بێنن. دواتر بۆ ئارایشتی لێو سووراوی برۆنزی و تەختیتی لێوی تۆزێک تۆختر بەکار بێنن.

# ئەو جلەی 8000 ساڵە مۆدی بەسەر نەچووە



ڕەنگە بە لاتانەوە جیی پرسیار بێت کە ئەوە چ جلێکە کە لە دنیای بەرفرەوانی مۆدەی ئافرەتان ئەوەندە ساڵە هەر ماوە و لەبەر دەکرێت. جلێک کە لە پرەنسسەکانی میسرەوە تا ئافرەتانی گۆرانبێژ و ئەکتەر و بگرە ئافرەتانی سیاسی تا ئێستاش هەر بەردەوامە. بەڵێ ئەوە جلی لە شێوەی پێستی پلینگە کە هەر دوو ڕەنگەکەی بە زەرد و ڕەش و سپی و ڕەش بایەخی خۆی لە جیهانی مۆددا دۆزیوەتەوە و پسپۆڕانی ئەو بوارە پێیانوایە ئەوە سیمبولێکە لە پیشاندانی هێز و دەسەڵات لە ئافرەتاندا. جیهانی مۆدەی ئەمڕۆ، جیهانی گۆڕانکارییە و دیزاینەرانی مۆدە بۆ هەر ساڵە و ڕەنگ و مۆدی جیاواز دەخەنە بازارەکانەوە، بەڵام کاریگەری قوماشی شێوەی پلنگی تائێستاش لە دیزاینەکاندا کاڵ نەبۆتەوە.

# کابینەی نۆیەم و کوردستانێکی بەهێز



**دکتۆرە مەیادە نەجار***

یەکێک لەهەنگاوە گرنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدرێژای مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد، بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزبووە، هەمیشە پارتیەکان هەموو هەوڵێکیان بۆ دروستکردن و تۆکمەکردنی کوردستان بووە، ئەمەش وایکردووە کە پارتی لەهێزە سیاسیەکانی تر جیاوازبێت، چونکە بۆ ساتێکیش دەستبەرداری مافە نەتەوەییەکان نەبووە.



پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی ئەیلولی 2018دا کوردستانێکی بەهێزی کردە دروشم و بانگەشەی هەڵبژاردن رەنگە ئەوکات زۆر لەهێزە سیاسیەکانی تر بەبیانووی جیاواز خۆیان لەکوردستانی بوون دەزیەوە، تەنانەت هەندێک لەو هێزانە ئەوکات بانگەشەی بەناوەندی کردن سیاسەتیان لە عێراق دەکرد، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگری زیاتر لەکوردستانی بوون دەکرد.

لەئێستاشدا پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بەسەرۆکایەتی رێزدار کاک (مەسرور بارزانی)و هەنگاوەکانی بۆ بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە، بەهیزکردنی کوردستان و پاراستنی ناوماڵی کورد لەسایەی ئەم کابینەیەدا یەکێک دەبێت لەو پرسانەی کە شایەنی باسکردن بێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجی هەمووانە رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) لەکاتێکی زۆر ناهەمواردا ئەرکێکی زۆر قورسی کەوتۆتە سەرشان چونکە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی بەدۆخێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەرێت لەلایەک ناکۆکی نێوان ئێران و ئەمریکا گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار، بێجگە لەوە هێزە هەرێمیەکانی تر ناکۆکیان لە زیادبووندایە، ئەمەش وادەکات کە کێشەی بەرفراوانتر بەرۆکی ناوچەکە بگرێت ، ئەم گۆرانکاری و پێشهاتە سیاسیانە وادەکات ئەرکی سەرشانی رێزدار (مەسرور بارزانی) زۆر قورستر بێت.

بێگومان کەسایەتی بەتوانای رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) و ئەزموونی کارکردنی و سەرکەوتنی لەسەرجەم بوارەکاندا وادەکات بەهەنگاوە ژیر و بوێرەکانی بتوانێت ئەم قوناغە قورسە ببرێت و ئەزموونێکی سەرکەوتوو لەسیاسەتی بەرێوەبردن و دەوڵەتداری لە هەرێمی کوردستان بنیات بنێت، چونکە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەسایەتییەکی سیاسی و دیار بووە لە ناو شۆرشی کوردی و هەرێمی کوردستان و کەسێکی گەنج و ئەکادیمییە و بڕوانامەی بەرزی بەدەست هێناوە و لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا کەسایەتییەکی دیارە و کاریگەری لەسەر بەهیزکردن و ئاراستەکردنی زۆر پرسی دیار هەبووە، هەروەها هەنگاوە سەرکەوتووەکانی شایەتی بۆ دەدەن، لەلایەکی ترەوە سەرەڕای ئەوەی کەسێکی نموونەییە و هەمیشە جێگەی متمانەی هەموو میللەت بووە بەشێکی تر کە سەرکەوتنی مسۆگەر دەکات بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەباوکێکی سەرکردە و کاریزمایەکی بەهێزی وەک رێزدار سەرۆک مسعود بارزانی پشتیوانی لێ دەکات، کە خەڵک بەشێکی خۆشەویستیی باوکی بەو دەدەن و ئومێدیان پێیەتی کە دەتوانێت کاری بەرچاو بکات.

کاریزمایی رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) وادەکات کەبتوانێت کۆنترۆڵی بەشێک لەو پەرتەوازەییەی ولات بکات، کە ساڵانێکە ململانێ سیاسییەکان شپرزەیان کردووە، بەتایبەتی یەکخستنەوەی نێوماڵی کورد کە ئەرکێکی زۆر گرنگ دەبێت لەم قۆناغەدا، بەتایبەتی کاریزمایی سەرۆکی حکومەت دیفاکتۆیەک دروست دەکات کە تەواوی لایەنە بەشداربووەکانی حکومەت ناچاربن تەواوی بەرپرسیارێتی هەڵبگرن، چونکە وەک بینیمان لە کابینەکانی پێشوودا لایەنەکانی بەشداربوو لە حکومەت قاچێکیان لە حکومەت و قاچێکیان لە ئۆپۆزسیۆن بوو، بەڵام لەم کابینەیەدا ئەم کارە ئەستەم دەبێت.

### ئەندازیاری ئارامی و ئاشتی، کاریزمایی دەوڵەتداری

یەکێک لەخاڵە بەهێزەکانی رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) ئەوەیە کە ئەزموونی پێشووی لە ئەنجوومەنی ئاسایش نموونەیەکی بێوێنەی لەسەرکەوتن تۆمارکرد، چونکە لەو ماوەیەدا کەسەرپەرشتی کردنی ئەم دەزگا هەستیارەی کەوتە ئەستۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست کەوتە قەیرانێکی نامۆی ئەمنی و شالاوی تیرۆر جەنگی تایەفەگەری زۆربەی ولاتانی ناوچەکەی گرتەوە، دواتر شالاوێکی تیرۆلیستی لەژێر چەندین ناوی جیا لەوانە گروپی تیرۆلیستی داعش رووی لەناوچەکە کرد و هێرشی بۆ سەر زۆربەی وولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست دەستپێکرد، ئەوەی شایەنی باسبێت بەهۆی هەنگاوە ژیرەکانی رێزدار (مەسرور بارزانی) بەدرێژای ئەو ماوەیە هەرێمی کوردستان بەئارامی مایەوە تەنانەت ئارامی هەرێمی کوردستان بوو بەدەرگایەک بۆ ولاتانی تری ناوچەکە و وەک خاکێکی فریاد رەس وەها بوو بۆ پەنابەرانن ئەگەر زیاتر ووردبینەوە هەرێمی کوردستان تاکە ناوچەی ئارام بەدرێژای ماوەی چەندین ساڵ و ملیونان پەنابەر روویان لەهەرێمی کوردستان کرد، بگرە زۆربەی چاودێرانی سیاسی هەرێمی کوردستانیان ناولێنابوو دورگەیەکی ئارام لەناو دەریایەکی پڕ لەئاگردا.

لێرەدا ئارامی هەرێمی کوردستان بگرە رزگاربوونی ئەو ژمارە بەرچاوەی پەنابەران بۆ بەتوانایی و کارامەیی سەرکردەی پاڵەوان رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) دەگەرێتەوە کەشایەنی ئەوەبوو کە ئەفسانەی تێکشاندنی تیرۆر ناوی بنرێت، بۆیە دەکرێت لێرەدا بڵێین رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) نموونەیەکی وەها پیرۆز و گرنگی لە پاراستنی ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشکەشکرد ئەو ئەزموونە بەمانایەک دێت کە لەئەزموونی داهاتوودا سەرکەوتنی زۆر خەیاڵی تۆمار دەکات.

### گرنگیدان بەگەنجان

هەنگاوێکی تری سەکەتوو لەپرۆسەی دەوڵەتداریدا کە رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) زۆر بوێرانە ئەنجامی دا، گرنگیدان بوو بە هێز و توانای گەنجان و خوێنی نوێ لەپرۆسەی فەرمانرەوایدا، وەک دەبنین لە یەکەم پرۆسەی کاری حکوومرانیدا زۆر بوێرانە، گەنجانی شارەزا و دڵسۆز و ئەکادیمی و پسپۆڕی هێنایە ناو پرۆسە هەستیارەکەی دەوڵەتدارییەوە ئەمەش نیشانەیەکی زۆر گرنگە سەرکەوتنی پرۆسەی حوکمداریمان پێدەڵێت چونکە لەم کابینەیەدا هێزی گەنجان پشکی شێرییان بەرکەوتووە تارادیەکی باش سوود لەتوانای ئەزموون و پسپۆڕ گەنجان وەرگیراوە.

### بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری

یەکێکی تر لەهەنگاوە گرنگەکانی رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ حکومەتی ناوند بەمەبەستی چارەسەکردنی تەواو قەیرانی دارایی و زاڵبوون بەسەر کێشەو گیروگرفتەکان چونکە لەئێستادا ئاسۆیەکی روون بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان دەرکەوتووە، چونکە ئەزموونی سەرکەوتووی پێشووی رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) وادەکات کە جەماوەر ئەو متمانەیەیان هەبێت کە هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا دەتوانێت تەواوی کێشەکانی لەگەل بەغدا چارەسەر بکات و کێشەو قەیرانی دارایی لەگەل عێراقدا کۆتایی بێ بێت و بگەنە چارەسەرێکی کۆتایی.

### بنیاتناوەی پەیوەندییەکان


یەکێک لەو سێکتەرانەی کە رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) زۆر سەرکەوتوانە کاری لەسەر دەکات و پیدەچێت لەکابینەی نوێیەمدا زۆر سەرکەوتوانە بتوانێت جێبەجیی بکات، پەرەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەرێگەی هەماهەنگییەکی بەرفراوان و تۆکمەکردنی پەیوەندییەکان لەگەل ولاتانی جیهان و جا لەرێگەی نوسینگەی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم بێت یان وەزارەتی دەرەوەی عێراق بێت، لەلایەکی ترەوە پرسی ریفۆرم لەسێکتەرە گشتیەکانی تر و نەهێشتنی سیماکانی دوو ئیدارەیی یەکێکی تر دەبێت لەو بوارانەی کە لەم کابینەیەدا زۆر سەرکەتوانە کارەکانی جێبەجی دەکرێت بۆیە جەماوەر لەئێستادا متمانەیەکی زۆر بەهێزیان بەتوانا و ئیرادەی سەرکەوتنی کابینەی نوێیەم هەیە.

یەکێک لەهەنگاوە گرنگەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بنیاتناوەی پەیوەندی تۆکمەیە لەگەل حکومەتی بەغدا بەجۆرێک ئەگەر تیرامانێک بۆ سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بکەین و سەرنجێک لەدیدارە دیپلۆماسیەکان بدەین کەتەواوی دیدارەکان لەسەر ئاستی لوتکە بەرێوەچوون، لەکەمتر لەچەند کاتژمرێک سێ دیداری لوتکەی دیپلۆماسی لەنیوان سەرۆکی حکومەتی هەرێم و هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق بەرێوەچوو، ئەمەش چەندین رەهەند لەخۆ دەگرێت ئاسۆیەکی روونمان پێنیشان دەدات کە لەنزیکترین کاتدا تەواوی پرسە ناکۆکەکان چارەسەر دەبن.

### پرسی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە کابینەی نوێیەم کاری لەسەر دەکات یەکلاییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و چارەسەکردنی پرسی ئەو ناوچانەیە کەبەهۆی رووداوە نەخوازراوەکەی دوای 16ی ئۆکتۆبەر داگیرکراون، لەئێستا کابینەی نۆیەم زۆر بەووردی کار لەسەر چارەسەکردنی ئەم پرسە دەکات چونکە رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا باسی لە پرسی کەرکووک و زەروورەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کردووە، چونکە هەمیشە رۆڵی کاریگەر و سەرکەوتوانەی رێزدار (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان زۆر خیرابووە ئەمەش وادەکات کە هەموو کوردستانیان و کەرکووکیەکان بەهەنگاوەکانی کابینەی نۆیەم زۆر دلخۆشبن بۆ چارەسەری گرفتەکانیان، لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێت رێزدار کاک (مەسرور بارزانی) ئەوەی لێی چاوەڕوان دەکرێت، کەهەنگاوی زۆر نایاب و تایبەتمەند بنێت گۆرانکاری نەوعی لە ژیان گوزەرانی هاوولاتی بکات و بێگومان ئەگەرێکی زۆر بەهێزە بەم هەنگاوانە ببێتە رەمز بۆ سەرکردەیەکی گەنج و کوردستانیش ئەزموونێکی تاقیکراوەی سەرکەوتووی ئەکادیمی و گەنجی سەرکردەی دەبێت.

*** ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق**



## بەشێنەیی

**کاروان محەممەد سینۆ**

# دەرهاوێشتەکانی هەڵوەشانەوەی رێککەوتنی ئەتۆمی

رۆژی هەینی رابردوو، بەبڕیاری دۆناڵد ترامپ، ئەمریکا تاکلایەنە لە رێکەوتنی نەهێشتنی مووشەکی ئەتۆمی مام ناوەند و کورت هاوێژ (INF) کشایەوە کە ساڵی 1987 هەردوو سەرۆکی ئەمریکا (رۆناڵد ریگن) و سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت (میخائیل گۆرباچۆڤ) ئیمزایان کردبوو.

لەم رێکەوتنەدا و هەردوولا رێک کەوتبوون لەسەر نەهێشتنی کێبڕکێ و پەرەدانی چەکی ئەتۆمی. هەروەها هاردوولا رێکەوتبوون کە مووشەکی هەڵگری کڵاوی ئەتۆمی مەودا کورت و مام ناوەند (500 کلم تاکو 5500 کلم) لەنێو جەبەخانەکانیان لەناو ببەن. هەڵبەت ئەم رێکەوتنەیان، لە حوزەیرانی ساڵی 1988 کەوتە بواری جێ بەجێ کردن، ئەمەش بووە ئەگەری نەمانی جەنگی سارد لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و جۆرێک لە هێمنی و ئارامی سەرانسەری جیهانی گرتەوە و مرۆڤایەتی دوورکەوتەوە لە هەڕەشە و مەترسییەکانی جەنگی ئەتۆمی.

بەڵام کشانەوەی ئەمریکا لەم رێکەوتنە (بەهەر بیانۆیێک و هەر هۆکارێک و خەتای هەر لایێک بێت)، پێم وایە دیسان جەنگی سارد لە نێوان ئەمریکا و روسیا بەرپا دەبێتەوە و دیسانەوە لەسەر ئاستی سیاسەتی جیهان و نێودەوڵەتیش، دووبارە سیستەمی دووجەمسەری باڵ بەسەر سیاسەتی جیهان و نێودەوڵەتیدا دەکێشێت و دووبارە وڵاتانی جیهان بەسەر ئەم دوو جەمسەرەدا دابەش دەبن، بەڵام ئەمجارە بەلەبەرچاوگرتنی گۆڕانکاری و پێشڕەچوونی زانستی و تەکنۆلۆجیای لە چاو سەردەمی شەڕی ساردی یەکەم!، ئەمجارە شەڕی سارد (شەڕی ساردی دووەم) زیاتر لە بواری تەکنولۆجیا و (سیبرانیەت) و بازرگانی و گەمارۆی بازرگانی و سەرچاوەکانی وزە دەبێت.

لێرەدا بەشێنەیی دەڵێم.. ئامانج لە شەڕی ساردی دووەم زاڵبوونی هێزی ئەتۆمییە لەجیهاندا. بۆیە ئەگەر (لە دوا کاتدا) ئەمریکا و روسیا نەگەیشتن بە چارەیەک بۆ ئەم قەیرانەی نێوانیان، پێم وایە روسیا لەجیاتی ئەوەی بەتەنیا رووبەرووی ئەمریکا ببێتەوە، ئەم جارە هاوپەیمانییەکی ئەتۆمی پێکدەهێنێت لەگەڵ (چین و کۆریای باکوور) و هەروەها هەوڵدەدات کە بەزووترین کات ئێران ڕاکێشێتە نێو ئەم هاوپەیمانییە و هەموو زانست و زانیارییەکی پێویست بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی پێشکەش بە ئێران دەکات. هەوەرها رووسیا هەوڵدەدات کە تورکیاش ڕاکێشێتە نێو هەمان هاوپەیمانی پاش ئەوەی قەیرانی نێوان ئەمریکا و تورکیا تەشەنەی کردووە پاش کڕینی مووشەکەکانی (S-400) رووسی. ئێستا تورکیا ئامادەیە بە جۆرێک لەجۆرەکان هاوپەیمانی لەگەڵ روسیا ببەسێت، بۆ ئەوەی دوور لە سیاسەتی ئەمریکا  گوشار بخاتە سەر رۆژ ئاوای کوردستان، کەواتە (لەسایەی سەری پەکەکە) دوارۆژی رۆژئاوای کوردستان لەمەترسی دایە و دوورنییە رۆژهەڵاتی فوراتیش بە دەردی (عەفرین) بچێت. بەم شێوەیە هەڵوەشانی رێکەوتنی نەهێشتنی مووشەکی ئەتۆمی مام ناوەند و کورت هاوێژلە نێوان رووسیا و ئەمریکا، دەرهاوێشتەی نەرێنی دەبێت بۆ سەر کوردستان و رۆهەڵاتی  ناوەراست بەگشتی.

شایانی باسە لەمیانەی نوسینی ئەم چەند دێرەدا، بیستم حکوومەتی هیندستان بڕیاری حوکمی زاتی هەڵوەشاندەوە لە هەرێمی (کشمیر)ی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا. لەو باروەڕەدام کە ئەم هەڵوێستەی هیندستان دەبێتە ئەگەری قەیرانێکی مەزن لەنێوان هیندستان و پاکستان کە هەردووکیان دوو وڵاتی ئەتۆمین. کەواتە هەروەها کشانەوەی ئەمریکا لە رێکەوتنی نەهێشتنی مووشەکی ئەتۆمی مامناوەند و کورت هاوێژ، دەرهاوێشتەی نەرێنی دەبێت بەسەر هەموو جیهاندا دەبێت.

# ململانێکانی ناوچەکەو خۆپارێزی کورد





**شیروان بەوزانی***

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە چەند ساڵی رابردوودا رووبەرووی قەیران گەلێکی زۆر بۆتەوە، ئەم قەیرانگەلەش جیهانی دابەش کردووە بەسەر دوو جەمسەری دژ بەیەکدا، کێشەکانی رۆژ فراوان بوون و تا دێ گەورەتریش دەبن، لە بەرامبەر دۆزینەوەی رێگاچارەکانیشدا گۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستەوەستانە و هەتا ئێستا هەوڵەکان بێ ئاکام بووە ، تەنانەت نەتەوەیەکگرتوەکانیش کە بە خاڵی یەکلاکەرەوەی قەیرانەکان دەناسرێ ناتوانێت چارەسەر بۆ کێشە کان بدۆزێتەوە، ئاماژەیەکی رونە کە کۆتایی تاک جەمسەریی ئەمریکا بەدەر کەوتوە ،ئەگەرچی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەیە  بەرای گشتی رابگەیەنێ کە هەتا ئێستاش ئەو خاوەنی بڕیاری سەرەتا و کۆتاییە لەسەر هەموو شتەکان.

ئەوەی لە ماوەکانی رابردودا بەدی کرا هەندێک هێزی دیکەی بڕیار بەدەستە لەگۆڕەپانی نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتی دا ،بەتایبەت لە شەڕو کێشە کانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ، ئەگەر دۆخی سیاسی سوریا بهێنینە پێش چاومان ئەو بەریەکەوتنە سیاسی و بەرانبەر یەک وەستانە سەربازیانەی رویدا و ئەو جەنگی بەوەکالەتەی لەو وڵاتەدا بەرێوە دەچێت بەرونی بوونی دوو جەمسەری بەهێز و ململانێی ئەو دوو جەمسەرە بەدی دەکرێ کە روسیا نوێنەرایەتی جەمسەرێکی دەکات و ئەمریکاش ئەوی دیکەی، رونتر بڵێین فرۆشتنی سیستەمی بەرگریی موشەکی s400 روسی بە تورکیا و هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ دژایەتی کردنی ئاماژەیەکی رونی دیکەیە بۆئەوەی کە ئەمریکا لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیدا تەنها نییە و رکابەری بەهیزی هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە چین ئەو وڵاتەی کە خودان ئابووریەکی بەهێزە و چەند ساڵێکە بە فراوانی پەلی هاویشتووە بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان هاوپەیمانی روسیایە لە هەوڵی شکاندنی هەیبەت و هەژمونی ئابووری و سیاسی و سەربازی ئەمریکا بەسەر گۆڕەپانی جیهاندا. ئەمەش وای کردووە کە ئەمریکا و خودی سەرۆک ترامپ هەوڵی سنوردارکردنی ئابووریەکەی بدەن، تایبەتر لە نێو خودی ئەمریکادا و ڕاگرتنی کارەکانی کۆمپانیای بەناوبانگی (هەواوی) ئەو راستییەی بەرجەستەکرد کە ئەمریکا لە دۆخە سیاسیە جیهانییەکە پێویستی بە مانەوەی زیاتر هەیە و لەبەرامبەر ئەو دژبەریەدا دەبێت خۆی زیاتر بەهێز و تەیار بکات، لەلایەکی تریشەوە ئەو دژبەریەی کە لەگەڵ ئێراندا تووشی بووە دەبێت هەوڵی سەرکەوتن بدات تێیدا تا لە گرنگترین ناوچەی جیهان کە دڵی وزەی جیهانیە هەژمونی خۆی لەدەست نەدات، ئەو گەمارۆیانەی کە خراونەتە سەر ئێران لە رووی ئابوورییەوە گورزێکی کوشندەیە، بەڵام پێناچێ ئەو گورزە کاریگەری جددی لەسەر دەوڵەت هەبێت هێندەی خەڵکی سڤیل و کەم دەستی ئێران زیانمەند دەبن، لەلایەکی ترەوە ئەوەی بەدی دەکرێ ئەمریکا نایەوێت لە قۆناغی ئێستایدا هیچ گورزی سەربازی بوەشێنێ هەرچەندە لەماوەکانی رابردوو ئەمریکا فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوانی کەوتەخوارەوە و لەبەرامبەردا تەنها چەند لێدوانێک بەدی کرا هەرچەندە ماوەیەک لەمەوپێش سەرۆک ترامپ گوتبووی "فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوانی ئێرانمان لە گەروی هورمز خستۆتە خوار". لەبەرامبەردا ئێران ئەو لێدوانە بە بێ بنەمای لە قەڵەمدا، ئێران لەهەوڵەکانی نەوەستاوە کەشتیەکی نەوت هەڵگری بەریتانی دەستبەسەر کردووە و بەرەو بەندەر عباس ڕاپێچی کردووە، هەوڵەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا بۆ رزگارکردنی ئەو کەشتی یە بەردەوامە، بەڵام ئێران سورە لەسەر ئەوەی کە رازی نابێت لە بەزاندنی سنوور و سەروەریەکانی، ئەمە دۆخەکە بەرەو ئاراستەیەکی دی دەبات کە ئەو سەری تونێلەکە دیار نەبێت، هەرچەند پێ دەچێت دۆخەکە ئاڵۆزی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت چونکە ئێران مل بۆ گەمارۆ و فشارەکانی ئەمریکا نادات و رۆژ بە رۆژ یاخی تر دەبێت و بەهێزی زیترەوە بەرەو روی ئەمریکا دەوەستێتەوە، وێرای هەموو ئەوانەش ئێران راشکاوانە دەڵێت پیتاندنی یۆرانیۆم رانا گرین و بەردەوام دەبین، ئەمەش کێشە بۆ ناوچەکە زیاد دەکات، لە بەرامبەر هەستیاری دۆخەکەشدا ناکرێ ئەمریکا لە قۆناخی دەستەوەستانی ئێستایدا بهێنێتەوە و گوشارەکانی بە کردەنی نەکات، چونکە ئەگەر هەر ئاوا کات لە بەردەم ئێران دا کراوەبێت ئەوا دەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و لە رووی ئابووریشەوە گەشە بەخۆی دەدات چونکە ئێران ئەو ولاتەیە کە تاڕادەیەکی زۆر پشتی بە سەرچاوەی کشتوکاڵ بەستوە و تواناکانی بۆ ئەم کەرتە وادەکات کە تا ڕادەیەک خۆی لەبەردەم گەمارۆدا ڕابگرێ و نەکەوێ، ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەمەریکا نابێت ئەو دەرفەتە بڕەخسێنێ کە ئێران سوود وەر بگرێ و خۆیشی بە دەست بەتاڵی لێی دەرچێت. ئەوەی جێگای سەرنجی زیاتر و هەڵوەستەکردنە وڵاتانی دراوسێی ئێران لە ئەگەری شەڕ زیانمەند دەبن و پڕیشکی ئەو ئاگر و ناکۆکیانە بەرئەوانیش دەکەوێت ئەگەر هەستیارانە لەگەڵ رووداوەکاندا مامەڵە نەکەن، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کە هاوسنوورە و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر یەک هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ئێران لە ناوچەکەدا هەژمون و نفوزی زۆری هەیە، هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا ئاسان نییە و پێویستە حکومەتی هەرێم لەو سیاسەتەی بەردەوام بێت کە بێلایەنیە و خۆ تێوەنەگلاندنە لەو ململانێیانە.

ئەوەی گرنگە حکومەتی هەرێم خۆی ئامادە بکات بۆهەر ئەگەر و پێشهاتێک کە بەزیانی خەڵکی کوردستان نەشکێتەوە بەڵکو هەوڵ بدات بەسودی خەڵکی کوردستان بشکێتەوە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کورد لەو جەمسەرگیریەدا کە لەناوچەکەدا هەیە راستەوخۆ خۆی تێ نەگلێنێ و خۆی بەلایەکدا نەشکێنێتەوە چونکە کورد خاوە دەوڵەت و سیادەی سیاسی خۆی نییە هەتا بە زیانی کەم لێی دەرباز ببێت، دەبێت هەوڵەکان بۆ ئەوەبێت هەرێمی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوین لە نەخشەی نوێی جیهانی دا جێگا بگرێت، بەتایبەت ململانێ و رووداوەکانی کە ئەمرۆ لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش روودەدەن و گۆڕانێک لە سیستمی نوێی جیهانیدا بەدی دەکرێت سودی لێ وەربگرێت و جێ پێی خۆی وەک هەرێمێکی بێ سەروەری و شوناسی نێودەوڵەتی، بەڵام دیفاکتۆیەک لەناوچەکەدا بەهێز بکات.

*** بەرپرسی ناوچەی پیرەمەگرون**

وون بوون
دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێل لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٧٧٧٩٨ هەولێر تایبەت بەناوی خالص محمد سعید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
وون بوون
ناسنامەی ئاسایشی سلێمانی بەناوی زانا حسین احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ون بوون
- پێناسێکی دەرچووی بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان بەناوی شەهید( حسین عباس حسین) کەشەهیدی سەنگەرە و ناوی وارسەکەی (علی حسین عباس) وون بووە،هەرکەسێ دەیدۆزێتەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژنامەی خەبات.
* * *
وون بوون
ناسنامەی پۆلین کردنی کۆمپانیاکان ناوی کۆمپانیا بەریبان ژمارەی ناسنامە ١١٤٩ بەناوی دلزار قرنی اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
محكمة احوال شخصية اربيل/٣
العدد: ٢٨٥٨/ش٣/٢٠١٩
التاريخ: ٢٠١٩/٧/٢٩
اعلان
المدعية (عزراء فؤاد عثمان)
المدعى علية (كوران ابراهيم فرج) محل اقامتك مجهول
اقامت زوجتك المدعية اعلاه الدعوى الشرعية المرقمة (٢٨٥٨/ش٣/٢٠١٩) لدى محكمتنا و التى تطلب فيها (تفريق للهجر) و لمجهولية محل اقامتك بموجب اشعار مختار منطقة (كركوك محلة امام قاسم) لذا قررت المحكمة تبليغك عن طريق جريدتين يوميتين تصدر فى العراق لغرض الحضور امام محكمتنا فى صباح يوم المرافعة (٢٠١٩/٨/٢٩) الساعة التاسعة صباحا او من ينوب عنك قانونا وفى حالة عدم حضورك امام المحكمة ستتخذ الاجراءات القانونية بحقك بموجب القانون.
القاضي/ صباح قادر كاملا
* * *
محكمة احوال شخصية اربيل/٣
العدد: ٢٨٥٧/ش٣/٢٠١٩
التاريخ: ٢٠١٩/٧/٢٩
اعلان
المدعية (عزراء فؤاد عثمان)
المدعى علية (كوران ابراهيم فرج) محل اقامتك مجهول
اقامت زوجتك المدعية اعلاه الدعوى الشرعية المرقمة (٢٨٥٧/ش٣/٢٠١٩) لدى محكمتنا و التى تطلب فيها (نفقة) و لمجهولية محل اقامتك بموجب اشعار مختار منطقة (كركوك محلة امام قاسم) لذا قررت المحكمة تبليغك عن طريق جريدتين يوميتين تصدر فى العراق لغرض الحضور امام محكمتنا فى صباح يوم المرافعة (٢٠١٩/٨/٢٩) الساعة التاسعة صباحا او من ينوب عنك قانونا وفى حالة عدم حضورك امام المحكمة ستتخذ الاجراءات القانونية بحقك بموجب القانون.
القاضي/ صباح قادر كاملا
* * *
مديريه الجنسيه والاحوال المدنيه لمحافظه اربيل الواقعات
عدد/ ١١٠٨٣
تاريخ/ ٢٠١٩/٨/١
اعلان
قدم المواطن (عبدالستار جبار صابر) دعوى فى هذه مديريه تسجيل اللقب (دزەيى) فمن لديه اعتراض مراجعه هذه المديريه خلال ١٠ ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام الماده ٢٤ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
اللواء/ هيثم فاضل الغرباوی
مدير الاحوال المدنيه والجوازات والاقامه/وكالة
* * *
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقودين :١- حسن مراد عباس ٢- شاهه صالح عفدو٣- عليه حسن مراد ٤- فرحان حسن مراد ٥- عباس حسن مراد ٦- اسيا حسن مراد ٧- احمد حسن مراد ٨- حليمه حسن مراد ٩- فارس حسن مراد
قدم السيد / فلاح حسن مراد طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانكم بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / علي حسن كريبان
* * *
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٢٠٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/٢) ك (١٠) سوێرێ ڕێگای گشتی هەولێر- خەبات لای ڕاست بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
نزار حسين عبدالله
ی. بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە:٢٠١٨/٢٦٤٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/١
ئاگاداری
گلدانەوەی سامانی گوازراوە
بۆ قەرزار (نقيب مصطفى احمد) شوێنی نیشتەنی نادیار
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری گلدانەوەی جێبەجێکردن (الحجز التنفيذي) لەسەر سامانی گوازراوە (سیم کارتی ژمارە ٠٧٥٠٤٤٨١٨٤٤) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بڕی پارەی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار تەنها ماندووبوونی پارێزەر بۆ خاوەن قەرز (پارێزەر/ ڕێدار بکر حامد) بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی (سیم کارتی) ئاماژە پێ کراو بەپێ یاسا.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤١٣ / ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٤ / ٨ / ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : هيبت عبدالكريم سلمان
ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ل کێشا ژمارە ( ٤١٣ / ش/٢٠١٩ ) ل ڕوژا ( ٢١ / ٧ / ٢٠١٩ ) بگەهاندا ڕەها کچا تە و داواکاری ( علی خالد اوسو ) یا مری ( سوزان ) ژ دایك بوون ( ١٩٩٠/٨/١ ) جهێ بوونا وێ ل زاخو و سەلماندنا مرنا کچا تە و داواکاری ( سوزان ) ل ڕوژا ( ١٩٩١/٤/٢٠ ) وجهێ مرنا وێ ترکیا / بلە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو ڤێ دادگەهێ ل دیڤ دەڤێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بڕیاری
زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێیت ڕوژانە و تە مافێ
نەرازیبونێ وپێدا چوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بڕیار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر/ دارا طاهر توفيق
* * *
دادگەها کاروبارێ کەسایەتی زاخو
ژمارە : ١٣ /کاروبار / ٢٠١٩
مێژوو : ٢٠١٩/٨/٤
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو ( بدل هادی عیدو ) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ سێمێل / کوندێ سێجێ , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .
ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا ( ٢٠١٩/٨/١ ) ل داوا ژمارە ( ١٣/کاروبار/٢٠١٩ ) بڕیاردا ب پەسەندکرنا بەردانێ ( تصديق الطلاق ) ، ژبەر دیارنەبینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ بڕیاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە یێن نافخویی و ڕۆژانە دا , دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب بڕیارێ , و تە مافێ نەرازیبین و پێداچوونێ هەیە د ماوێ یاساییدا و بەرڤاژی بڕیار دێ پلا دووماهیکێ وەرگرت.
دادوەر/ يوسف الياس سدن
* * *
دادگەها کەتن زاخو
ژمارە : ١٠٧٣ /ج/٢٠١٩
مێژوو : ٢٠١٩/٧/٣٠
بو/ تومەتبارێ ڕەڤی / ( ریبر شفيق حسن )
ئاگەهداری
دەمێ تو یێ تاوانباری ب کیشا ژمارە ( ١٠٧٣ /ج/٢٠١٩ ) ل سەر بەندێ ( ٢٧٩ / یاسایا سزایی) و ژبەرکو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە ئەڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب ئاگەهدارکرنا تە بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕوژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ( ٨ /٩ / ٢٠١٩ ) بو دادگەهکرنا تە وبەروڤاژی ڤێ جەندێ دێ دادگەهکرنا تە ئێتە کرن ب ( با شمله ) لدوویڤ یاسایێ.
دادوەر/ خالد سليمان مصطفى
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/شەقلاوە
ژمارەی دۆسیە/١/انابە/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٥/١٢
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی شەقلاوە موڵکی ژمارە ١٦٨ ك ٥١ جنێران کە کەوتوتە شەقلاوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار سعادة صادق حمدامين کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی اسماعيل بهجت جوهر بەبڕی/ ١٢٠،٠٠٠،٠٠٠ سەدو بیست ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / عيسى حمد حسێن
١ – شوێن و ژمارەی/ شەقلاوە- گوندی جنێران - ١٦٨ ك ٥١ جنێران
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی دێمی بۆ گەنم و جۆ گونجاوە
٥ – ڕووبەرەکەی/٥٩٩٠٠ م٢ پەنجا و نۆ هەزار و نۆ سەد مەتر دوجا/ بەشی قەرزار بریتییە لە ٢٦٨٠م٢ دوو هەزار و شەش سەدو هەشتا مەتر دوجا
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/ نییە
٧- نیشتەجێکەی/ نییە
٨ – نرخی قرساو/ ٥،٣٦٠،٠٠٠ پێنج ملیۆن و سێ سەدو شەست هەزار دینار.
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٢٦٨٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٦
ئاگاداری
بۆ/ ڕۆژگار محمد یابە/ خاوەن شركة طيران
Holiday Planners
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوەخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (رمزيه صابر محمد) کە بڕی (١٨،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری دادی هەولێر/ کالێ قادر پیرۆت
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٨/٥
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سفين كمال امين ٢٥٪ نەوروز كمال امين ٢٥٪ هەوراز كمال امين ٢٥٪ دلسۆز كمال امين ٢٥٪) لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم
مريوان قرەنی ابراهيم

ئامێرەکان:
١- ڕۆتۆری دروستکردنی کرێمستی بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠٠ خط کامل ٦٠٠٠ لە ١ سعات.
٢- تونێل دوو هێلی تەواو دروستکردنی ئایس کرێمی جۆراوجۆر ١٢٠٠٠ لە ١ سعات بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای خط کامل K.W١٢٠.
٣- ڕۆتۆری دروستکردنی کرێمستی موشەکی ١٠٠٠٠ لە ١ سعات بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W١٥٠ خط کامل.
٤- ڕۆتۆری دروستکردنی کرێمستی دوودار ئیرانی بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ ٦٠٠٠ لە ١ سعات توانای K.W١٠٠ خط کامل.
٥- دوو هێلی تەواویی تونێل دروست کردنی ایس کرێمی جۆراوجۆر / ١٠٠٠٠ لە اسعات دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W١٣٠.
٦- تونێلی دوو هێلی خط کامل ایس کریم حسیری و کۆرنیتۆ ١٢٠٠٠ لە ١ سعات دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W١٥٠/ ئیرانی
٧- کۆمپرێسەری هەوایی سێ پارچەیی بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٥ گەورە.
٨- کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥٠
٩- هێلی گرتنەوەو گەرم کردن و ساردکردن و تعقیم کردن ٥ طن لە ١ سعات/ دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W١٠٠
١٠- دەزگای گرتنەوەی قاوە ئیرانی مۆدێل ٢٠١٥ ١ طن توانای K.W٥٠ کۆنترۆڵ
١١- هێلی سی ئای پی خاوێن کردنی بۆڕیەکانی ئامێرەکان دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W١٠
١٢- دوو خەزانی شیر ١٠ طن *٢ دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*٤،٥
١٣- چلەری ساردکردنی شیر بێ ژمارە دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W٨٠ هێلی تەواو
١٤- محطەی تصفیەکردنی ئاو دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠/ خەزانی ئاو
١٥- بۆیلەری هەڵم و بوخار بێ ژمارە مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥ گەورە
١٦- ١٥ خەزانی ٣ طەنی خەزنی شیر دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥*٣
١٧- ١٠ دە فرێزەی بەستەنی تێکردنی مۆطە ٦٠٠٠ لتر لە ١ سعات دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W١٠*١٢
١٨- ٤ دانە تێکردنی مۆطە ٢٥٠٠ لە ١ سعات دروستکراوی ئێرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤*١٠
١٩- کۆگای ساردکردن و بەستانی مۆطە و کرێمستی دروستکراوی المانین مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤*١٥ ٤ کۆمپرێسەر
* * *
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٦٥٤/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٧/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ جودی عبدالرحيم محمد
دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ١١٠/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤێسینگەها برایتی یا نەهێلانا گونەهباریا لدیڤ بەندێ (٢٩٢/ دگەل بەندێن هەڤپشك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بونا تە نەیێ نەدیارە بڕیار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٦ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملله (غيابی) لدیڤ یاسایی.
دادوەر/ بيان اديب رشيد
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگەها کەتن ل سێمێلێ
ژمارە: ٦٥٥/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٧/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ هفال عبدالرزاق جنبلی
دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ١١٤/اساس/٢٠١٨ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤێسینگەها برایتی یا نەهێلانا گونەهباریا لدیڤ بەندێ (٢٩٢/ دگەل بەندێن هەڤپشك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بونا تە نەیێ نەدیارە بڕیار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٢ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملله (غيابی) لدیڤ یاسایی.
دادوەر/ بيان اديب رشيد
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤٢٧/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٧/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ ریناس سليمان علی
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٢٧/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابوور ب هژمار ٢٠١٨/٩٢ ل سەر مادده ٢٨٩ ژ یاسا سزا، ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بڕیار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٠/٩ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملله ل دویڤ یاسایێ.
دادوەر/ حسين صالح ابراهيم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤٤٠/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٧/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ قتيبة عبدالله رسول
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٤٠/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن برایەتی ب هژمار ٢٠١٨/٢٤ ل سەر مادده ٤٠٥ ژ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بڕیار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٠/١٧ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملله ل دویڤ یاسایێ.
دادوەر/ حسين صالح ابراهيم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤٥١/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٧/٢٤
ئاگەهداری
بۆ/ تومەتبارێ ڕەڤی/ بشار يونس عبدالرحمن
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٥١/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن کەلەکچی ب هژمار ٢٠١٨/٢٣٤ ل سەر مادده ٤٠٦/١-أ ژ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بڕیار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/١٠/١٧ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملله ل دویڤ یاسایێ.
دادوەر/ حسين صالح ابراهيم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
* * *
لیژنا بڕیارا (٢٢٢) لسالا ١٩٧٧ لپارێزگەها دهوکی
ئەوا تایبەت بجهێنانا یاسا ژمارە (٥) یا سالا ٢٠٠٧
ژمارە: ٥
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٧/٣
ئاگەهداری
بوخودانێت ماڤێ پێتچوونی لپارچا ژمارە (٤/٢٤) کەرتێ ٨٥/ اومر خوشان (خليل ادريس محمد صالح و فاطم عزو عثمان و سعدی و القاصر سليمان كورێت مجيد سركول)
لیژنا پیکهاتێ لدیڤ بڕیارا (٢٢٢) لسالا ١٩٧٧ لپارێزگەها دهوکێ ئەوا تایبەت بجهێنانا یاسا ژمارە (٥) لسالا ٢٠٠٧ یارابوی ب کوژاندنا ڕووبەرێ (٢٦٣/ دونم و ٦/ اولك و ٨٩/م٢) ژ پارچا ژمارە (٤/٢٤) کەرتێ ٨٥/ اومر خوشان ئەوا ڕووبەرێ وێ یێ گشتی (٢٦٨/ دونم و ٥/ اولك و ٨٩/م٢) بو سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکری لدیڤ یاسا سەری دیارکری. ئەڤجا هەوە یان هەر کەسەکێ ماڤێ سەرەدانا لێژنا کوژاندنێ یێ هەی بو لێنێرینێ لسەر بڕیارا لێژنا کوژاندنا ژمارە (١) ل ٢٠١٩/٧/٢ بکەن (ئەوا تایبەت ب کوژاندنا هەمی ڕووبەرێ پارچێن سەری دیارکری) ل دادگەهێ دەماوێ (١٥) ژ ڕوژا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د ڕوژنامێدا وپشتی بورینا ڤێ ماوەی ماڤێ نەرازیبوونێ نابیت.
سەرۆکی لیژنێ
د. لزگين حجی عساف
ڕێڤەبەرێ گشتی یێ چاندنا پارێزگەها دهوکێ
* * *
دادگای بەرایی شەقڵاوە
ژمارە: ١١٣/ب/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٦
جاڕدان
داوالێکراوان: (جمال و کمال و جلال و جبار و سعدیە) کچ و کوڕانی (احمد حسن إبراهيم) و (زیوار و زیاد و زرارو حسن و زاهرو هێرش و زریان و سەیران) کچ و کوڕانی (قادر حسن) و (بدیعە حمدامین قادر) و (ازاد و رزگارو سلام و هەژارو ئاراز و رشید و گلیزار و نادیە و ئاهەنگ و سروەو سنور) کچ و کوڕانی (إبراهيم رشيد احمد) و (وریاو وشیارو سردرا و سەربەست و نسرین و بفرین و نرمین) کچ و کوڕانی (حسن إبراهيم قادر).
داواکاران: (شهناز و ڕۆشەن منداڵانی محمد علی) بریکاری پارێزەریان/خسرۆ عبدالله شمس الدين
داواکاران داوای بەرایی ژمارە (١١٣/ب/٢٠١٨ لەم دادگایە لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای نەهێشتنی پشکداریان (إزالە شيوع) کردووە لە موڵکی ژمارە (٦٥کەرتی ١بساتين) وە دادگا بڕیاری پاشملەی دەرکرد بە نەهێشتنی پشکداری (ازالە شيوع) لە داواکە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (شەقڵاوە/گەڕەکی سەرمەیدان) بۆیە بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بڕیاری سەرەوەتان پێ ڕادەگەیەنین وە ئێوەش مافی نارەزایی دەربڕین و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/رشاد خالد عمر
***
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە: ٢٤٩/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٥
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (ڕەوەند علی محمد)
ئاماژە بەداوای ژمارە (٢٤٩/ش/٢٠١٩) کە تایبەتە بە داوالێکراو (ڕەوەند علی محمد) کە جۆری داواکە بریتییە لە (تصديق طلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەڕەکی (تورەق) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا لەبەرواری ٢٠١٩/٧/٢٩ بە پێڕاگەیاندنت بەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یان بریکاردارت لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەڕۆژی دادگایی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٣٠ کاتژمێر ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادگایی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/مسعود سعيد صديق
* * *
فەرمانگەی دادنووس عەنکاوە
ژمارە: ٣٤٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٥
ئاگاداری
بۆ (شيماء محمد عبد) پاش ئەوەی دەرکەوت کە شوێنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (ئاشتی و مارت شمونی) لە بەرواری ٢٠١٩/٨/٥ کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە جێگات نادیارە بۆیە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بۆ ئاگاداربوون بەو هۆشدارییە کە بڕێز (بربارە سيدە يلدا) ئاراستەی کردوویت بە ژمارەی هۆشداری (١٢٢٩٩/٦٠) لە ٢٠١٩/٨/٥ لە فەرمانگەکەمان دەرچووە، بۆیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی فەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
دادنووسی یەکەمی عەنکاوە/ڤیان صائب محمد
* * *
زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان
بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان/ه.خۆیەتی
ژمارە: ١/١ر/٣٧٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٤
بۆ بەڕێز (م.ی.سۆران احمد عزيز) بەناونیشانی (مامۆستای یاریدەدەر) ب.بیرخستنەوە(اخطار)
لەبەر نەهاتنت بۆ دەوامی فەرمی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٥ تاکو ئێستا بەبێ هۆ و ئاگاداری، بۆیە داوات لێدەکەین بگەڕێیتەوە سەر کارەکەت لەماوەی(٧)حەوت ڕۆژ ئەگەر لەناو هەرێم بیت،وەلەبەرماوەی (٣٠)سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێم بیت، بەپێچەوانەوە بەپێی برگەی (٢) لەمادەی (٣٧) لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ڕاستکراو، کۆتایی بە ڕاژەکەت دەهێنین وبەدەست بەرداربوون دەژمێردرێت.
پ.د.احمد أنور دزەيى
ڕاگر بەوەکالەت
* * *
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزايدة العلنية) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە (١) یەك لە پارکی (منارە) لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بە پێی یاسایی ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٥) لەناو دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە(تامينات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.
ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهۆك
ژمارە: ٢٠١٩/١٤٨٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٦
پێڕاگەیاندنی فرشتنی بنبڕ
بۆ قەرزار/سلڤانە حسيب مجيد
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت, بۆیە بەپێی ماددەی ٢٧ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیاردان لە ڕێی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین کە (الابنيە والمنشات)ی ئێوە بە بنبڕی فرۆشرا بە بڕی (١٧،٢٨٠،٠٠٠) هەڤدە ملیۆن و دووسەد و هەشتا هەزار دینار لە جیاتی بڕی پارەی خاوەن قەرز بەپێی ماددەی سەرەوە، بڕیاردرا فرۆشتنەکەتان پێڕابگەیەنین تاوەکو لەماوەی ١٠ دە ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێڕاگەیاندنی قەرزەکە بدەنەوە کە بڕی (٨٩،٨٩٢،٠٠٠) هەشتاو نۆ ملیۆن و هەشت سەد ونەوەت و دوو هەزار دینار، بە پێچەوانەوە مولکەکە بەپێی یاسا بەناوی کڕیار تۆمار دەکرێت.
ژڤان عزيز محمد
ڕێڤەبەر(جێبەجێکاری داد)
* * *
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
(بەشی کارگێری)
ژمارە: ٢٠٦٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٣١
بۆ بەڕێز (خليل إبراهيم عبدالقادر) فەرمانبەرێ گرێ بەست سەرۆکاتیا باژێرڤانیامە ب ناڤ و نیشان (شوفێرێ قەلاب)
ب/هۆشداری (اخطار)
ل دیڤ یاسایا بەرزەڤتیا فەرمانبەرا ئاگەهداریا هەوە دکەین کو تو ل ڕوژا ٢٠١٩/٧/٢٣ نەهاتیە سەر کرایێ خو ویێ بەر دەوامێ ل سەر دابڕینێ پێتڤی ئەگەر تو ل ناڤ و ولاتیدا بی و بو دەمێ (٧) ڕۆژاو ئەگەر تو دەرڤەی ولاتی دابی بو دەمێ (٣٠)ڕوژا پەیوەندی بجهێ کارێ خو بکەی، بەروڤاژیا ڤێ چەندێ ئەم دێ هەمی کریارێن یاسایی دەرحەقی تە وەرگرین.
سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ/بلند رضا زبير
* * *
دادگایی تێهەڵچوونەوە/بەشێوەی ڕەسەن
ژمارە: ٤/س/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/٤
جاڕدان
بۆ/تێهەڵچوو لەسەری سێیەم/نسرين عبدالكريم سعيد/شوێنی دانیشتنی نادیارە تێهەڵچوو/ سفين نوری إسماعيل/ بریکاری پارێزەر(سامی إبراهيم ڕۆژبەیانی)
داوای تێهەڵچوونەی ژمارە ٤/س/٢٠١٩ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی موختاری گەڕەکی کشتوکاڵ لە ٢٠١٩/٧/٢٩ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یا بریکاری یاسایت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٣ کاتژمێر ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپێی یاسا.
سەرۆك/شوان حبيب صالح
* * *
دادگای کەتنی خەبات
ژمارە: ٥٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٥
بۆ/تۆمەتباری هەڵاتوو: طه إبراهيم طه
ب/ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بە پشت بەستن بەمادەی ٢٣مرور دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ٢٠١٩/٩/٢٩ کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی مادەی (٢٣/مرور) لەیاسای سزادانی عێراقی لە داوای ژمارە ٢٠١٩/ك/٥٧ بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/سمكۆ ڕۆستم سمين
* * *
دادگای کەتنی خەبات
ژمارە: ٤٩/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٥
بۆ/تۆمەتباری هەڵاتوو: محمد خالد عبدالله بكر
ب/ئاگادارکردنەوە
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بە پشت بەستن بەمادەی ٢ی مۆبایل دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ٢٠١٩/٩/٢٩ کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی مادەی (٢/مۆبایل) لەیاسای سزادانی عێراقی لە داوای ژمارە ٢٠١٩/ك/٤٩ بە پێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/سمكۆ ڕۆستم سمين
* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٦٠٦/ك/٢٠١٩/١
بەروار: ٢٠١٩/٧/٣١
بۆتۆمەتباری هەڵاتوو/كامل مغديد همزه
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بەمادەی/١٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی . دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٣) لەیاسای (سزاکان) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
داوەری یەکەم/گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە: ٦٠٢/ك/٢٠١٩/١
بەروار: ٢٠١٩/٨/٤
بۆتۆمەتباری هەڵاتوو/نزار طاهر انور
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بەمادەی/١٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی . دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٣) لەیاسای (سزاکان) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
داوەری یەکەم/گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای بارى کەسی هەولێر/٢
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارەك ٢٠١٤/ب/٢٠١٨/٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ خالد صديق حسن
داواکار(بەڕێوبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (گرووپی بەهار بۆ بازرگانی گشتی و بریکارنامەی بازرگانی/سنوردار) سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە (٢٠١٤/ب/٢٠١٨/٢) لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داواداکات بە گەڕانەوەی ئەو قەرزەی کەلاتە بەبڕی ٢٢,٥٢٧,٠٠٠ بیست و دوو ملیۆن و پێنج سەد و بیست و حەوت هەزار دینارى عێراقى، وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگاری هەولێر/گەڕەکی مەلایان)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناخۆی هەرێمی کوردستان بە نامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی ڕۆژی دادگایە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٩/٣٠ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٢) لەیاسای (خراب بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندیکردن) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
داوەری یەکەم/گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای بارى کەسی هەولێر/٢
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارەك ٢٠١٤/ب/٢٠١٨/٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٦
جاڕدان
بۆ داوالێکراو/ خالد صديق حسن
داواکار(بەڕێوبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (گرووپی بەهار بۆ بازرگانی گشتی و بریکارنامەی بازرگانی/سنوردار) سەرەڕای کارەکەی) داوای ژمارە (٢٠١٤/ب/٢٠١٨/٢) لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داواداکات بە گەڕانەوەی ئەو قەرزەی کەلاتە بەبڕی ٢٢,٥٢٧,٠٠٠ بیست و دوو ملیۆن و پێنج سەد و بیست و حەوت هەزار دینارى عێراقى، وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگاری هەولێر/گەڕەکی مەلایان)، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناخۆی هەرێمی کوردستان بە نامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی ڕۆژی دادگایە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٩/٣٠ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٢) لەیاسای (خراب بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندیکردن) بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
داوەری یەکەم/گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای بارى کەسی هەولێر
ژمارە: ٣٥/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٨/٦
جاڕدان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فڕۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٥٠٧٣٧/هەولێر) جۆری (نیسان پیکەب) مۆدیل(٢٠٠٨) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (قادر عزیز قادر) لەڕۆژی (٢١//٢٠١٩) کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ جا هەرکەسێك دەیەوێ بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بە نرخی (٩,٥٠٠,٠٠٠) دینار).
داوەری یەکەم/دیار محمد علی
***
داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤٩٩ /ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٦ / ٨ / ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : میعاد حسین علی جان
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە ( ٤٩٩ /ش/٢٠١٩ ) ل ڕۆژا ( ٢٠١٩/٧/٢٨ ) بڕێکڤەبونا داواکارێ ( ساندی ابراهیم محمد امین ) ژتە ل ڕۆژا ( ٢٠١٩/٧/٢٨ ) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بیاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕوژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وێبدا چوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
بەڕێوبەرایەتی کتێبخانەگشتیەکان
بەڕێوبەرایەتی کتێبخانەگشتیەکانی گەرمیان
بەروار ٦ / ٨ / ٢٠١٩
بانگەواز
بەڕێوبەرایەتی کتێبخانەگشتیەکانی گەرمیان لە شارۆچکەی کەلار ،هەڵدەستی بە زیاد کردنی ئاشکرا بۆ بەکرێدانی زیاتر لە (٥٠) جۆری کەل و پەلی لەکارکەوتووی جیاواز بە شێوەی زیاد کردنی ئاشکرا لەڕۆژی ٢٠ / ٨ / ٢٠١٩ ، ئەگەر ئەوڕۆژە کەوتە پشووی فەرمیەوە ڕۆژی دواترزیاد کردنەکە ئەنجام دەدرێ. کەرەستەلەکارکەوتوەکان بریتین لە جۆرەها مێزی کورسی وکورسی دەوار وسپلت وفەرشی ئیرانی وگسکی کارەبایی وقاعیدەی ئاو تەلەفزیۆن و سەتەلایت وتەلەفزیۆن و ڤۆڵتاج و ماتۆری ئاو ماتۆری موبەریدە وپانکەوساحیبەو سۆبا و هیتەر ودەرگا ئەلەمنیرم ودەرگای دار بۆژووری خواستنی کتێب وپانکەی سەقفی و جۆرەها کەەستەی تر.
کڕینی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و بانگەواز دەکەوێتەسەر کڕیار.
جیهان محەمەد ابراهیم/ بەڕێوبەری کتێبخانەگشتیەکانی گەرمیان
***
دادگای بارى کەسی هەولێر/٣
ژمارە:١٧٧٥/ش/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت:٢٠١٩/٧/١٦
جاردان
بۆ داوالێکراو (خالد عزیز هۆرۆ) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (١٧٧٥/ش/٢٠١٩/٣) دادگا بیاری دا بڕیاریدا لەسەر (جیابوونەوە) لەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/١٦ لەنێوان داواکار (یاسمین محمد نور حجی مصطفی) وە داوالێکراو (خالد عزیز هۆرۆ) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر- هەولێری نوێ بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
دادگای بارى کەسی هەولێر
ژمارە:٤٢/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٦
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فڕۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٣١٠٦١٠/هەولێر) جۆری (لیکزز LX) مۆدیل (٢٠١٣) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (حسین کریم حسین) لە ڕۆژی (٢٠١٩/٨/٢٨) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٤٢,٠٠٠,٠٠٠٠ چل و دوو ملیۆن دینار).
داوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە/ ١٣٨٣/ب/٢٠١٩/٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٥
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سداد بهجت محمد صالح)
داواکار (سنان هەورو یعقوب) داوای ژمارە (١٣٨٣/ب/٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (سداد بهجت محمد صالح) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری هەولێر (مختاری دووەمی گەرەکی ئازادی) لە ٢٠١٩/٧/١٨ بۆیە ئەم دادگایە بیاری دا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٨/٢٦) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ حسین علی محمد
***
دادگای بارى کەسی هەولێر/٤
ژمارە:١٩١٥/ش/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/٤
جاردان
داواکار (یوسف گنجۆ عزیز) لە داوای ژمارە (١٩١٥/ش/٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە داوای تۆمارکردووە تیایدا داوای (مراندنی وون بوو ( گنجۆ عزیز کریم) دەکات کە لە بەرواری (١٩٩٨/٧/٢٥) وون بووە بۆیە دادگا بڕیاریدا بەبڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەیەکی بەمەبەستی دیاری کردنی چارەنووسی ئەگەر لە ژیاندا مابێ ئەوا ئامادەبێت لەبەردەم ئەم دادگایە وە هەرکەسێکی تر ڕەخنەی هەبێت لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٨/٢٦) ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی بەردەوام دەبی و دادگا بڕیار دەردەکات بەپێی یاسا.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
کۆمپانیای کاوە احمد فتاح
بۆ بازرگانی گشتی/ پڕۆژەی تاکەکەس
ناونیشان/ سلێمانی/ کانیسکان کۆد/ ٤٠٧١
(ئاگاداری)
بۆگشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان... من پارێزەر (زمناکۆ سالار علی) کە بە پێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری(کۆمپانیای کاوە احمد فتاح/ بۆ بازرگانی گشتی/ پڕۆژەی تاکەکەس) کە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٧/٢٩) دا بڕیار دراوە بە دانانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا، ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێت و هەر کەس و لایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بە مەبەستی یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکاری کۆمپانیا
پارێزەر/ ڕێژین عبدالرحمن قادر
٠٧٧٠٢٤٨٨٠٠٨
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی وئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی (١٢) دوکان بۆ پیشەی جۆراوجۆر لە ناو کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بۆ ماوەی (١) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٨٦) ، جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری لە سۆران بدات بە مەبەستی ئاگاداربوون لە مەرجەکانی بەشداربوون لە زیادکردنەکە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ، سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی لە کۆمەڵگای حاجی ئۆمەران زیادکردنەکە بەڕێوەدەچێت ، بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێندراو گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.
نزار حسین عبدالله
ی. بەڕێوبەری گشتی بۆ کاروباری خانوبەرەی میری
٢٠١٩/٧/٢٨
***
دادگای بارى کەسی هەولێر
ژمارە:٤١/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٥
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فڕۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧١٨٩٠/هەولێر) جۆری (مازدا صالون) مۆدیل (١٩٨٨) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (انور قادر محمود) لە ڕۆژی (٢٠١٩/٨/٢١) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٢,٥٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار).
داوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
کۆمپانیای کاروان صلاح عبدالرحمن
بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ پڕۆژەی تاکەکەس
سەرمایەی کۆمپانیا (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار
(ئاگاداری)
بۆگشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان... من پارێزەر (دابان حمە صالح مصطفی) کە بە پێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری(کۆمپانیای کاروان صلاح عبدالرحمن بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئۆتۆمبێل/ پڕۆژەی تاکەکەس) کە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٧/٣١) دا بڕیار دراوە بە دانانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا، ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێت و هەر کەس و لایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بە مەبەستی یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکار
پارێزەر/ دابان حمە صالح مصطفی
٠٧٧٠١٥٢٧١٧٨
***
کۆمپانیای هامیار
بۆ بازرگانی گشتی
(ئاگاداری)
بۆگشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان... من پارێزەر (ڕێژین عبدالرحمن قادر) کە بە پێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای هامیار بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) کە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٨/٥) دا بڕیار دراوە بە دانانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا، ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێت و هەر کەس و لایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بە مەبەستی یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکاری کۆمپانیا
پارێزەر/ ڕێژین عبدالرحمن قادر
٠٧٧٠٢٤٨٨٠٠٨
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی وئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی (١٢) دوکان بۆ پیشەی جۆراوجۆر لە ناو کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بۆ ماوەی (١) ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٨٦) , جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوبەرایەتی خانوبەرەی میری لە سۆران بدات بە مەبەستی ئاگاداربوون لە مەرجەکانی بەشداربوون لە زیادکردنەکە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری , سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی لە کۆمەڵگای حاجی ئۆمەران زیادکردنەکە بەڕێوەدەچێت , بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بری پارەی خەملێندراو گشت خەرجییەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.
نزار حسین عبدالله
ی. بەڕێوبەری گشتی بۆ کاروباری خانوبەرەی میری
٢٠١٩/٧/٢٨
***
دادگای بارى کەسی هەولێر
ژمارە:٤١/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٥
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێت بە فڕۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧١٨٩٠/هەولێر) جۆری (مازدا صالون) مۆدیل (١٩٨٨) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (انور قادر محمود) لە ڕۆژی (٢٠١٩/٨/٢١) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٢,٥٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار).
داوەری یەکەم / دیار محمد علی
***

بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٥٧٤٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕێبوار فارس حمدامین) بۆ (بازرگانی و هێنانی ئاژەڵی زیندوو و بەروبوومی ئاژەڵ و پەڵەوەر/تاك) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٤٣٩٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فیلسوف) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (فیلسوف) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (قاسم محمد عزیز) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٨/٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (فیلسوف) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فڕۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١١٩٧١/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/٦
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فڕۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فڕۆشتنی ئەم پارچە زەویەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی (١٥) پازدە یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی زەوی/ ٤٥٥/٣٨ م ٤٥ وارش جۆری بەکارهێنان/ گەراجی باشوور ماوەی بەکرێدان/ یەك سال.
هاوپێچ/ مەرجەکانی گواستنەوە
١- دەبێت بەلێندەر پابەندی هەموو ڕێنماییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بێت.
٢- دەبێت بەلێندەر پابەندبێت بەو ڕێژەی (عمولە)ی کە دیاریکراوە لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.
٣- بەلێندەر بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە دەست وەردان بکات لە ڕێزبەندی ئۆتۆمبێلی هێلەکان.
٤- بەلێندەر بۆی نییە بەهیچ شێوەیەك دەست وەردان بکات لەپارەی بەرید چونکە بەرید مافی شوفێرە وە لەلایەن بەرپرسی هێل و فەرمانبەری گواستنەوە ڕێك دەخرێت.
٥- دانانی بارمتەی بەبڕی (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار لەلایەن بەلێندەر لە بەڕێوبەرایەتی گواستنەوەی هەولێر بەمەبەستی پابەندبوونی بەڕێنماییەکان وە لەکاتی هەبوونی هەر سەرپێچیەك، بەڕێوبەرایەتی گواستنەوە دەسەلاتی غەرامەکردنی بەلێندەری هەبێت بەبڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار.
٦- بەلێندەر دەبێت (ئاسایشی ناو گەراج بپارێزێت وە دانانی کامێرای چاودێری و ڕووناکردنەوەی ٢٤ کاتژمێری.
٧- بەلێندەر دەبێت پاك و خاوێنی ناو گەراج ڕابگرێت وە دانانی پاککەرەوە لەسەر بوودجەی خۆی.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

# نیوزیلەندا و یاسای چاودێکردنی چەک



**ئیمانوێل ستۆکیس**


نیوزیلەندا، کە تاکو ئێستا خەمبارە، دوای دوو هێرشە تیرۆریستییەکە بۆ سەر دوو مزگەوت. لە مانگی نیسانی رابردوودا، پەرلەمانی ئەو وڵاتە بە کۆی دەنگ، دەنگی لەسەر قەدەغەکردنی چەکی هێرشکردن و چەکی هاوشێوە دا. ئەو هەنگاوەش، کە یاسادانەران گرتیانە بەر، بە دڵی داکۆکیکاران لە کۆنترۆڵکردنی چەک بوو، لە سەرتاسەری وڵاتدا، بەو گوزارەیەی نموونەی کاری بە کۆمەڵی یەکلاییکەرەوەیە، لە وڵاتێکدا، کە تۆقاندن لە میانی دەستدرێژییەکان یەکێخستن، ئەوەی لە 15ی ئادار لە کرایسچێرش رووبدا و 51 کوژراوی لێکەوتەوە.

پاشان قەبەییەکە خاو بوویەوە، نەیاری زیادی لایەنەکانی پشتیوانیکەریش لە چەک لە نیوزیلەندا، بوونە بەربەست لەبەردەم کۆکردنەوەی هەموو چەکێکی قەدەغەکراو، بە گوێرەی بەرنامەیەک بۆ دووبارە کرینەوەدا. داکۆکیکاران لە کۆنترۆڵکردنی چەک دەڵێن: ئەو بڕە پارەیەی وەکو قەرەبووکردنەوە دەدرێت، لەوانەیە وەکو پێویست نەبێت، هۆشداریی بەرزبوونەوەی پێشبینیکراویشیان، لە فرۆشتنی چەک لە بازاڕی رەش دا. لە هەمان کاتدا، حکومەت رووبەڕووی کۆمەڵێک هەڕەشەی سەبارەت بە چۆنیەتی پیادەکردنی یاسا تازەکە دەبێتەوە. تۆماری نیشتمانی بۆ زۆرەها چەک نییە، کە یاسای قەدەغەکردن دەیانگرێتەوە، بە چەکی جۆری AR-15 نیمچە ئۆتۆماتیکیشەوە، ئەوەی لەکردەوەکانی تەقەکردنی بە کۆمەڵ لە ئەمریکا بەکارهێندرا، کە زۆر جاریش دەبێتە تەوەری گفتوگۆکردنی ئەمریکا، لە بارەی چاودێرکردنی چەکەوە. لە ئاکامی ئەوەدا، مەزەندەکان لە بارەی ژمارەی چەکە قەدەغەکراوەکان، بە شێوەیەکی فراوان جیاوازە. تاکو ئێستا، نزیکەی 700 چەک لە خۆراوە رادەست دەچێت لەمیانی داوایەکی دادگایی بە کۆمەڵ بێت. لە کێشەیەکی جیاشدا، دێڤید کریز، لە کۆکرەوەی چەکەکان، کە خۆی راوکەرە و بەشداریش لە پێشبڕکێیەکانی تەقەکردن دەکات دەڵێت: بیر لە بەرزکردنەوەی داوایەکی یاسایی، بۆ وەرگرتنی قەرەبوویەکی شایستە دەکاتەوە ، ئەوەی کە بە (دەست بەسەرداگرتنی مووڵک) وەسفی دەکات. دەشڵێت: لە چوارچێوەی بەرنامەی حکومەت بۆ دووبارە کرینەوەی چەکدا، نزیکەی 30%لە بەهای تەواوی دەیەها چەکی ئاگرین وەردەگرێت، ئەو چەکانەی بە دریژایی 50 ساڵ کۆی کردوونەتەوە. لەمبارەیەوە دەڵێت: بەنیاز بووم هەندێک لەو چەکانە بفرۆشم، وەکو پلانم بۆ خانەنیشن بوون، کۆمەڵە چەکەکانیشی بە (وەبەرهێنان) وەسف دەکات. چەندان کەسی دیکە، بەشداریان لە وتارێکی گەرمتردا کرد. پۆل کلارک، خاوەن کۆمپانیای فیشەک دەڵێت: پێم وایە بەشێکی زۆری خاوەن چەکەکان، هەوڵ دەدەن چەکەکانیان بشارنەوە. دەشڵێت: ئەگەر رێگە بە خاوەن چەکەکان نەدرێت، لە رێگەی سیستمی دادگاییەوە کێشەکەیان بخەنە روو، تاکە جێگرەوە شۆڕشە، لە وەڵامی پرسیاری، لیزا ئێرین، رۆژنامەوان لە رادیۆی نیوزیلەندا، ئەوە روون بکاتەوە وتی: بەپێت مەبەستم ئەوەیە کە وتم. پاشان لە وتەکەی پەشیمان بووبەوە و وتی: من بانگەشە بۆ تۆندوتیژی ناکەم. ئەمەو حکومەت بەهای دووبارە کرینەوەی بە رێژەی 95%، لە نرخی بنەڕەتی مەزەندەکراو، بۆ چەکی ئاگرینی تازە و نیمچەتازەی دیاری کردووە، بەهاکەش بۆ چەکە خراپەکان دادەبەزێت. هیچ ئاماژەیەکیش لە بەرپرسانەوە نییە بەوەی، رێژەی قەرەبووکردنەوەکان زیاد دەکرێت، باس لەوەش دەکەن، ماوەی لێبووردنەکە لە 20کانونی یەکەم کۆتایی دێت. فیلیپا یاسبیک، دامەزرێنەری بەشدار لە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکردنی چەک لە نیوزیلەندا دەڵێت: ئاستی کەمی رادەستکردنەوە چەک لە خۆڕا تاکو ئێستا، بەشێکی بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە، کە سەیری ئاستی قەرەبووکردنەوەکان دەکەن، بەر لەوەی وردەکارییەکان ئاشکرا بکەن. مایک کلیمینت، جێگری رێپێدراوی پرۆسەکانی نیشتمانی پۆلیسی نیوزیلەندا دەڵێت: ئێمە هانی خەڵکی دەدەین، ئارامی بپارێزن. دەشڵێت: ئێمە دەزانین ئێوە هاوڵاتی پابەندی یاسان، ئێوە هیچ گوناهتان لە هەڵگرتنی چەکدا نییە، کە ئێستا بووەتە شتێکی نایاسایی. ئاماژەی بەوەش کرد، لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی لێبوردنەکە، هیچ پاساوێک بۆ هەڵگرتنی چەک نامێنێت. ئەمەو دەسەڵاتدارانی نیوزیلەندا، ژمارەی چەکەکانی نێو وڵات بە نزیکەی 1.5ملیۆن چەک مەزەندە دەکەن، هەموو خاوەن چەکێکیش ئاگادار کراوەنەتەوە، پابەندی یاساکان بن. یاسبیک دەڵێت: یاسا تازەکە پێویستی بە جەختکردنەوە لە سەر رێوشوێنەکانی سەلامەتی گشتی هەیە، ئەوەش ژمارەی تۆماری ناچاری چەکەکان و تۆماری هەموو فرۆشیارەکانی فیشەک دەگرێتەوە.

و: ڕەمزی میرەکانی

**سەرچاوە:**
**www.alittihad.ae**

## کاریکاتێر




## ئەمڕۆ لە مێژوودا




**ساڵی 1798:**
ئەمەریکا دووڕگەکانی هاوای خستە ژێر رکێفی خۆی .



**ساڵی 1941:**
لە جەنگی دووەمی جیهان جۆزیف ستالین سەرکردایەتی هەموو سوپای سۆڤیەتی گرتەدەست .



**ساڵی 1960:**
کۆت دیگۆل سەربەخۆیی خۆی لە فەرەنسا ڕاگەیاند .




**ساڵی 1963:**
وەک ڕێگەیەک بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر حکوومەتی باشووری ئەفریقیا بۆ دووڕکەوتنەوە لە سیاسەتی جیاخوازی، نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە ئەندامانی کرد چەک ڕەوانەی ئەم وڵاتە بکەن .



**ساڵی 1998:**
هەردووک باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە دارولسەلام و نایروبی تەقێنرانەوە و لە ئەنجامدا 224کەس کوژران و 4500 کەسی دیکەش بریندار بوون .



**ساڵی 2010:**
خوان مانویل سانتۆس وەک سەرۆکی تازەی کۆلۆمبیا دەست بەکار بوو .

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/8/7 ژمارە (5806)

# ئەمەریکا لە نێوان ئەزموونی ڤێتنام و کۆریای باکووردا



کاروان جەلال بەگ

لە سەرەتای بەهاری ساڵی 1965لە ئان و ساتێکدا جەنگی ساردی نێوان ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە لوتکەدا بوو، خەریک بوو ڤێتنامی خواروو بکەوێتە دەست کۆمەنیستەکان، بێگومان ئەمە ئەمەریکای تووشی دڵەڕاوکێ و ترسێکی زۆر کرد لەبەر ئەوەی یاریەکە لە بەرژەوەندی بلۆکی کۆمەنیستی و یەکێتی سۆڤیەت تەواو دەبوو، بۆیە ئەمەریکا بڕیاری دا بەشداری لە جەنگەکەدا بکات، سەرەتا بیست و سێ هەزار سەربازی ڕەوانەی ڤێتنام کرد، بەڵام دواجار ئەمەریکا خزایە نێو شەڕەکە و ناچار بوو ژمارەی سەربازەکانی زێدە بکات، بەجۆرێک لە کۆتاییدا ژمارەی سەربازەکانی ئەمەریکا لە ڤێتنام گەیشتە نیو ملیۆن!گەریلاکانی ڤێتنام بە یەکێک لە هەرە بە دیسپلینترین هێزی گەریلای جیهان هەژمار دەکران و باکیان بە مردن نەبوو.

پرۆفیسۆری میژووی سەربازی گونار ئۆسەلیوس دەڵێت:" ژەنەراڵ گیاپ نووسیویەتی، ترس لە دوژمن و ترس لە مردن، ئاراستەی مەترسیداری ڕاستڕەوەکانە". بەڵام لە ڤێتنامی خواروو ئەو دیسپلینە نەبوو، کەچی زیانەکان زۆر زۆر بوون، کوژرانی 200هەزار سەرباز ئەمەریکییەکانیش 58 هەزار و 132سەربازیان لێ کوژرا، کە بۆ وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر بوو. دەنگی ناڕەزایەتی دژی شەڕی ڤێتنام تا دەهات لە جیهان و لە ئەمەریکا خۆیشی بەرز دەبووەوە، لە ساڵی 1968 تێگەیشتن کە زۆر زەحمەتە بتوانن ڤێتنامی سەروو بە چۆکدا بهێنن، بۆیە لە ساڵی 1973ئەمەریکا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی دا و ڤێتنامی خواروو بە چارەنووسێکی نادیار سپارد، زۆری نەخایاند لە مارسی 1975دا، ڤێتنامی خوارو ئاڵای خۆبەدەستەوەدانی بەرزکردەوە و لە 30نیسانی هەمان ساڵدا بەتەواوەتی خۆیدا بە دەستەوە. ڕاستە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە جەنگی ڤێتنام دۆڕان، بەڵام کاردانەوەی شەڕەکە بەمە نەوەستا و شەپۆلێکی سۆسیالیستی و چەپگەرایی بەدوای خۆیدا هێنا ، کە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بااڵی بەسەر زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپادا کێشا و دەرگای ڕادیکالیزمی زیاتر ئاوااڵ بوو. زۆر کەس لە ئەورووپا شەڕی ڤێتنامیان وەکو شەڕی گەورەی هێزی ئەمەریکا و نەتەوەیەکی جوتیاریی قارەمان و ئازا سەیر دەکرد.ئێستا نزیکەی پەنجا و پێنج ساڵ بەسەر شەڕی ڤێتنام تێدەپەڕێت هۆکاری شەڕەکە بە یەکجاری ئاسەواری نەماوە لەبەر ئەوەی ڤێتنام لە ساڵی 1986، پلانی ئابووری سۆسیالیستیان گۆڕی و بازاڕی ئازادیان کردەوە، بۆیە دەکرێ بێژین "ڕاستە لە شەڕەکەدا کۆمۆنیستەکان سەرکەوتن، بەڵام دواجار کاپیتالیزم تەپڵی سەرکەوتنی لێدا".دوای چوونی بۆ کۆشکی سپی یەکێک لە پلان و کارنامە هەرە گرنگەکانی تەرەمپ ڕێککەوتن بوو لەگەڵ کۆریای باکوور، لەبەرئەوەی تەرەمپ تێگەیشتووە لەوەی ئەمەریکا ناتوانێ شەڕی هەموو دونیا لەیەک کاتدا بکات بۆیە هەوڵ دەدات جەنگی سەربازی لە ڕێگەی ئابووری و دیبلۆماسی بکات و دۆستە نەیارەکانیشی لە یەکتر دوور بخاتەوە ئەو کات ئاسانتر دەتوانێ گەورەیی و زلهێزی خۆی بەسەر تەواوی زەمین بهێڵێتەوە.

تاکو ئێستا ئیدارەی تەرەمپ لە پلانەکانیان سەرکەوتووبونە بۆیە چاوەڕێ دەکرێت هاوشێوەی ڤێتنام ، کۆریای باکوور لە دووژمنێکی سەرسەخت و یاخی و مەترسیدار بگۆڕێت بۆ دۆستێکی نزیک!ڕێم وایە کیم جۆنگ ئون کەسێکی ژیرە و هاوشێوەی ڤێتنام سیستمی سۆسیالیستی وەلا بنێت و کاپیتالیزم شوێنی بگرێتەوە.بەم هەنگاوەش ئەمەریکا لە یەکێک لە دووژمنە مەترسیدارەکانی ڕزگار دەبێت و دۆستەکانیشی لە ناوچەکە متمانەی زێتریان لا دروست دەبێت.

ڤێتنام ئەو خاکەی شەڕێکی وای لەسەر کراوە هەرگیز لەبیرناکرێت، کەچی لە -2-27 2019هانۆی پایتەختی ڤێتام بووە وێستگەی دەستگوشینی نێوان دوو ڕکابەری لەمێژینە ئەمەریکا و کۆریای باکوور، و دواتر چەند ڕۆژێک لەمەوبەر و لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا ترامپ لەسەر سنووری نێوان هەردوو کۆریا لەگەڵ کیم کۆبوونەوە ، لەوانەیە پیۆنگ یانگ و واشنتۆنیش بەن بە دوو پایتەختی پێکەوە بەستراو !

## چەمکی سیاسی



## بەلشەڤیزم

مەزهەبێکە و لەلایەن لینینەوە داهێنراوە . ئەم چەمکە لە وشەیەکی ڕووسی ( بۆلشە ) داتاشراوە و مانای زۆرینەی ڕەها دەبەخشێ و لە سەردەمی جەنگی گەورەی ڕووسیا وەک چەمکێک دەرکەوت. ئەو کاتە کەمینەیەک لە لایەنگرانی لینین خۆیان دابڕی ، بەڵام زۆرینەی ڕەها لەگەڵ ئەودا مانەوە .

لینین پێی وایە مەحاڵە دەستەی کۆمەڵایەتی بتوانێ لە سیستمی سەرمایەداریەوە یەکسەر خۆی بگەیەنێتە سیستمی شیوعی ، بەڵکو ئەمە پێویستی بە ماوەیەکی ئینتیقالی هەیە کە تیایدا سیستمی هەرەوەزی پیادە بکرێ تا ئەو کاتەی عەقڵیەتی خەڵک گۆڕانی بەسەر دادێ .

سیستمی شیوعیش لە وڵاتانی سۆسیالیستی دەوەستێتە سەر بیرۆکەی یەکێتی دەوڵەت و دەسەڵات و لادانی هەموو سیماکانی قۆزتنەوە و دابەشبوونی کۆمەڵ بۆ تایەفەی جیاجیا و بونیادنانی سیستمێکی سۆسیالیستی بۆ کۆمەڵگە.

## مانشێت




**سکای نیوز:**
لە عەمبارگەیەکی چەک و تەقەمەنی سەر بە سوپای ڕووسیا لە سیبیریا چەند تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا و دەسەلاتداران 11هەزار کەسیان لە ناوچەکە دوورخستەوە



**ڕۆیتەرز:**
چین هۆشداری دایە ئەمەریکا لەوەی مووشەکەکانی بە ئاسیا و ئۆقیانووسی هێمندا بلاو نەکاتەوە.



**ڕۆژنامەی ئەلحەیات:**
هیند یەکلایەنە مافی ئۆتۆنۆمی لە هەرێمی کشمیر ستاندەوە ، پاکستانیش ئەمە بە هەنگاوێکی نایاسایی وەسف دەکات.



**ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:**
وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر کشانەوەی ئەمەریکا لە پەیماننامەی INF سەرۆکی ڕووسیا ڕایگەیاند ئەمە لەوانەیە وڵاتەکەی ناچار بکات پەرە بە موشەکەکانی بداتەوە .



**سی ئێن ئێن :**
لە ڕاپۆرتێکدا نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆریای باکوور بە مەبەستی پێشخستنی چەکی کۆمەڵکوژ هێرشی ئەلیکترۆنی لە دژی چەندین بانک ئەنجام داوە و پارەیەکی زۆری لێیان دزیووە.



**کەنالی ئار تی:**
وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاند کە دوای چوونەدەرەوە لە یەکێتی ئەورووپا ، وڵاتەکەی بە مەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی ڕووسیا و ئێران کار لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی دەکات.

# سەلامەتی گەشتیاران لە تێڕوانینی هاوڵاتیانەوە چۆن دەپارێزرێت؟



دوای نژەنکردنەوەی هاوینەهەواری بێخاڵ بۆتە جێگای زیاتر راکێشانی سەرنجی گەشتیاران

لە 30ی تەموز لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران چەند وەزارەتێک راسپێردران کار بکەن و هەماهەنگی دروست بکەن بۆ دەرکردنی ڕێنمای بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران و هاوڵاتیان لە شوێنە گەشتیاریەکان، لاپەڕەی گەشتوگوزار بەباشیزانی بۆچوونی ژمارەیەک هاوڵاتی لە ڕێگەی تۆڕی سۆشیال میدیاوە لەسەر ئەم بابەتە وەربگرێت:

**ئازا کەمال:** ئوتوبان و ڕێگای گونجاو دروستبکری بۆ گەیشتن بە شوێنە گەشتیاریەکان، ڕێنمایی گەشتیاری و پۆلیسی گەشتیاری لە شوێنی پێویست و خزمەتگوزاری تەواو لە شوێنە گەشتیاریەکان دابنری، نەک پرد و قاندرمەکان لە کەونە دەرکەو پاشماوە دروستبکرێ.

**ئاری گەلالی:** چەند خاڵێک دەخاتەروو: پۆلیسی گەشتیاری لە شوێنە گەشتیاریەکان هەبێت، پاڵپشت دابنرێت لەشوێنە گەشتیاریەکان، کۆمپانیا گەشتیاریەکان پابەند بکرێن لەگەڵ هەر گرووپێک کەسێکی مەلەوانی شارەزایان لەگەڵ بێت، گرنگی دان بە وەرزشی مەلەوانی لە پڕۆگرامی خوێندن لەلایەن وەزارەتی پەروەردە، فەراهەم کردنی مەلەوانگە لە شارەکان، کردنەوەی خولی فێربوونی مەلەوانی بە نرخی گونجاو لە لایەن کەسانی شارەزا.

**هەرێم جەلال:** ناوچە شاخاوێەکان کاری تەکنیکی و بەربەستی دیواری پێویستە بەگشتیش ڕۆشنبیری پێشوازی لەگەشتیار لای هاوڵاتیانی ناوچە گەشتیاریەکان زیادبکرێ و ناوچە گەشتیاریەکان لە ململانێی سیاسی و سەربازی دوربن، تیمی ڕزگارکردنیش ئامادەبیان لە شوێنەکانی گەشتیاری هەبێ.

**عوسمان حاجی سەلام:** شوێنی خێزان لەشوێنە گەشتیاریەکان ، بچوکە و لەبارنیە، ڕێگاوبانەکان بکرێن بە دووساید، بنکەی پۆلیس لەشوێنە گەشتیاریە قەرەبالەغیەکان دابنرێ. نەبونی تەوالێت لەزۆربەی شوێنە گەشتیاریەکان بە خاڵێکی زۆر مەترس دادەنرێ لەسەر سەلامەتی گەشتیاران، چونکە هەندێکیان تووشی نەخۆش دەبن لە کاتی هەبوونی پێویستی.

**سەید ئەسعەد:** من پیم باشە تابلۆی جوان بنووسرین بۆ نموونە ئەو شوێنانەی مەترسیدارن گەشتیا ر ئاگادار بکرێنەوە ئەوشوێنانە پێویستیان بە پاکوخاوێن ڕاگرتنە بە نووسینی تابلۆ ئاگادار بکرێنەوە ئەو ڕێگایانە بۆ شوێنە گەشتیاریەکان دەچن لە ڕێگا تابلۆ زیاد بکرێن و دووری شوێنەکە بە کیلومەتر دیاربکرێت.


**عومەر سیاحە:** پێویستە مۆلەتی کارکردن نەدرێتە هیچ پڕۆژەیەکی گەشتیاری گەر هەموو مەرجەکانی سەلامەتی گەشتیاریان نەبێت بە تایبەت پڕۆژەکانی ڕۆخ ڕووبارەکان.

## ئامادەکاری پێویست بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیاران کراوە

دەستەی گشتی گەشتوگوزار ڕایدەگەیەنێ کە پێشوازیکردن لە گەشتیاران لە بۆنە و جەژنەکان لە چوارچێوەی پلانی سالانە کاری بۆ دەکرێ و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشتوگوزار بۆتە سیستەم و لەسەرجەم جەژنەکان ڕێکاری پێویست دەگیرێتەبەر بۆ پێکهێنانی لێژنە لە شارو شارۆچکەکان و شوێنەکانی گەشتیاری بۆ پێشوازیکردن لە گەشتیارن و بۆ بەدواداچوونی کەموکورتی و سەرپێچی و پێشکەشکردنی هەندێک خزمەتگوزاری. شوێنەکانی گەشتیاریش بە تایبەت میوانانەکان و شوێنی مانەوە و بازارەکانیش ئامادەکاری خۆیان دەکەن، هەروەها لایەنە پەیوەندارەکانی وەک پۆلیس و ئاسایش لە لای خۆیانەوە ڕێوشوێنی پێویست دەگرنەبەر.

## هاوینەهەواری مێرگەپان

یەکێک لە ناوچە گەشتیاریە سەرنجڕاکێشەکانە، دەکەوێتە سنووری قەزای دوکان، لە پشتی چیای پیرەمەگروونەوە بە دووری 31کم لە خۆرئاوای شاری سلێمانییەوە هەڵکەوتووە. ناوچەکە بە دارودرخت و سەوزایی داپۆشراوە، کەوتۆتە پانتایی دۆلێکی فراوان لە نێوان دوو زنجیرە چیای بەرز، لەبەر جوانی و فێنکی ناوچەکە، دەریاچەیەک و مۆتێل و ژمارەیەکی زۆر کەپری گەشتیاری و شوێنی پشوودان بۆ گەشتیاران و میوانان دروستکراون.



## ئەرکی وەزارەتە پەیوەندارەکان بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران

**نادر روستی**

کابینەی نۆیەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کارنامەی خۆی لەبەشی ئابووری کەرتی گەشتیاری وەک یەکێک لەسەرچاوەکانی داهات تەماشا دەکات، بۆیە ئەیەوێت بایخ بەو کەرتە بدات، پاراستنی سەلامەتی گەشتیاران و دڵنیاکردنەوەیان لە گەشت و ژیانێکی خۆش لە هەرێمی کوردستان پاڵنەرێکی بەهێز ئەبێت بۆ زیادکردنی جوڵەی گەشتیاری و هاتنی گەشتیاری زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە بە پێویستی ئەزانم چەند پێشنیارێک بۆ پاراستنی سەلامەتی گەشتیاران پێشکەش بەو وەزارەتانە بکەم کە ئەنجوومەنی وەزیران ڕایسپاردوون کە کار لەسەر ڕێنمای و هەماهەنگی بکەن بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران و هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان.

**یەکەم: ئەرکەکانی وەزارەتی ناوخۆ:**

١. بەکار خستنەوەی بڕیاری دامەزراندنی پۆلیسی گەشتیاری بۆ سەلامەتی گەشتیاران.
٢. کارئاسانی زیاتر لە بازگەکان بکرێ تا گەشتیار زۆر هیلاک نەبێت.
٣. زیادکردنی تابلۆی ڕێگا نیشاندەر بە تایبەت ناوچە شاخاویەکان.
٤. دانانی ژمارەیەکی تەلەفۆنی لە لایەن پۆلیس بۆ سکالاکانی گەشتیاران.
٥. زیاد کردنی پۆلیس لەو شوێنانەی گەشتیار بە زۆری ڕووی تێدەکات، شارەکانی یاری، هاوینەهەوار، بازاڕی شەوان.
٦. هەبوونی دادگایەک بۆ ڕۆژانی جەژن، یان بە گشتی دادگایەک بۆ سکالاو کاروباری گەشتیاران دیار بکرێ و ڕۆژانی پشوش دەوامی هەبێ.
٧. بەرگری شارستانی تابلۆی ڕێنمای بۆ شوێنەکانی مەترسیدار زیاد بکات، یان هەندێک ناوچەی زۆر مەترسیدار پەرژین یان سیم بکات. ناوچەکانی گەشتیاری بە بڕیار ناچار بکات سەر ڕووبارەکان پەرژین بکەن.
٨. پەرژین یان چەپەری سەلامەتی بۆ هەندێک شوێنی ڕووبارەکان دابنرێ بۆ گرتنەوەی ئەو کەسانەی دەکەونە ئاو، ئەگەر گیانیشیان ڕزگار نەکات تەرمەکان وون نابن.
٩. لە یەکەم بازگە کارت بە گەشتیار بدرێ و لە هیچ بازگەیەکی تر ڕانەگیرێ و لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکرێ.
١٠. ڕاهێنان بەو کارمەندانە بکرێ کە پێشوازی لەگەشتیاران دەکەن لە بازگە و فڕۆکەخانە و خاڵەکانی سنوور.
١١. هاوکارمان بن لە پێدانی ئاماری هاتنی گەشتیاران لە کاتی خۆی.

**دووەم : تەندروستی**

١. لە ڕۆژانی جەژن تیمی فریاکەوتن یان خەفەریات هەبێت. بە تایبەت بنکەکانی نزیک شوێنی گەشتیاری
٢. ئەمبولانس بۆ هاوینەهەوارەکان تەرخان بکرێ.
٣. لێژنەی تەندروستی چاودێری بۆ پاکوخاوێنی بنکەکانی گەشتیاری زیاد بکات، یان بە گشتی لێژنەی هاوبەشی شارەکان کارا و چالاک بکرێ.

**سێیەم: ژینگە**


١. دەستەی ژینگە لێژنەی چاودێری بۆ ڕێگەوبان و ڕووبارەکان و سەرچاوەکانی ئاو و شوێنەکانی گەشتیاری پێک بێنێت و لەڕۆژانی جەژن و پێش جەژن شوێنەکان بەسەر بکەنەوە و ڕێنمای بدەن لە پیس نەکردنی ژینگە و سەرچاوەکانی ئاو و ڕووبارەکان و زیان نەگەیاندن بە دارستان و سەوزایەکان و شوێنە خۆرسک و سروشتیەکان.

**چوارەم: شارەوانی و گەشتوگوزار**

١. شارەوانی و کۆمپانیاکانی پاکردنەوە ڕۆژانە شوێنەکانی گەشتیاری و شەقامە گشتیەکان پاک بکەنەوە.
٢. ڕێگای بۆ ناوچەکانی گەشتیاری دەڕوات فراوان بکرێن و قیر بکرێن.
٣. گرنگی بە ئاودەست دانان لە هاوینەهەوارەکان بدرێ، ئەوەی هەیە پاک ڕابگیرێ، ئەوشوێنەی نیەتی بۆی دابنرێ، لەسەر ڕێگە گشتیکانیش گرنگی پێ بدرێ و میکانیزمی گونجاو بۆ پاراستنی تەوالێتەکان دابنرێ.
٤. گرنگی بە سەرچاوەی ئاوی پاک لە ناوچەکانی گەشتیاری بدرێ.
٥. ڕێگری بکرێ لە فڕێدانی زبڵ و پاشماوە بۆ ناو ڕووبارەکان بە تایبەت ئەو ئاوەی بۆ هاوینگە وسەیرانگەکان دەڕوات.
٦. سەیرانگە و شوێنەکانی دەم ئاو و ڕووبار ناچار بکرێن مەلەوان یان ڕزگارکەریان هەبێت، هەروەها یەلەگ، هەروەها پەتی ڕزگار کردن هەبێت، شوێنی نەشیاو و مەترسیداریش پەرژین بکرێن.
٧. گرنگی بە مەلەوانگەی شارەکان بدرێ و زیاد بکرێن تا گەشتیار ڕوو لە ڕووبارەکان نەکەن.
٩. باخ و سەیرانگەکان هانبدرێن مەلەوانگە دروست بکەن کە مەترسیدار نەبن.
١٠ ـ خولی مەلەوانی بۆ کارمەند و خاوەنی هاوینەهەوار و سەیرانگەکان بکرێنەوە و فێری ڕزگارکردنی گەشتیاریان بکەن.

## ئەم شوێنە بناسە

## هاڤینگەها دەشتا تەخ




ئەف هاڤینگەھ دکەڤیتە باکورێ باژێرێ زاخو سەر ب ناحیا دەرکار عەجەم ڤە نزیکا ٢١ کم دیرە ژ ناڤەندا سەنتەری ، ئەف هاڤینگەھ جهەکێ زێدە خوش و دلڤەکەرە د کەڤیتە سەر سنورێ باکور و باشورێ کوردستانێ بەر لێڤا روبارێ هیزل ، چەندین کەپرێن گەشتیاری ل ڤێ هاڤینگەهێ هەنە ئەڤ کەپرە ب شێوەکێ مودرن و سەردەمیانە ل سەر روباری هاتینە دروستکرن، جهەکێ فێنک و ئارامە، ڕۆژانە سەدان گەشتیار سەردانا ڤی جهی دکەن بۆ بوراندنا دەمێن خوش.

**ئا: بێوار سندی**

## نامەیەکی دکتۆرا لەسەر سیستەمی بەڕێوەبردنی گەشتوگوزاری هەرێم لە بەریتانیا بەدەست هێنرا

**بە سیستەم کردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، بناغەی پێشکەوتنە بۆ یەکە کارگێڕیەکان، بۆیە هەندێک ولات و حکومەت خەونی پێوە دەبینن.**

دەستەی گشتی گەشتوگوزار چۆن یەکەم دامەزراوە بوو لە وەرگرتنی بڕوانامەی ئایزۆی نێودەوڵەتی، ئەمڕۆش بەهەمان شێوە یەکەم دامەزراوەیە کە بە سیستەمی بلانسید سکۆر کاردس لەم چەند ساڵەی ڕابردو کاری کردوە، بۆیە بۆ یەکەم جارە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لە سەر جێبەجێکردنی سیستەمەکە تێزی دکتورا لە یەکێک لە گەورەتین زانکۆکانی جیهان (زانکۆی برایتونی بریتانی) ئەم سیستەمەی BALANCED SCORECARDS پێشکەش دەکرێ و نامەی دکتۆرای پێوەردەگیرێت. سیستەمەکە یەکێک لە پێشکەوتوو ترین سیستەمی کارگێری جیهانیە کە دەستەی گەشتوگوزار تاکە دامەزراوەیە جێبەجێی کردوە و جێبەجێ دەکات. بەم بۆنەیەوە دەستەی گشتی گەشتوگوزار پیرۆزبای گەرم ئاراستەی خاتوو (مهاباد سید علی) دەکات، کە نامەی دکتۆراکەی لەم بواره بە دەست هێناوە.




نامەی دکتۆرا

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/8/7 ژمارە (5806)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

# ئەمڕۆ لە یارییەکانی پاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا بەحرێن و سعودیە، کوەیت وئەردەن لەیارییەکی بەهێزدا بەیەکدەگەن



**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

ئەمڕۆ چوارشەممە لەهەولێرەی پایتەختی هەرێمی کوردستان، یارییەکانی کۆمەڵەی دووەمی پاڵەوانیەتی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ تۆپی پێ لەیاریگای فرەنسۆهەریری لەنێوان هەڵبژاردەکانی بەحرێن و سعودیە، کوەیت وئەردەن بەڕێوەدەچێت.

لەیاری یەکەمدا کاتژمێر 7:30خولەک هەردوو هەڵبژاردەی بەحرێن وسعودیە لەیارییەکی بەهێزدا ڕووبەڕووی یەکترەبنەوە، هەروەها لەیاری دووەمدا کاتژمێر 9:30 خولەک هەردوو هەڵبژاردەی کوەیت وئەردەن لەیاریگای نێو دەوڵەتی فرەنسۆ هەریری بەیەکدەگەن، هەردوو یاری گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە لەزۆر ڕووەوە ، بەتایبەتی لەیاری ڕابردوو بەحرەین بەئەنجامی تاکە گۆڵێکی بێ وەڵام لەئەردەنی بردەوە و 3خاڵی گرینگی دەستەبەر کرد، واپێشبینی دەکرێت یارییەکەی سبەی بۆ هەمووان زۆر گرینگ و هەستیار بێت، هەمووان هەوڵی بردنەوە گەیشتن بەیاری کۆتایی دەدەن، بەڵام تاکۆتایی پاڵەوانیەتیەکە هێشتا زۆر ماوە ئاست و ئەنجامی هەڵبژاردەکان یەکلایی بکرێتەوە.

جێی ئاماژە بۆکردنە ئەم پێنجەشەمەیە لەیاریگای نێو دەوڵەتی کەربەلا ، هەڵبژاردەی عێراق و سوریە ڕووبەڕووی یەکترەبنەوە، عێراق دوو یاری بردۆتەوە و لەکاتێکدا ئەم یارییەش بباتەوە ئەوا بەپلە یەکەمی کۆمەڵەی سەردەکەوێت و قۆناغی کۆتایی.

# کۆرۆس: زەحمەتە ریال بتوانێت بگەڕێتەوە دۆخی جارانی

تۆنی کرۆسی ئەستێرەی هێلی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئەوەی دووپات کردەوە کە یانەکەی دەیەوێت بەباشترین شێوە یاری بکات، بۆ ئەمەش هەمووان هەوڵی ئەوە دەدەن زۆترین نازناو بەدەست بهێنن.

کرۆس زیاتر دەڵێت: ژمارەیەک یاریزانی لاو هاتونەتە پێشەوە، دەبێ ئەمان لەوە بگەن کە یاریزانی یانەی ریال مەدریدن، لەلایەکی دیکەشەوە دان بەوەدا دەنێین کە زەحمەتە ریال مەدرید بتوانێت وا بە ئاسانی بگەڕێتەوە دۆخ و ئاستی جارانی، بەڵام بڕوای تەواومان بەخۆمان هەیە کە هەرچی لەتواناماندا بێت هەوڵی بۆ دەدەین.



# سەرۆکی لیڤەرپوول: سەلماندمان رکابەری تەنها لە خولی ئینگلیزییە

تۆم وێرنەری سەرۆکی یانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی هێرشی کردە سەر خولی ئیتالیا و رایگەیاند کە ئەوە چ جۆرە خولێکە ماوەی 8ساڵە بەردەوام یۆڤینتۆس بەبێ رکابەر نازناوەکە دەبات.

لیدوانەکەی سەرۆکی لیڤەرپوول کە لە سایتی گۆڵی ئیتالی بڵاوکراوەتەوە هاتووە: وەرزی ڕابردوو رکابەری تا دوا جەولە لەنێوان مان سیتی و لیڤەرپوول بەردەوام بوو، بەمەش سەلماندمان کە رکابەری ڕاستەقینە لە خولی ئینگلتەرایە نەوەک لە خولەکانی تر، ئێمە نامانەوێ وەک خولی ئیتالی بین کە هەمیشە یۆڤینتۆس بەبێ رکابەر نازناوەکە مسۆگەر دەکات.

# کچانی هەڵەبجە بوونە پاڵەوانی خولی لاوانی باسکەی کوردستان

**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی باسکەی کوردستان، خولی باسکەی لاوانی کچانی یانەکانی کوردستان بەبەشداری 5یانە سەرکەوتووانە کۆتایی هات، لەخولەکەدا هەر یەک لەیانەکانی ئەکاد، ئافرۆدێت، سەنحاریب، ژیا، هەڵەبجە،بەشداریان تێدا کردبوو، لەکۆتا گەڕی خولەکەدا هەردوو تیپی باسکەی ئافرۆدێت و هەڵەبجە لەیارییەکی بەهێزدا بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا کچانی هەڵەبجە توانیان سەرکەون بەسەر کچانی ئافرۆدێت بەئەنجامی 25-30خاڵ، بەم ئەنجامەیش کچانی هەڵەبجە بوونە پاڵەوانی خولی باسکەی لاوانی کوردستان بۆ وەرزی 2018-2019، هەردوو تیپی ئەکاد وسەنحاریب بۆ دەستنیشانکردنی پلەی سێیەمی خولەکە ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، لەئەنجامدا کچانی ئەکاد توانیان بە-45 15خاڵ لەکچانی سەنحاریب ببەنەوە و پلەی سێیەمی خولەکەیان بەرکەوت.

# مێسی: هەموومان بۆ بردنەوەی نازناوەکان دەجەنگین



لیۆنێل مێسی، ئەستێرە و کاپتنی بەرشلۆنە، پێش دەست پێ کردنی یاریی نێوان بەرشلۆنە و ئارسنالّ لە جامی خوان گامپەر، لە نێو یاریگەی کامپ نودا، لێدوانی بۆ هاندەرانی نێو یاریگە و یانەکە بە گشتی دا. لیۆ دووپاتی کردەوە، پەشیمان نیم لەو بەڵێنانەی وەرزی ڕابردوو بە ئێوەمان دا، ئەویش بەڵێنی بەدەستهێنانی هەمو نازناوەکان بوو، لە سەرووی هەموشیانەوە، نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، کە لە کۆتاییدا تەنیا نازناوی لیگایان بەدەستهێنا.

مێسی وتی:" ڕاستییەکەی ئەستەمە ئەمڕۆکە بتوانم شتێک بڵێم، دوای ئەوەی لە وەرزی ڕابردوو ڕووی دا، بەڵام لەهیچ شتێک پەشیمان نیم و، بۆ ئەم وەرزەش هەمان بەڵێنتان پێ دەدەمەوە. متمانەم بەو تیپە و یاریزانەکان و تیمی هونەری هەیە". وتیشی:"هیچ گومانم نییە، هەموومان بۆ بردنەوەی هەموو نازناوەکان دەجەنگینەوە. وەزری ڕابردوو بە تاڵی کۆتایی هات، بەڵام دەبێت ڕێز لە دەستکەوتەکانمان بگرین، ئەویش بەدەستهێنانی 8نازناوی لیگایە لە 11وەرزدا". هەروەها وتی:" بەدەستهێنانی ئەوهەموو نازناوە لەو ماوەیەدا، لەهەر یانەیەکی دیکە بێت، دەبێتە شتێکی نەکردە، لەوانەیە ئەوەندە دلێر نەبووبین، بۆ ئەوەی لەسەر هەموو شتێک بجەنگین، بەڵام ئەمسالّ جیاواز دەبێت". لیۆ لە کۆتاییدا وتی:"ئێمە لەگەلّ ئامانجی تازە داین، هیواخوازین بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکان، لەسەر هەمان ڕێچکەدا بڕۆین، بڕی بەرشلۆنە و بڕی کەتەلۆنیا".

**ڕەمزی میرەکانی**

# کچە وەرزشوانێکی عەرەب لەپاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا نوێنەرایەتی ئیسرائیل دەکات



**خەبات / مەریوان نەقشبەندی**

کچە وەرزشوانێکی عەرەب لەیاری بازی بەرز(الویب العالی) لەپاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکاندا نوێنەرایەتی ئیسرائیل دەکات و هەموو ئەو ڕەخنانەش ڕەتدەکاتەوە کە لەلایەن عەرەبە فەلەستینیەکانەوە ئاراستەی دەکرێت.خاتو حەنین نەسار تەمەن 22 ساڵ ئەو کچە وەرزشوانە عەرەبەی نیشتەجێی ولاتی ئیسرائیلە کە لەپاڵەوانێتی ئەوروپا بۆ یاری بازی بەرز کە لەولاتی سوید بەڕێوەچوو، بە پاسەپۆرتی ئیسرائیلی و ئالای ئیسرائیلەوە لە 11ی مانگی ڕابردوو نوێنەرایەتی ئیسرائیلی کرد و پلەیەکی باشی بەدەستهێنا و بە بەرزی مەترێک و 80 سانتیمەتر بازیدا و بووە جێگەی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەم کچە وەرزشوانە پاڵەوانە کە لە (عەرەبەکانی 48) ی گوندی عەرابە ی ئیسرائیلە و لەخانەوادەیەکی موسڵمانە، هەموو ئەو ڕەخنانەی ڕەتکردەوە کە لە هەندێک ناوەندی فەلەستینی و عەرەبی و ئیسلامی ئاراستەی کراوە و دەڵێت: :ئامادەنیم لەپێناو موزایەدەی ئەم و ئەو واز لەنوێنەرایەتی ئیسرائیل و پێشکەوتنم لەم وەرزشە بێنم، زیاتر گوتی: من لەوڵاتێکدا دەژیم ناوی ئیسرائیلە و پاسەپۆرتەکەشم ئیسرائیلیە و هەموو ئازادی و گوزەرانێکی شایستەی بۆ خۆم و خانەوادەکەم دابین کردووە.

محەمەد کبها چالاکوانی سیاسی عەرەبی لەبزوتنەوەی حەیفا لەسەر ئەم نوێنەرایەتیەی حەنین نەسار بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل دەڵێت: ئێمە دەمانەوێ هەموو عەرەبێک موقاتەعەی ئابووری و ڕۆشنبیری ئیسرائیل بکات بۆیە بەم نوێنەرایەتیکردنەی خاتو حەنین، گوزرێکی گەورە لەهەوڵەکانمان دەدرێت و ڕەنگە زۆری تریش چاوی لێبکەن. بەڵام تەمیم ئەبو خەیت ڕۆژنامەنوسی عەرەبی فەلەستین پێچەوانەی ئەم تێڕوانینە قسە دەکات و لەنوسینێکدا لەپێگەی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نوسیوێتی: ناکرێ لەپێناو بەدەستهێنانی کورسیەکی عەرەبی لەپەرلەمانی ئیسرائیل موزایەدە بەسەر ئەم کچە وەرزشوانە عەرەبە موسڵمانە بکرێت و دەبێ ڕێگەی سەرکەوتنی لەم بوارەدا لێنەگیرێت .

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 7. Aug. 2019 No: (5806)
ناوبنیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





## نووسەران پێشڕەوی کۆمەڵن

**بەرهەم :**

ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ پێشانگەیەکی تایبەت بە وێنەی نووسەران دەکاتەوە،شێرزاد ڕەسوڵ فەقێ جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ بە ڕۆژنامەی «خەبات» ی ڕاگەیاند: بۆ دەرخستنی پێشڕەوی نووسەران، پێشەنگایەکی بەردەوام لە کتێبخانەی ئەمەژۆن دەکەینەوە، کە پێکهاتووە لە چەند وێنەیەکی شاعیرو ئەدیب و وەرگێڕو نووسەران. لە پێشانگەکەدا بەرهەمی حەقدە فۆتۆگرافەر نمایش دەکرێت ،هەر یەک لەم فۆتۆگرافەرانە بە وێنەی نووسەرێک بەشداری کردووە و ئەمڕۆ چوارشەمە بەبۆنەی کردنەوەی کتێبخانەی ئەمەژۆن لە شاری سلێمانی پێشانگەکە دەکرێتەوە.

### میدیا زەندی:

# حەسەن زیرەک (28) ژنی هێناوە نەک (36) ژن!!

**چاوپێکەوتنی: عەبدولڕەحمان چاشا**

دیارە گۆرانیبێژی کوردی بەناوبانگ خوالێخۆشبوو حەسەن زیرەک، (28) ژنی هێنابوو، ئەم چاوپێکەوتنەش بەر لە (28) ساڵ ئەنجام دراوە، نازانم ئایا خانم میدیا زەندی کە ئەم چاوپێکەوتنەم لەگەڵیدا، لەو کاتەی، تۆمار کردووە، تا ئێستا ماوە یان نا. هیوادارم - ئەگەر مابێت - خوا تەمەنی درێژ بکات و ئەگەر مردووش بێت، خوا عەفووی بکات. لەم چاوپێکەوتنە کورتەدا، هەندێک لەگەڵ خێزانی (ژمارە 27)ی خوالێخۆشبوو (حەسەن زیرەک) دەدوێین، هیوادارم بە دڵی خوێنەرانی خۆشەویست بێت:

*** ئێمە (حەسەن زیرەک) وەکو گۆرانیبێژێکی ڕەسەن دەناسین، خانم میدیا زەندی چۆن ئەو دەناسێنێ؟ زیرەک بە ڕای تۆ کێ بوو؟**

- من زیرەک وەکو هونەرمەندێک ئەزانم، کە بەدەنگی خۆی کورد دەناسێنێ... حەسەن زیرەک مێردی خۆشەویستم بوو.

*** ئەی ئەگەر بپرسین (میدیا زەندی) کێیە؟**

- من کچی عەزیزوللا (زەندیم) کە کوردێکی ناسراوە و بەر لە بیست ساڵ (فەوتی) کردووە. (دووبارە، ئەم چاوپێکەوتنە بەر لە 28 ساڵ ئەنجام دراوە).

*** لە ساڵی 1958ەوە مێردت بە (حەسەن زیرەک) کردووە، دەتوانین بڵێین سەرەتایەکەتان چۆن بوو؟**

- (حەسەن زیرەک) بابی منی دەناسی و پەیوەندیی لەگەڵیدا هەبوو، بە بیرم دێ یەکەم جار کە (زیرەک)م ناسی، لە مەکتەب گەرابوومەوە بۆ ماڵ، دیتم پیاوێک بە جلوبەرگی کوردی لە ماڵمان دانیشتبوو، گوتیان (ئەمە حەسەن زیرەکە). سەرەتایەکەمان ئاوها بوو، من (حەسەن)م باش نەدەناسی.

*** گوایە (حەسەن زیرەک) 36ژنی هیناوە، ڕابیعە و عەدەوییە و میدیا و زینێ، کێیان تر لە یادت ماوە؟**

- من تەنیا (ڕابیعە)م بینیوە، ئەوانی تر ناویان نازانم، دروستە (حەسەن) ژنی زۆر هێناوە بەڵام ژمارەی ژنەکانی (28) ژنە نەک (36)! و ئاخرین ژنی (لە دوای من) ڕابیعە بووە کە لە 1351/4/4 هێناویەتی.

*** (حەسەن زیرەک) لە /26 6/ 1972 کۆچی دوایی کرد، چیی لە دوای خۆی بەجێ هێشت؟**

- (چریکەی کوردستان) کە من نووسیومە.

*** ئەی چی دەربارەی (ئارەزو)و (ساکار)؟**

- هەردوکیان کچی منن، ئارەزوو تەمەنی 32 ساڵە و مێردی بە کوردێکی مەهابادی کردووە و دوو منداڵی هەیە بە ناوی (ئیحسان) و (ئاندیا). ساکاریش (30) ساڵانەیە و هێشتا میردی نەکردووە و لە لای خۆمە.

*** بە مەزەندەی تۆ، کێ چێگری حەسەن زیرەکە لە گۆرانی کوردیدا؟**

- زیرەک (بلیمەتێک) بوو بێ وێنە چونکە هۆنراوە و ئاهەنگی بۆ خۆی سازدەکرد و هیچ سەوادی نەبوو، نە خوێندەوار بوو.

*** ئێستا کێ بە پێشەنگی گۆرانی کوردی دادەنێی وئەم ناوانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

شڤان، مەملێ، حەمە جەزا، شارۆخی، ڕەزازی، عایشە شان، خالقی، مەحەمەد عارف، قادر زیرەک؟

- هونەرمەندان جێگای ڕێز لێنانن و هەموویان دەنگ خۆشن.

بەراستی هەر گوڵێک بۆنێکی هەیە و (قادر زیرەک)یش خزمی حەسەن زیرەک نییە!

*** ئایا (حەسەن زیرەک) هیچ گۆرانییەکی بڵاونەکراوەی لێ بەجێ ماوە؟**

- نەخێر، هیچ گۆرانی بلاو نەکراوەی نەماوە؟

## پەرتووکخانەیەک حەسرەتی ئاوارەیی شنگالییەکان کەم دەکاتەوە



کچە ئاوارەیەکی شنگال لەسەر تێچووی خۆی پەرتووکخانەیەکی لە کەمپی بێرسڤ٢ی ئاوارەکانی شنگال سنووری قەزای زاخۆ کردووەتەوە و تا ئێستا زیاتر لە سێ هەزار پەرتووکی جۆراوجۆری بۆ پەرتووکخانەکە دابینکردووە.

ئەمیرە عەتۆ سلێمان ناسراو بە ئەمیرە شنگالی کچە ئاوارەیەکە کە هاتنی پێش داعش دانیشتووی کۆمەڵگەی خانەسۆری سەربە قەزای شنگال بوو، ئەو ئێستا لە کەمپی بێرسڤ ٢ی ئاوارەکانی شنگال لە سنووری قەزای زاخۆ نیشتەجێیە و دەیەوێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی پەرتووکەوە کۆمەڵگە بە گشتی بە تایبەت کوردانی ئێزدی هۆشیارتر بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر تێچووی خۆی پەرتووکخانەیەکی کردووەتەوە و دەڵێت "ئەگەر پاڵپشتی مادەی و مەعنەویم بکرێت، لە سەرجەم کەمپەکان پەرتووکخانە دەخەمە خزمەت ئاوارەکان".ئەمیرە شنگالی لە ساڵی ٢٠١٤ لە قوتابخانەدا بە ئومێدی زۆرەوە لە قوتابخانە لە پۆلی نۆی بنەڕەتی دەیخوێند، بە ئاواتبوو خوێندن بە سەرکەوتوویی تەواو بکات، کەچی شەوی ٣ی ئابی هەمان ساڵ داعش پەلامارى شنگالیدا ئەویش هاوشێوەی هەزاران کوردی ئێزدی خۆیان گەیاندە چیای شنگال و دواتر ئاوارەی سنووری پارێزگای دهۆک بوون.نەهامەتییەکانی ئاوارەیی و ناسۆری ژیانی کەمپ و سەرمای زستان و گەرمای هاوین و خراپی دۆخی دارایی خانەوادەکەی نەیتوانی چۆک بە ئەمیرە شنگالی دانێت و دەستبەردارى خەونەکانی نەبوو، لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی مرۆیی بەرامبەر بڕە پارەیەک دەستی بەکار کردن کرد، لەئێستادا لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی جۆرەها پەرتووک و گۆڤار هۆشیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، تەندروستی، پەروەردەیی بڵاودەکاتەوە وەک خۆی دەڵێت "ئامانجی خزمەتکردنی هەموو چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگەیە".

ئەمیرە شنگالی گوتی: "دوای ئەوەی داعش ئەو کارەساتە مرۆییەی گەورەی بەسەر پێکهاتەی کوردی ئێزدی و تایبەت شنگالییەکانی هێنا، منیش هەروەکو شنگالییەکانی دیکە ئاوارەبووم و زۆرم ناخۆشی چەشت، ڕۆژانە بە چاوی خۆم دەمبینی کە ڕەشبینی لەنێو ئاوارەکاندا لە پەرەسەندنداید و تۆوی ڕق و کینە تەشەنە دەسەنێت، پێش نزیکەی ساڵێکە بڕیارمدا کە لە ڕێگەی پەرتووکخانەیەک ڕووبەڕووی ڕەشبینی ئاوارەکان ببمەوە لەنێو کەمپی بێرسڤێ ٢ی ئاوارەکانی شنگال لە سنووری قەزای زاخۆ".

ئەو گوتیشی: "من لەسەر تێچووی خۆم تا ئێستا زیاتر لە سێ هەزار پەرتووک و گۆڤار هۆشیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، تەندروستی، پەروەردەیی بڵاودەکاتەوە وەک خۆی دەڵێت "ئامانجی خزمەتکردنی هەموو چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگەیە".

ئەمیرە شنگالی گوتی: "دوای ئەوەی داعش ئەو کارەساتە مرۆییەی گەورەی بەسەر پێکهاتەی کوردی ئێزدی و تایبەت شنگالییەکانی هێنا، منیش هەروەکو شنگالییەکانی دیکە ئاوارەبووم و زۆرم ناخۆشی چەشت، ڕۆژانە بە چاوی خۆم دەمبینی کە ڕەشبینی لەنێو ئاوارەکاندا لە پەرەسەندنداید و تۆوی ڕق و کینە تەشەنە دەسەنێت، پێش نزیکەی ساڵێکە بڕیارمدا کە لە ڕێگەی پەرتووکخانەیەک ڕووبەڕووی ڕەشبینی ئاوارەکان ببمەوە لەنێو کەمپی بێرسڤێ ٢ی ئاوارەکانی شنگال لە سنووری قەزای زاخۆ".

ئەو گوتیشی: "من لەسەر تێچووی خۆم تا ئێستا زیاتر لە سێ هەزار پەرتووک و گۆڤار هۆشیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، تەندروستی، پەروەردەیی بڵاودەکاتەوە وەک خۆی دەڵێت "ئامانجی خزمەتکردنی هەموو چین و تۆیژەکانی کۆمەڵگەیە".

نزیکەی ٤٠٠ گۆڤارم بۆ پەرتووکخانەکەم دابینکردووە، بابەتەکان هەمەجۆرن، بەڵام زیاتر سەرنجمان لەسەر ئەو پەرتووکانەیە کە باس لە کارەسات و کۆمەڵکوژی شنگال، فرۆشتنی کچ و ژنانی ئێزدی لە بازارەکانی مووسڵ و ڕەقە، ئاوارەبوون و نەهامەتییەکان دەکەن، ئامانجیش لێی زیاتر ئاشنابوونە بەڕاستی ڕووداوەکان و چۆنییەتی مامەڵەکردن و خۆگونجان و زاڵبوونە بەسەر دۆخێکی وەها نەخوازراو".ئەمیرە شنگالی ئاماژەی بەوەدا کە پڕۆژەکەی سەرکەوتوو بووە و دەڵێت "ڕۆژانە دەیان ئاوارە لە تەمەنی جیاواز بە هەردوو ڕەگەزیشەوە سەردانی پەرتووکخانەکەم دەکەن بەشێکیان لە پەرتووکخانەکەدا پەرتووک دەخوێننەوە و بەشێکی دیکەشیان پەرتووک لەگەڵ خۆیان دەبنەوە نێو خێوەتەکانیان، ئامانجی منیش سوود بینینە لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکان".مندالانی تەمەن شەش بۆ ١٢ ساڵ بە هەزێکی زۆرەوە پەیتا پەیتا سەردانی پەرتووکخانەی ئەمیرە شنگالی دەکەن بۆ ئەوەی لە پەرتووکخانەکەدا فێری بابەتی نوێ بن، لەمبارەیەوە ئەمیرە شنگالی دەڵێت "سەرنجێکی زۆرمان لەسەر منداڵانە، چونکە نامانەوێت لە خوێندن و خوێندنەوە دابڕێن، هەمیشە ڕێنمویی ئەوەیان دەکەم کە بەردەوام بن لە خوێندن و خوێندنەوە". کەمپی بێرسڤ ٢ دەکەوێتە سنووری قەزای زاخۆ زیاتر لە هەزار و٧٤٧ خێزانی شنگالی لە خۆی دەگرێت کە دەکاتە ٨ هەزار و ٩٢١ ئاوارە، ئەمیرە شنگالی یەکێک لە ئاوارەکانی ئەم کەمپەیە لە خێزانێکی شەش کەسی سادە و هەژار هەڵکەوتووە بەیانیان دەچێتە دەوام لە ڕێکخراوێکی خێرخوازی بۆ ئەوەی بڕە پارەیەکی دەستکەوێت و تاوەکو خزمەتی دایک، باوک، خوشک و براکانی و پەرتوکخانەکەی بکات.

ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر پاڵپشتی مادەی بکرێت پەرتووکخانەکەی فراوانتر دەکات و لە سەرجەم کەمپەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان پەرتووکخانە بە مەبەستی ئاشتی و پێکەوەژیان دەخاتە خزمەت ئاوارە و پەنابەران.

## «ئیناس و پیاوەکانی خەلیفە» بلاوکرایەوە




لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕۆمانی (ئیناس و پیاوەکانی خەلیفە) لە نووسینی شاخەوان برایم عەبدوڵا بلاوکرایەوە، ڕۆمانەکە لە هەشت بەش و 206لاپەڕە پێکهاتووە و لە چاپخانەی ڕۆکسانا لە شاری هەولێر چاپکراوە، لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستانیش ژمارەی سپاردنی (679)ی ساڵی 2019ی پێدراوە، نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆکیشی لەلایەن شکار عەفان نەقشبەندی بۆ کراوە. بە گوتەی شاخەوان برایم عەبدوڵا، ڕۆمانی ئیناس و پیاوەکانی خەلیفە، باس لە جنێۆسایدی ئێزیدییەکانی شنگال و دەستدرێژی بۆ سەر کچان و ژنانی ئێزیدی دەکات، هەروەها دەیان ڕووداوی دیکەش کە بەهۆی هاتنی داعشەوە ڕوویانداوە، بوونەتە هەوێنی چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە، بەڵام گێڕانەوەی ڕووداوەکانی داعش نییە وەک ئەوەی ڕوویانداوە، بەڵکو بەشێوەیەک کە خەیاڵ و واقیع تێکەڵکراوە بە فۆرمێکی ئەدەبی باس لەو کارەسات کراوە، بە تایبەتی پرسی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچان و ژنانی ئێزیدی لایەنێکی دیاری چیرۆکەکانی ڕۆمانەکە پێک دەهێنێت. گوتیشی: لە ڕووی سیاسییەوە و بە تایبەتی لە میدیا قسەی زۆر لەسەر داعش کران، بەڵام لە ئەدەبیاتدا بە کەمی ئاوڕ لەو ڕووداوانە دراوەتەوە.ئیناس، کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە، کچێکی شنگالییە و دەکەوێتە ژێر چنگی چەکدارانی داعش، دایک و باوکی و برای، دەکوژرێن، خۆیشی وەک کەنیزەک سەردتا دەکەوێتە ژێر دەستی ئەمیرێکی داعش و دواتر بە شێوەی فرۆشتن و دیاری، دەکەوێتە ژێر دەستی چەند ئەمیرێکی دیکەوە، لە ڕێگەی ئیناسەوە خوێنەر هەست بە ئازاری بەشێک لە ژنان و کچانی ڕفێندراوی ئێزیدی و هەروەها تاوانەکانی داعش دەکات. جێی ئاماژەیە ئەمە پێنجەمین کتابی هاوکارمان شاخەوان برایم عەبدوڵایە، لێرەوە دەڵێین پیرۆزە.